MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# هەندێك لە ئاكارە رەنگینەكانی
# رێزمانی كوردی

# هەندێك لە ئاكارە رەنگینەكانی رێزمانی كوردی

پرۆفیسۆری هاریكار

د. شێركۆ بابان



دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

**هەندێك لە ئاكارە رەنگینەكانی رێزمانی كوردی**

- نووسینی: پرۆفیسۆری هاریكار د. شێركۆ بابان
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: محەمەد هاشم
- ژمارەی سپاردن: ١٨٣١
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەكەم ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی كتێب (٣٤٨)

هەموو مافێكی بۆ دەزگای موكریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەرۆك


گوتەیەك .... ١

١- دەمكاتی كار واتای كاری (سووتان) دەگۆڕێت .... ٣

٢- دەروازەی والآی (بوون: كردن) .... ٩

٣- سەرچاوەی ئاڵ و گۆڕ لە ئەركی جێناوی لكاودا .... ١٣

٤- سێتە جێناو و سێتایەتی لە ڕێزمانی جێناودا .... ١٩

٥- سێتە جێناوی (م , یت , ـە , ین , ن , ن) یان ڕێژەكانی .... ٢٧

٦- ناسینەوەی مۆرفیمی ئێستایی, یان ناسینەوەی كاری (بوون) .... ٣٣

٧- روخساری مۆرفیمی ئێستایی (ـە) سادە نییە .... ٣٨

٨- مۆرفیمی ئێستایی (ـە) جێناو نییە .... ٤٣

٩- باری دوورتر و نزیك تر لە ڕێزمانی جێناودا .... ٤٩

١٠- ئامرازی ئاماژە لە ناخی بیردا خانەیەكی بۆش هەڵدەگرێت .... ٥٣

١١- لە ئامرازی ئاماژەدا, نیشانەی كۆ (ان) تایبەتمەندی خۆی هەیە.... ٥٩

١٢- ئامرازی ئاماژە باری نزیكتری هەیە نەك دوورتر.... ٦٥

١٣- بزاڤی تەرخانكردن لە قەوارەی ئاوەڵناودا.... ٦٩

١٤- ئامرازی بەستن دوو روخساری هەیە بۆ ئاوەڵناو.... ٧٤

١٥- جێناوی كەسی سێیەم بریتییە لە بنەواشە بۆ چەند بابەتێكی تر.... ٧٨

١٦- تایبەتمەندی لەوەرچەرخانی كاری (بوونی ئێستایی)دا .... ٨٧





١٧- تایبەتمەندی لەوەرچەرخانی كاری (هەبوون)دا .... ٩٤

١٨- تایبەتمەندی لە وەرچەرخانی كاری (بوونی بوونایەتی)دا.... ١٠٢

١٩- جێناوی (جودا) جێناوی لكاوی خۆی پەسند ناكات.... ١٠٧

٢٠- ئامرازی پەیوەندی هەم جێناوی (جودا) و هەم جێناوی لكاو .... ١١١

٢١- ئامرازەكانی پەیوەندی (لە) و (بە) دیوی لكاویان هەیە.... ١١٥

٢٢- ئامرازی (ـە) رووداوی كار راگوێزدەكات بۆلای (ئاوەڵكار).... ١١٩

٢٣- تێ ڕامانێك لە ڕێزمانی ئامرازی (كوا؟).... ١٢٣

٢٤- كۆلكەی (بەركار) دەچێتە سەر چاوگ ودەچێتە سەر (ناوی بكەر).... ١٢٨

## گوتەیەک

وەك لە نووسینەکانی پێشتردا گوتوومانە، ئەگەر ڕێزمانی هەر زمانێك بشوبهێنین بە کۆتاڵێکی گوڵدار، ئەوا لە نێوان ڕێزمانی زماناندا زۆر بابەتی هاوبەش هەیە، چونکە زمانەکان تەختەکانیان لە یەکتری دەچن، بەڵام گوڵەکانیان جیاوازن لە یەکتری. بە واتایەکی دی، هەر زمانێك تەختی هاوبەشی هەیە لەگەڵ زمانانی تردا و دەشێت ڕێزمانی ئەو تەختە بتوانێت خزمەتی ڕێزمانی زمانانی تر بکات. لەگەڵ ئەو تەختە هاوبەشەدا، هەر زمانێك گوڵی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو گوڵانە بریتین لە مۆرکە ڕەسەن و جوانەکانی و ڕێزمانی ئەو مۆرکانەش دەبن بە ڕێزمانی ڕەسەنی ئەو زمانە. ڕێزمانی کوردیش بە ڕێزمانی زمانانی تر تەختە هاوبەشەکەی بە جوانی لێك دراوەتەوە، بەڵام مۆرکە جوان و ڕەسەنەکانی زۆر بێ خزمەتن و ئەگەر لێك درابێتنەوە، ئەوا بە نارێکی و بە چەواشەیی خراونەتە ڕوو، چونکە ڕێزمانی زمانێکی تر بە هیچ جۆرێك دادی مۆرکە جوان و ڕەسەنەکانی زمانی کوردی نادات. ئەو جۆرە بابەتانە دەبێت بە ڕێزمانی ڕەسەنی کوردی لێك بدرێنەوە نەك بە پینە و پەڕۆی زمانێکی تر. بە داخەوە، ئەو ڕێزمانە هێشتا دروست نەبووە و ئەگەر دروست بووبێت، هێشتا قاوغە کۆنەکەی نەشکاندووە. هەر لەبەر ئەوە، لە ئەم نووسینەدا، ڕوو دەکەین لە ئاکارە جوانەکان و لە مۆرکە ڕەسەنەکان و لە ئەو ڕێزمانە ڕەسەنەی کە بتوانێت کێشەکان هەرس بکات. ئەوەش لەیاد نەکەین کە ڕێزمانی هەر مۆرکێك بووە بە (بڤڤە) و بووە بە مەتەڵێکی بێ شیکار. بۆ نموونە، ئەو ڕێزمانەی کە ئێستا دەخوێنرێت پاکۆی ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) نادات و کێشەیەکی گەورە دروستبووە لە ئەو بابەتەدا.



بێگومان، گوتنەوەی ڕێزمانی ڕستە (ڕستە سازی) بەبێ ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی زۆر دژوارە و مەگەر هەندێك لە ڕووبەرەکان بپەڕێنرێت، وەك دەپەڕێنرێت. لە لایەکی ترەوە. هەندێك لە مامۆستایان دەڵێن: قوتابیان پرسیاریان زۆر هەیە و ئێمەش وەڵامان پێ نییە چونکە لە کاتی خۆیدا نەمان خوێندووە.

دەبا بە هەنگاوێکی ڕاست و دروست دەست پێ بکەین و ڕووبکەین لە ڕێزمانێکی کوردی ڕەسەن. ڕێزمانێك کە دادی ئاکارە جوانەکان و مۆرکە تایبەتییەکان بدات. ڕێزمانێك کە زمانەکەمان لا شیرین بکات. واتە، ڕێزمانێکی ورد و سفت و مشت و ماڵ کراو. بە بۆچوونی ئێمە، ئەو کەسەی بە ڕێزمانێکی زمانێکی تر دەستی برد بێت بۆ مۆرکەکان، ئەوا دەستی لە بابەتەکە نەخونچاوە و بەئاشکرا دیارە کە تیلەکەی خرچاوە.

## (١)
## دەمكاتی كار واتای كاری (سووتان) دەگۆڕێت

**پوختە:**

یەكێك لە مۆركە جوانەكانی ڕێزمانی كوردی بریتییە لە ئەو ڕاستییەی كە لە بوارێكی بەرتەسكدا، دەمكاتی كار، وەك دەمكاتی ڕانەبردوو و دەمكاتی ڕابردوو، بۆی هەیە واتا بگۆڕێت. هەر بۆ پراوە ڕستەی (گڵۆپەكە سووتا) واتای تەواو بوونی تەمەنی (گڵۆپەكە) دەگەیەنێت، بەڵام ڕستەی (گڵۆپەكە دەسووتێت) واتای ڕووناكی بەخشین زاڵدەكات، نەك واتای (لە كار كەوتن). بەسەرنجێكی هوردو ژیرانە، دەردەكەوێت كە جیاوازی (دەمكات) دوو واتای دژیەكی سەپاندووە.[1]

**شیكار**

لەدوو نموونەدا، وەك ئەمانەی خوارەوە، دەمكاتەكان جیاوازی واتاییان سەپاندووە:

- دەمكاتی ڕانەبردوو:

**گڵۆپەكە دەسووتێت**

(١) : بۆ زانیاری پتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە بۆ (گەشتێك بە نێو واتای كاری سوتاندا)، گۆڤاری ڕۆشنبیری كوردستانی، ژمارە (٢)، هەولێر ٢٠٠٠.



- دەمكاتی ڕابردوو:

**گڵۆپەكە سووتا**

لە دەمكاتی ڕانەبردوودا، ڕستەی (گڵۆپەكە دەسوتێت) واتای (ڕووناكی بەخشین) دەچەسپێت، بەڵام لە ڕستەی دووەم دا، كە دەمكاتەكەی ڕابردووە، ڕستەی (گڵۆپەكە سووتا ) واتای (وەستان لە ڕووناكی بەخشین) دەچەسپێت. ئێستا، ئەگەر هەردوو ڕستەكە بەراورد بكەین، دەبینین هیچ جیاوازییەك لە ئارادا نییە مەگەر تەنها و تەنها هەر دەمكاتیان یەكسان نەبێت. واتە، ڕستەی یەكەم لە دەمكاتی ڕانەبردوودایە و ڕستەی دووەم لە دەمكاتی ڕابردوودایە. لەگەڵ گشت ئەوەشدا، هەر دوو ڕستەكە هیچ ئاوەڵكارێك یان ئاوەڵگوزارەیەك هەڵناگرن، تا بگوترێت، تەشەنەی ئەو بابەتە ڕێزمانییە ڕەنگی داوەتەوە لە ڕستەكاندا. ئێستاش، دەتوانین بابەتەكە بەرینتر بكەینەوە و ڕابردووەكانی تر وەربگرین، وەك:

١- دەمكاتی ڕانەبردوو:

**گڵۆپەكە دەسووتێت**

٢- ڕابردووی نزیك:

گڵۆپەكە سووتا

٣- ڕابردووی بەردەوام:

**گڵۆپەكە دەسووتا**

٤- ڕابردووی دوور:

گڵۆپەكە سووتابوو

٥- ڕابردووی تەواو:

**گڵۆپەكە سووتاوە**

له بەراوردکردنی ئەو نموونانەدا، دەبینین کە دابەش دەبن بەسەر دوو کۆمەڵدا، وەك:

| واتای وزە بەخشین<br>(رووناکی بەخشین) | واتای وەستان لە وزە بەخشین<br>( رووناکی نەبەخشین) |
| --- | --- |
| ١- دەمکاتی رانەبردوو:<br>گڵۆپەکە دەسووتێت<br>٣- رابردووی بەردەوام:<br>گڵۆپەکە دەسووتا | ٢- رابرددوی نزیك<br>گڵۆپەکە سووتا<br>٤- رابردووی دوور<br>گڵۆپەکە سووتابوو<br>٥- رابردووی تەواو:<br>گڵۆپەکە سووتاوە |

لە ئەم ئاستەدا، ئەگەر ئەو دوو کۆمەڵە رستەیە بەراورد بکەین کە واتاکانیان دژیەك وەستاون، دەبینین جیاوازییەك هەیە لە نێوانیاندا. ئەوانەی کە واتای (وزەی رووناکی بەخشین ) هەڵدەگرن، بە ئاشکرا پێشگری بەردەوامی (دە) هەڵدەگرن و ئەوانەی کە واتای پێچەوانە دەبەخشن، ئەو پێشگرە هەڵناگرن. کەواتە، نهێنی ئەم دیاردەیە بە دیاریکراوی لە پێشگری بەردەوامی (دە)دا گەمارۆ دەدرێت. لە لایەکی ترەوە، دەتوانین واز لە دەمکاتی رانەبردوو بهێنین و تەنها لە رووبەری رابردوودا بیر بگوشین، لەبەر ئەوەی رەنگە بگوترێت لە نێوان رانەبردوو و رابردوودا جیاوازییەکی تر هەیە. لە رانەبردوودا جێناوە لکاوەکە بریتییە لە (ێت) و لە رابردووەکاندا بریتییە لە رووخسارێکی نادیار (---). بێگومان، ئەم جیاوازییە هیچ ناگۆڕێت و دەتوانین هەر لە رابردوودا، هەردوو نموونەی رابردووی نزیك و رابردووی بەردەوام بەراورد بکەین، کە بەهیچ جۆرێك جیاوازیان نییە، مەگەر لە ئاستی پێشکاری (دە)دا، وەك:

- رابردووی نزیك:



**گڵۆپەکە (-) سووتا**

- رابردووی بەردەوام:

**گڵۆپەکە (دە) سووتا**

بە جوانی دیارە کە واتای هەر دوو رستەکە لە یەکتری دەترازێن و پیشکاری (دە) واتای ( رووناکی بەخشین) دەخاتە گەڕ. ئەوەش لە یاد نەکەین کە رابردووی نزیك (گڵۆپەکە سووتا) بریتییە لە بنەتای رابردووی بەردەوام (گڵۆپەکە دەسووتا) و بریتییە لە هی رابردووەکانی تر.

لە ئەم رووەوە، بۆمان هەیە بابەتەکە بکەین بە نیگارێك و دوو رێچکەی تێدا دیارییبکەین، وەك:




لە ئەم نەخشەیەدا، تێپەرین بە دیوی پێشکاری (دە)دا واتای (رووناکی بەخشین) دەخاتە گەڕ وتێپەرین بە دیوەکەی تردا، واتای مردن و تەواوبوونی تەمەنی گڵۆپەکە دەخاتە گەڕ. بێگومان، هێشتا زمانەوانی زۆری ماوە بیبڕێت و هێشتا رووبەرەکانی واتاسازی لە زمانی کوردیدا ڕانەماڵراوە، یان جوانتر بڵێین، نەدەستی بۆ براوە و نە نیەتی لێهێنراوە. ئەگەرنا، رەگەزی بەردەوامی (دە) لە ژێر میکرۆسکۆپی رێزمانیدا، دەگاتەوە بە رەگەزە واتاسازییەکان و جێی خۆی دەکاتەوە لە ئەو نەخشە چڵ چڵەدا

که دیرۆکی واتای کاری ( سووتان)ی پێدا تێپەڕیوە. لە راستیدا، سووڕی واتادانەوەی کاری (سووتان) زۆر ئاڵۆزە و لە ئەو بارەدا کە واتای رستەی (گڵۆپەکە سووتا) دەچەسپێت واتای (بێ کەڵك بوون و بێ بڕشت بوون) دەچەسپێت ،یان واتای (ئێکسپایەر) بوون دەچەسپێت، وەك:

سووتان ← سەڵاوەکەم سووتا

سووتان ← ئەم چەکە (ئەم پارەیە) سووتاوە

سووتان ← ئەم دەرمانە سووتاوە

سووتان ← ئەم فلیمە سووتاوە

ئەم رستەیەی کۆتایی، جارێکی تر بووە بە ئیدیۆم، وەك:

ئەو کەسانە فلیمیان سووتاوە

واتە، باویان نەماوە و کەس بایەخیان پێ نادات.



## بەرەنجام

- لەئەو بوارەدا کەکاری (سووتان) واتای (رووناکی بەخشین) دەداتەوە، دەشێت دەمکاتی رستە واتای کارەکە بگۆڕێت.
- ئەگەر رستەکە لە (رانەبردوو) و لە (رابردووی بەردەوام)دا بوو، ئەوا پێشکاری بەردەوامی (دە) لە ریزەکەدایە و واتای بەردەوام بوون لەدیاردەی (رووناکی بەخشین) دەچەسپێت.
- ئەگەر رستەکە لەرابردووی (نزیك، دوور، تەواو)دا بوو، ئەوا واتای (لەکار کەوتن) زاڵدەبێت.
- ئەم سیما دەگمەنە زۆر زۆر بەرتەسك و هوردو میکرۆسکۆپییە، هەر لەبەرئەوە، زۆر بەدژواری فەرقی پێدەکرێت.
- ئەو دیاردەیەی کەلەسەر کاری (سووتان) باسکرا، لەدەرگای واتا سازییەوە پەریوەتەوە نێو بزاڤی (رستە سازی). هەر لەبەئەو هۆیە، زانیاری لەبواری واتاسازییدا زۆر پێویستە، بۆ ئەو کەسانەی کە لەئەم گەمەیە نزیك دەبنەوە.

## (٢)
## دەروازەی والآی (بوون: کردن)

### پوختە

لە سیستەمی زمانی کوردیدا، دەروازەی (بوون:کردن)[1] لە چالاکییەکی زۆر بەکار و کاریگەردایە لە بۆ سەوداکردنی (ئاوەڵناو) و بووە بە ئەو دەمەی کە پێی دەگوترێت دەمی دەرخوارد (in put). لە ئەو دەمەوە ڕێزمانەکەمان دەروازەکەی والآیە بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانانی تردا ئاڵ و گۆڕی وشەی تازەی پێ بکات. لە ئەم رووەوە، لە تەکنەلۆژیای تازەدا، زانستی کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی تر چەندین زاراوەی بەسەر میللەتانی دنیادا سەپاندووە. بۆ نموونە، زاراوەکانی (سەیڤ: save )، (کلیك: click)، ( پرنت: print)، .....هتد، هاتوونەتە ناو زمانی کوردیش، بەبێ ئەوەی پێی بزانین، ئەو کارانەی هەرسکردووە و هەر هەمووەمان بەکاری دەهێنین.

### شیکار

لەنموونەیەکی بواری کۆمپیوتەردا، وەك (سەیڤ کردن)، چەند سەرنجێکی ڕێزمانی هەیە، وەك:

**یەکەم:** دەروازەی کاری (کردن) بووە بە کارێکی تێپەڕی دارێژراو و ڕۆژانە هەر هەموومان دەی لێینەوە ، وەك:

---

(١) : بۆ زانیاری پتر، بڕوانە بۆ(کاری کردن بریتییە لە دیوە تێپەڕەکەی بوونی ڕووداودار)، گۆڤاری (کاروان) ، ژمار(١٩٥)، هەولێر ٢٠٠٥.



**سەیڤ (م) کرد: سەیڤ (ی) دەکەم**
**سەیڤ (ت) کرد: سەیڤ (ی) دەکەیت**
**سەیڤ (ی) کرد: سەیڤ (ی) دەکات**
**سەیڤ (مان)کرد: سەیڤ (ی) دەکەین**
**سەیڤ (تان) کرد: سەیڤ (ی) دەکەن**
**سەیڤ (یان) کرد: سەیڤ (ی) دەکەن**

**دووەم:** لە دەروازەی کاری (بوون)ەوە دیوی تێنەپەڕ هەڵ دەسوورێت، وەك:

**سەیڤ بوو: سەیڤ دەبێت**

بەهەمان شێوە، تێپەر و تێنەپەر بەرانبەر بە یەکتری دەوەستن، وەك:

**سەیڤ بوو: سەیڤ (م) کرد**
**پرنت بوو: پرنت (م) کرد**
**کلیك بوو : کلیك (م) کرد**

**سێیەم:** هەمان ئەو کارانەی سەرەوە دەتوانن چاوگی بکەر نادیار (سەیڤ کران) دروستبکەن، وەك:

**سەیڤ بوو: سەیڤم کرد: سەیڤ کرا**
**پرنت بوو: پرنتم کرد: پرنت کرا**
**کلیك بوو: کلیکم کرد: کلیك کرا**

کەواتە ، دەروازەکە لە سێ ڕێچکەوە دەکەوێتە کار کە بریتین لە:

**بوون : کردن : کران**

هەر سێ نموونەکەی سەرەوە بەم چەشنە دەبن بە چاوگ:

**سەیڤ بوون: سەیڤ کردن: سەیڤ کران**

**پرنت بوون: پرنت کردن: پرنت کران**

**کلیك بوون: کلیك کردن: کلیك کران**

لە راستیدا، ئەو کارانە لەسەر زاری ئەو کەسانەش هەڵدەسووڕێن کە رەخنەی لێدەگرن، هۆیەکەیش ئەوەیە کە ئێمە هێشتا (دەمی دەرخوارد) مان لە زمانەکەدا نەدۆزیتەوە بەرێزمان، بەلآم هەر هەمووومان بە زمانی شیری و بە بێ هەست پێکردن ئەو نموونانەی سەرەوە بەکار دەهێنین و لە یەکتریش تێدەگەین.

لەلایەکی ترەوە، لە زمانی عەرەبییەوە، لەسەر زاری هەر هەمووومان وشەی (خەزن) هەڵ دەسووڕێت بەلآم لە هەمان دەمی دەرخواردەوە هەرسمان کردووە. بۆ نموونە دەگوترێت:

**خەزن بوو: خەزنم کرد: خەزن کرا**

بێگومان لە زمانەکەی ئێمەدا، گەرداننامەی کاری (کردن) زۆر بەکارە و بە بێ بیرکردنەوە و بەبێ خۆماندووکردن لەسەر زمانی هەمووومان (رێژەی کار) هەڵ دەپلێنێت. دەبا، لە جیاتی ئەوەی رووبکەین لە بابەتی چەواشە و لە پینەکردنی کێشەکان بە رێزمانی زمانانی تر، کەلك وەربگرین لەم (چیکەنە)یە. ئەو چیکەنەیەی کە گەرداننامەی کارێکی تازە دەخاتە کار و ئەو کارەش کالآیەکی کوردی لەبەر



دەکات. جۆرە کاری ئاوها، رێزمانی کوردی پەسەندی دەکات، چونکە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دەچەسپێت، لە رووی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازییەوە.

ئەم دیاردەیەش بریتییە لە سیمای زیندوویی و لە سیمای چالاکی زمانەکە لە مەراتۆنی زمانە زیندووەکاندا. ئێمە لە ئەو باوەڕەداین کە دانانی وشەیەکی فەرهەنگی وەك کاری (کلیك کردن)، زۆر شیاوترە لە گەڕان بە دوای وشەیەکدا وەك (ترووکە)، کە رێگاکە زۆر دوور دەخاتەوە و رەنگە نەگات بە ئاواتی کاروانسەرای زاراوەی کوردی.

لە کۆتاییدا، کورد گوتەنی (کالآ جوانتر لە بالآ)، لە کارێك دا وەك ( سەیڤ کردن، خەزن کردن)، کالآ کوردییەکە رەنگە زۆر شەنگتر بێت لە بالآ ناکوردییەکە. یان، جارێکی دی، کورد گوتوویەتی (نیسك و نۆك و جاترە، بەربووك لە بووك جوانترە). واتە، لە زمانانەوە (بووك)مان پێدەگات و ئێمەش (بەربووك)ێك دەخەینە بەردەمی کە لە (بووك)ەکەی ئەوان جوانترە.

## بەرەنجام

□ دەروازەی کاری (بوون : کردن)، وەك چۆن والآیە بەرووی (ئاوەڵناو)دا، وەك (جوان بوون : جوان کردن)، هەر ئاوهاش والآیە بەرووبەری هەر وشەیەکی بیانیدا کە بەرێزمانی کوردی سەودا بکرێت، وەك (سەیڤ بوون : سەیڤ کردن) یان (خەزن بوون : خەزن کردن).

□ پێدەچێت کە رێزمانی کوردی پسوولەی (ئاوەڵناو) ببەخشێت بە ئەو وشە بیانیانە، ئەمجا بیانخاتە بزاڤی رستەسازییەوە، چونکە لە بنیادی زمانەکەی ئێمەدا دەروازەی (بوون : کردن) لەبۆ (ئاوەڵناو) تەرخان کراوە.

□ بەپێی ئەوەی گوترا، (دەمی دەرخوارد) لە زمانی کوردیدا دیاری کرا بە (بوون : کردن)و لەئەو دەمەوە زمانی کوردی دەتوانێت بکەوێتە هەرسکردنی ئەو زاراوانەی کە لە زمانی ترەوە دەهێنەکایەوە.

## (٣)

## سەرچاوەی ئاڵ و گۆڕ لە ئەرکی جێناوی لکاودا

### پوختە

لە ڕێزمانی کوردیدا جێناوی لکاوی (بکەر) و جێناوی لکاوی (بەرکار) ئەرکە ڕێزمانییەکان ئاڵوگۆڕدەکەن، ئەگەر ڕستەیەکی دەمکاتی (ڕانەبردوو) رووبکات لە دەمکاتی (ڕابردوو) یان بە پێچەوانەوە . بە واتایەکی دی، ئەو جێناوە لکاوەی لە ئەرکی (بکەر) دایە لە ڕانەبردوودا، ئەرکی (بەرکار) دەبینێت لە (ڕابردوو)دا. یان، ئەوەی کە لە ئەرکی (بەرکار)دایە بە دەمکات گۆڕین دەبێت بە (بکەر). سەرچاوەی ئەم ئاڵ و گۆڕکردنە بەدیاری کراوی دەگەڕێتەوە بۆ کاری (بوون و هەبوون)، کە لەدەمکاتی (ڕانەبردوو)دا وەردەچەرخێن بۆ (تێپەڕ)و لەپاشتردا، دەمکاتی (ڕابردوو)یان پێ ڕۆدەنرێت.[١]

### شیکار

وەك نموونە، ئەم ڕستەیەی خوارەوە شیتەڵ دەکەینەوە:

- دەمکاتی ڕانەبردوو:

**دە (یان) نێر (یت)**

- دەمکاتی ڕابردوو:

**دە (یان) نارد (یت)**

لە نموونەی یەکەمدا، ئەم ڕاستییانە بەرجەستەن:

(١) : بۆ زانیاری پتر بڕوانە (میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، ڕێزمانی بوون و هەبوون)، هەولێر ١٩٩٧.



**یەکەم:** جێناوی لکاوی (یان) لە ئەرکی (بەرکار)دایە.
**دووەم:** جێناوی لکاوی (یت) لە ئەرکی (بکەر)دایە.
کەواتە واتای ڕستەیەك چەسپاوە لە چەشنی:

**تۆ (ئەوان) دە نێر (یت)**

لە نموونەی دووەم دا، ئەم ڕاستیانە بەرجەستەن:

**یەکەم:** جێناوی لکاوی (یان) لە ئەرکی (بکەر)دایە.
**دووەم:** جێناوی لکاوی (یت) لە ئەرکی (بەرکار)دایە.

کەواتە واتای ڕستەیەك چەسپاوە لە چەشنی:
**(ئەوان) (تۆ) یان دەنارد**

ئەم دیاردەیە زۆر سەیرە و لە پێشتردا مامۆستا مەسعود محەمەدا زیرەکی خۆی تێدا نوواندووە[٢] و نموونەی بۆ ریز کردووە. و لەپاشتردا د. وریا عومەر ئەمین بە هێلکاری دەستی بۆ بردووە. لە ئەوانیش بە دواوە، هەموو ڕێزماننووسان و قوتابیان هەستیان پێکردووە بەلاّم بەبێ ئەوەی لە میکانیزمەکەی تێبگەن. لەم گۆشەنیگایەوە، مامۆستایانی ڕێزمانی کوردی هیچ وەلاّمێکیان پێ نییە بۆ منداڵە چاو زیتەکان، مەگەر بڵێن (خۆی وایە). بە داخەوە کاتێك نامەکانی ماستەر و دکتۆرا دەخوێنیتەوە دەبینیت کە کەس باسی ناکات و کەس بۆ ڕەگ و ریشەکەی ناگەڕێت. سەبارەت بە ئیشەکانی ئێمە، ئێمە لە گشت جێیەکدا ئەو میکانیزمەمان

(٢) مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.

باسکردووە و لە چەندین جێدا بلاّومان کردووەتەوە، بەلاّم کێ بیخوێنێتەوە و کێ لێی تێبگات و کێ ڕەخنەی لێبگرێت؟

دەبا لە ئاستی ئەم کێشەیەدا، نەختێك وردببینەوە و خوێنەری ئازیز بگەیەنن بە ئەو ئاستەی کە بتوانێت خۆی بە خۆی بیر بکاتەوە و مەتەڵەکە هەڵ بهێنێت. یان، قوتابی چاوگەش بتوانێت گفت وگۆ دابمەزرێنێت لەگەڵ مامۆستاکەیدا و بە هەردوویان دەست بکەن بە گەمارۆدانی کێشەکە،[3] بە ئەم چەشنە:

**یەکەم** : ئەم دیاردەیە بە دیاریکراوی لە (کاری تێپەڕ)دا ڕوودەدات.

**دووەم:** مەرج نییە هەر لە نێوان هەردوو دەمکاتی (رانەبردوو) و (رابردوو)دا رووبدات. زۆر جار نموونە دەدۆزینەوە کە کێشەکەیان تێدا هەیە، بەلاّم هەردوویان یەك دەمکاتیان هەیە و ئەو دەمکاتەش بە دیاری کراوی بریتییە لە (رانەبردوو)، وەك:

**تۆ دە (یان) نێر (یت)**

**ئەوان هە (یان) (یت)**

یان بە جێناوی جودا:

**تۆ (ئەوان) دە نێر (یت)**

**ئەوان (تۆ) یان هەیە**

لە ئەو نموونانەدا، بە ئاشکرا دیارە کە دەمکاتی (رابردوو) لە ئارادا نییە، بەلاّم ئەرکەکان ئاڵ و گۆڕ کراون. لە ڕستەکانی کاری (ناردن)دا، جێناوی (یان) یان جێناوی

(٣) : بۆ زانین، ئەو ئەو بابەتە ڕێزمانەی کە ئێمە شرۆڤەی دەکەین قوتابییەکان جوانتر لە مامۆستاکانیان تێ دەگەن و جوانترین گفتوگۆی دەکەن.



جودای (ئەوان) لە رۆڵی (بەرکار) دان و لە ڕستەکانی کاری (هەبوون)دا جێناوی لکاوی (یان) یان جێناوی (ئەوان ) لە رۆڵی (بکەر)دا. یان، جێناوی (یت) و جێناوی (تۆ) لە کاری (ناردن)دا لە ئەرکی(بکەر)دان، کەچی لە کاری (هەبوون)دا لە ئەرکی (بەکار)دان.

**سێیەم:** نموونەی تریش هەیە بۆ ئەم کێشەیە، وەك:

**دە (یان) نێر (یت)**

**پێویست (یان)(یت)**

بە واتای:

**(تۆ) (ئەوان) دەنێرێت**

**(ئەوان) (تۆ) یان پێویستە**

**چوارەم:** لە ئەو نموونانەدا کە لە خاڵی سێیەم و چوارەمدا ڕیز کران، نهێنییەك هەیە و ئەو نهێنییە بریتییە لە کاری (بوون). لە خاڵی دووەمدا کاری (هەبوون) بەکار هێنرا، ئەو کارەش بریتییە لە دارشتەیەکی کاری (بوون)، وەك:

**هە + (بوون)= هەبوون**

لە خاڵی سێیەم دا کاری (پێویست + بوون) پێشنیار کرا و ئەو کارەش بریتییە لە بەچکەی کاری (بوون). کەواتە، کێشەکە وا ئاشکرا دەبێت چونکە ئەو ئاڵ و گۆڕەی کە لە ئەرکی جێناودا روودەدات لە یەکەم هەنگاودا و لە یەکەم دەردوودا لە کاری (بوون)دا روودەدات و لە هەمان دەمکاتی رانەبردووشدا دەچەسپێت. بەواتایەکی دی، چارەسەری کێشەکە بە ڕێزمانی کاری (بوون)دا تێدەپەڕێت، بە دیاریکراویش لە دەمکاتی رانەبردوودا.

**پێنجەم:** بەپێی ئەوەی گوترا، لە زمانی کوردیدا، کاری (بوون) ئەرکی جێناوەکان دەردەچەرخێنێت و دەی کات بە پێچەوانە. بێگومان، لە هەمان دەمکاتی رانەبردوودا. دەبا رێزمانی کاری (بوون) هەرسبکەین، ئەوسا (رێزمانی گشت کارەکان) خۆبەخۆ هەرس دەبێت و ئەم مەتەڵەی کە بووە بەسەر دێری ئەم بابەتە بەسانایی خوویا دەبێت.

**شەشەم:** رەنگە پرسیارێك بکرێت و بگوترێت:

**ئەدی چۆن ئەو دیاردەیە گەیشتووە بە دەمکاتی رابردوو؟**

لە وەڵامدا دەڵێین: بە (میکانیزمی رۆنان) گەیشتووە بە دەمکاتی رابردوو، چونکە رێژەی (رابردوو) بەرێژەی (بوون) رۆ دەنرێت. کەواتە، دەتوانین بڵێین:

- لە نێوان رێزمانی گشت کارەکان و رێزمانی کاری (بوون)دا، لە رانەبردوودا، میکانیزمێك هەیە پێی دەگوترێت (میکانیزمی وەرچەرخان)، واتە وەرچەرخانی ئەرکی جێناەی (بکەر و بەرکار) لە نێوان خۆیاندا.

- لە نێوان دەمکاتی رانەبردوو و رابردووی گشت کارەکاندا، میکانیزمێك هەیە پێی دەگوترێت (میکانیزمی رۆنان). واتە، میکانیزمی رۆنانی رێژەی رابردوو، بە رێژەکانی کاری (بوون).[٣]

(٣) : بۆ زانیاری پتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە بۆ
- داینامیزمی جێناوی لکاو لەرستەسازیدا، هەولێر ١٩٩٧.
- نەخشەی رۆنانی رێژەی کار، هەولێر ١٩٩٩.



## بەرەنجام

□ سەرچاوەی ئاڵ و گۆڕ لە ئەرکی جێناوی لکاودا دەگەڕێتەوە، بۆ کاری (بوون) و (هەبوون)، کە لە کۆپلەکانی پاشتردا، بە هوردی لێك دەدرێنەوە. لەئەم دوو کارەدا، لە دەمکاتی (رانەبردوو)دا میکانیزمی وەرچەرخانی ئەرکی جێناو دەچەسپێت و لە پاشتردا، ئەم میکانیزمە بە (میکانیزمی رۆنانی رێژەی رابردوو) دەپەڕێتەوە بۆ دەمکاتی (رابردوو).

□ لەبەر رووناکی خاڵی سەرەوە، سێتە جێناوەکان بەئەم چەشنە ئەرك دەگۆڕنەوە

**یەکەم-** لەرانەبردوودا:

ئەرکی بکەر: سێتە جێناوی (م، یت، ێت، ین، ن، ن)

ئەرکی بەرکار: سێتە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان)

**دووەم-** لەرابردووی (نزیك، دوور، بەردەوام)دا:

ئەرکی بکەر: سێتە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان)

ئەرکی بەرکار: سێتە جێناوی (م، یت، ---، ین، ن، ن)

**سێیەم-** لەرانەبردووی تەواودا:

ئەرکی بکەر : سێتە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان)

ئەرکی بەرکار : سێتە جێناوی (م، یت،ـە، ین، ن، ن)

□ بەئەم میکانیزمە دانسقەیە رێزمانەکەمان لەنگەر دەگرێت لەسەر مۆرکی تایبەتی خۆی و جودا دەبێتە لە زمانانی تر، وەك (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی).

## (٤)
# سێتە جێناو و سێتایەتی لە ڕێزمانی جێناودا

### پوختە

لەرێزمانی کوردیدا، رێزمانی جێناوی لکاو زۆرزۆر ئاڵۆزە و زۆر دژوارە لە راڤەکردندا، چونکە چەندین میکانیزمی سفت و ئاڵۆز لە خۆ دەگرێت. لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ ڕێزمانی کاری (بوونی ئێستایی)دا ئاڵوودە بووە. هەر لەبەر ئەو هۆیانە، سەوداکردنی جێناوی لکاو بە سێتی (شەش کەسی رێزمانی) بەئاسانی پەی دەبات بەئەو حەشارگانەی کە لەرێزمانەکەیدا هەن. ئەوەش لەیاد نەکەین، کە رێزمانی جێناوی لکاو هەرچەندە ئاڵۆز و دژوارێت، بەلاَم مۆرکی تایبەتی خۆی هەیەو رێزمانی زمانانی تر وا بەئاسانی دادی نادات.

### شیکار

مەبەست لە (سێت) بریتییە لە ئەو کۆمەڵە ئەندامەی کە (سێت) یان هەیە و ئاکارەکانی (سێتایەتی) دەپارێزن. بۆ نموونە ریزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بریتین لە (سێت)، چونکە:

**یەکەم:** ژمارەیان بریتییە لە (٦) شەش ئەندام و بەس ، واتە کۆی ژمارەیان دیاریکراوە، بەرانبەر بە هەر شەش کەسە رێزمانییەکە .

**دووەم:** ئامادەنەبوونی یەکێك لە ئەو ئەندامانە دەبێت بە هۆی تێك چوونی سێتەکەیان.

**سێیەم:** ئەگەر ئەندامێکی دەرەکی هاتە نێوانیان، چی بە سەربار و چی بە جێگرتنەوە، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەردەکەوێت.



**چوارەم:** هەر ئەندامێك لە سێتەکە ریز بەند و پێناسەی دیاریکراوی خۆی هەیە و هەر هەموو سێتەکەش دەبن بە یەکەیەکی رێزمانی لەگەڵ یەکدا.

لەڕاستیدا، ریزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) سێتی تەواویان هەیە. بەلاَم کێشەکە لە ریزە جێناوی پۆلی یەکەم دایە، وەك: (م، یت، ێت، ین، ن، ن). ئەم ریزە جێناوە سێ سێتی هەیە بە ئەم چەشنە:

**یەکەم سێت:** لە رانەبردووی گشت کارەکاندا، ئەو سێتە جێناوە دەبن بە (بکەر) وەك:

**من دەخەو(م)**
**تۆ دەخەو(یت)**
**ئەو دەخەو(ێت)**
**ئێمە دەخەو(ین)**
**ئێوە دەخەو(ن)**
**ئەوان دەخەو(ن)**

کەواتە، بەریزکردنی هەر شەش کەسە رێزمانییەکە شەش جێناو ریز بوون و ئەو شەش جێناوە توانیان سێتەکە تەواو بکەن بە ئەم چەشنە:

**سێتی یەکەم: (م، یت، ێت، ین، ن، ن)**

**دووەم سێت:** لە رانەبردووی کاری (بوون)دا، یان لە رابردووی تەواودا بەگشتی، سێتی یەکەم لە جێناوەکان پەکی دەکەوێت، چونکە یەکێك لە ئەندامەکانی دەگۆڕێت، وەك:

من (م): من کارمەند (م)
**تۆ(یت) تۆ کارمەند (یت)**
**ئەو (ە): ئەو کارمەند (ە)**
**ئێمە (ین): ئێمە کارمەند (ین)**
**ئێوە (ن): ئێمە کارمەند (ن)**
**ئەوان (ن): ئەوان کارمەند (ن)**

لە رابردووی تەواویشدا، هەمان سێتە جێناو پەیدا دەبێتەوە، وەك:
**یەکەم:** ئەرکی بکەر (کارە تێنەپەرەکان) ، وەك:

**من خەوتو (م)**
**تۆ خەوتوو (یت)**
**ئەو خەوتوو (ە)**
**ئێمە خەوتوو (ین)**
**ئێوە خەوتوو (ن)**
**ئەوان خەوتوو (ن)**

**دووەم:** ئەرکی (بەرکار) لە ( کارەتێپەرەکان)دا:
**ئەوان خستوویان (م)**
**ئەوان خستوویان (یت)**
**ئەوان خستوویان (ە)**
**ئەوان خستوویان (ین)**
**ئەوان خستوویان (ن)**
**ئەوان خستوویان (ن)**



ئەم سێتە جێناوە، کاتێك کە بەرانبەر بە هەر شەش کەسەکە دەوەستێت، دوو گۆڕانکاری پیشاندەدات:

**یەکەم:** لە کەسی سێیەمی تاکدا، بە بەراورد لەگەڵ سێتی یەکەم، جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ێت)، دەگۆڕێت و دەبێت بە (نادیار) و مۆرفیمی ئێستایی (ە) لە جێی دادەنیشێت، وەك:

**سێتی یەکەم:** ئەو دەخەو(ێت)
**سێتی دووەم:** ئەو خەوتوو (ە)

**دووەم:** هەر شەش ئەندامی سێتەکە ئاوێتە دەبن بە مۆرفیمی ئێستاییەوە و هەر شەش کەسەکە دەبن بە ڕێژەی (کاری بوون). بۆ سەلماندن ئەم راستییە ، خوێنەری ئازیز دەتوانێت سەرنج بدات لە بابەتی (٥) و (٦)، لەوێدا سەلمێنراوە کە هەر یەکێك لە جێناوەکان لەسەر مۆرفیمێکی ئێستایی دانیشتووە و دای پۆشیوە لە ریزەکەدا.

**سێیەم سێت:** ئەو ریزە جێناوەی بەردەست لە رابردووی نزیکدا، یەکێك لە ئەندامەکانی دەبێت بە (نادیار) و کورسییەکەی چۆل دەبێت و ریزەکە دەبێت بە (م، یت، --، ین، ن، ن). ئەم دیاردەیە تەنها هەر لە سێ جۆری رابردوودا هەیە، رابردووی نزیك، رابردووی بەردەوام، رابردووی دوور، وەك:

**یەکەم:** لە رۆڵی بکەردا (کاری تێنەپەر):

- **رابردووی نزیك:**

**من خەوت (م)**
**تۆ خەوت (یت)**
**ئەو خەوت (-)**
**ئێمە خەوت (ین)**

ئێوه خەوت (ن)

ئەوان خەوت (ن)

- رابردووی بەردەوام:

من دەخەوت (م)

تۆ دەخەوت (یت)

ئەو دەخەوت (-)

ئێمە دەخەوت (ین)

ئێوه دەخەوت (ن)

ئەوان دەخەوت (ن)

- رابردووی دوور:

من خەوتبوو (م)

تۆ خەوتبوو (یت)

ئەو خەوتبوو (-)

ئێمە خەوتبوو (ین)

ئێوه خەوتبوو (ن)

ئەوان خەوتبوو (ن)

دووەم: لە ئەرکی (بەرکار)، کارە تێپەرەکان:

- رابردووی نزیک:

ئەوان ناردیان(م)

ئەوان ناردیان (یت)

ئەوان ناردیان (-)

ئەوان ناردیان (ین)



ئەوان ناردیان (ن)

ئەوان ناردیان (ن)

- رابردووی بەردەوام:

ئەوان دەیان نارد(م)

ئەوان دەیان نارد (یت)

ئەوان دەیان نارد (-)

ئەوان دەیان نارد (ین)

ئەوان دەیان نارد (ن)

ئەوان دەیان نارد (ن)

- رابردووی دوور:

ئەوان ناردبوویان (م)

ئەوان ناردبوویان (یت)

ئەوان ناردبوویان ( -)

ئەوان ناردبوویان (ین)

ئەوان ناردبوویان (ن)

ئەوان ناردبوویان (ن)

بەم شێوەیە دەبینین کە پۆڵە جێناوی (م ، یت ، ێت ، ین ، ن ، ن) سێ سێتی هەیە، وەك:

سێتی یەکەم: (م ، یت ، ێت ، ین ، ن ، ن)

سێتی دووەم: ( م ، یت ، ـە ، ین ، ن ، ن)

سێتی سێیەم: ( م ، یت ، - ، ین ، ن ، ن )

ڕاستە، بەڕواڵەت پێنج ئەندامی ئەو سێتە یەکسانن بەڕوخسار، بەڵام لە گەمە ڕێزمانییەکەدا جیاوازن لە یەکتری. بۆ نموونە، جێناوی (م)، لە ئەو سێ سێتە بە ئەم چەشنە گەمە دەکات:

- لە سێتی یەکەمدا، جێناوی (م) دەتوانێت ببێت بە بکەری کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ، وەك:

**دەخەو (م): دەنووس (م)**

- لە سێتی سێیەمدا: جێناوی (م) دەتوانێت ببێت بە (بکەر) لە کاری تێنەپەڕدا، وەك:

**من خەوت (م)**

یان، ببێت بە (بەرکار) لە ڕستەی تێپەڕدا، وەك:

**ئەوان ناردیان (م)**

- لە سێتی دووەمدا: جێناوی (م) بریتی نییە لە جێناوێکی سادە و ڕەوان، بەڵکو بریتییە لە جێناوێکی ناسادەی ئاوەژوو بە مۆرفیمی ئێستاییەوە، بۆ نموونە لە کاری تێنەپەڕدا، دەتوانیت بە زۆر لێکردن، مۆرفیمەکە دەربخات، وەك:

**من ڕۆیشتووم : من ڕۆیشتوو (م/ ە)**

یان، زەبری بزوێن دەتوانێت مۆرفیمەکە بدۆزێتەوە، وەك:

**من ڕۆیشتووم : من ڕۆیشتوو(م / ەت)ەوە**



یان، لە ئەرکی بەرکاردا (کاری تێپەڕ)، لاچوونی جێناوە لکاوەکە (م) مۆرفیمەکە ( ە) ئاشکرا دەکات، وەك:

**تۆ نووسیوت (م) : تۆ منت نووسیو (ە)**

یان، بە زەبری بزوێن، وەك:

**تۆ نووسیوت (م) : تۆ نووسیوت (م/ەت)ەوە**

وەك لە ڕێزمانی کوردیدا باوە، گەمە کردن بە تاکە ئەندامی سێتەکان بەبێ ئەندامەکانی تر، دەمان خاتە هەڵەیەکی گەورەوە و لە کرۆکی ڕێزمانەکەمان تێناگەین. بۆ نموونە، ڕاستە لە ئەو گەمەیەدا کارتەکانی جێناوی (م) تێکەڵ دەبن بەڵام ئەگەر هەر کارتێك ڕەنگێکی هەبێت، ئەوا هەر ڕەنگێك سێتەکەی خۆی دەناسێتەوە. دەبا ئیتر بە چاوی (سێت) و بە بڕشتی (سێتایەتی) لە جێناوەکان بڕوانین، تا گەمە ڕێزمانییەکە ببەینەوە و ڕێزمانەکە دەرباز بکەین لە پەرپووتی. لە ئەو گەمەیەدا، دەتوانین ڕستەی هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکە ریز بکەین، تا هەر شەش پێکهاتەی سێتەکە ریز ببەستن و ئەو بڕیارە بدەین لە سەر پێناسەی ئەو (جێناو)ەی کە لە گەمەکەدا بەرمەبەستە. کەواتە، زۆر سەیرە، ئەگەر بە یەك چاو بیچمی جێناوی (م) سەیر بکرێت و ئەو هەموو گەمەیەش لەسەری بگەڕێت بە (ڕێزمان).

### بەرەنجام

 ڕێزمانی (سێتایەتی) لە بواری جێناوی لکاودا کاریگەری خۆی هەیە، چونکە بابەتەکە (مۆرکایەتی) هەڵدەگرێت و ناشێت بە ڕێزمانی تر لێك بدرێتەوە.

 لە ڕێزمانی (سێتایەتی)دا، هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکە دەخرێنە گەڕ، تا ئەو جیاوازیانە دەربخەن کەلەنێوان سێتەکاندا هەیە.

 لە ڕێزمانی (سێتایەتی)دا، دەتوانین لە دەمکاتێکەوە بۆ دەمکاتێکی تر بپەڕینەوە. لەئەو پەڕینەوەیەدا، زۆر لە حەشارگەکان دەدۆزینەوە.

## (٥)

## سێتە جێناوی (م ، یت ، ە ، ین ، ن ، ن) یان ڕێژەكانی كاری (بوون)

### پوختە

لە ئەم مۆركەدا، دەمانەوێت پسوولەی ڕێژەی كاری (بوون) ئاشكرا بكەین. بە واتایەكیدی، پێكهاتە و نهێنی ئەو سێتە جێناوە ئاشكرا بكەین، كە مۆرفیمی ئێستایی لە جێی كەسی سێیەمی تاك ریز دەكەن وەك (م، یت، ە، ین، ن، ن). لە راستیدا، ئەو سێتە جێناوە ، بریتی نییە لە ئەو شەش روخسارە بەرچاوییە، چونكە ناتوانرێت بە جێناوێكی رووتی وەك (م) بگوترێت ڕێژەی كاری (بوون). ئەوەش كە ئەم بابەتە بخوێنێتەوە و مەبەستی بێت كە لێی تێبگات، دەبێت بابەتی (سێیەم وچوارەم) بە جوانی بخوێنێتەوە، ئەمجار خۆی بە ئەم كۆپلەیەوە خەریك بكات.[1]

### شیكار

بۆ ئەوەی خوێنەر زۆر دوور نەخەینەوە ، دەبێت بزانرێت كە هەر یەكێك لە جێناوەكانی سێتە جێناوی (م ، یت ، ە ، ین ، ن ، ن) سادەنین و لە رەسەندا لە دوو رەگەزی ڕێزمانی پێكهاتوون.

**رەگەزی یەكەم:** جێناوی ئاشكرا و رووتی (م ، یت ، - ، ین ، ن ، ن). واتە لە ریزی ئەو سێتە جێناوەدا، تەنها هەر جێناوی كەسی سێیەمی تاك نادیارە.

(١) : بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ، مۆرفیمی ئێستایی(ـە) لە سێتی ڕێزمانیدا، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە(٣٢)، هەولێر ٢٠٠٦.



**رەگەزی دووەم:** مۆرفیمی ئێستایی نائاشكرا (ە). ئەم رەگەزە لە ئاستی جێناوی كەسی سێیەمی تاكدا دەركەوتووە چونكە جێناوەكە نادیارە، بەلاّم لە ئاستی جێناوەكانی (م ، یت ، ین ، ن ، ن)دا، سێبەری جێناوەكان دای پۆشیوە، كەچی بە (واتا) هەستی پێدەكرێت.

ئێستاش، كاتی ئەوە هاتووە كە ئەم گوتەیە بسەلمێنین. بۆ ئەم مەبەستە روو دەكەین لە ئەو رێژانەی كە بە ڕێزمانێكی ساكار ئەو دیاردەیە ئاشكرا دەكەن. لە بابەتی (چوارەم )دا، ریزێك نموونە بۆ ئەو سێتە جێناوەوە ریز كران و لە ئەو نموونانەدا ریزە جێناوەكان لە ئەركی (بەركار)دا بوون، وەك:

**ئەوان ناردوویان (م)**
**ئەوان ناردوویان (یت)**
**ئەوان ناردوویان (ە)**
**ئەوان ناردوویان (ین)**
**ئەوان ناردوویان (ن)**
**ئەوان ناردوویان (ن)**

لە ئەم نموونانەدا، لە كەسی سێیەكی تاكدا، لەبەر ئەوەی جێناوەكە نادیارە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە دیاردەیەكی ئاشكرا لە ڕێزمانی كوردیدا، مۆرفیمەكە ئاشكرایە و دەركەوتووە. لە ڕاستیدا، دەتوانرێت پێنج جێناوەكەی تر ( م، یت ، ین ، ن ، ن) لا بدرێن، بۆ ئەوەی نهێنییەكە ئاشكرا ببێت. لە ئەم هەنگاوەدا، ڕێزمانی كوردی رێ دەدات كە ( بەركاری جێناوی جودا) بخەینە جێی ( بەركاری جێناوی لكاو)، یان بە پێچەوانەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە، دەتوانین جێناوە لكاوەكان (م ، یت ، - ، ین ، ن ، ن ) بگۆڕین بۆ جێناوی جودا، وەك (من ، تۆ، ئەو ، ئێمە ، ئێوە ، ئەوان)، بۆ ئەوەی لابچن لەسەر ئەو مۆرفیمەی كە لە ژێر خۆیاندا

شاردوویانەتەوە ، وەك:

| بەكارهێنانی جێناوی لكاو | بەكارهێنانی جێناوی جودا |
| --- | --- |
| ئەوان ناردوویان (م) | ئەوان ( من) یان ناردوو ( ە) |
| ئەوان ناردوویان (یت) | ئەوان (تۆ) یان ناردوو ( ە) |
| ئەوان ناردوویان (-ە) | ئەوان ( ئەم) یان ناردوو ( ە) |
| ئەوان ناردوویان (ین) | ئەوان ( ئێمە) یان ناردوو ( ە) |
| ئەوان ناردوویان (ن) | ئەوان (ئێوە) یان ناردوو ( ە) |
| ئەوان ناردوویان (ن) | ئەوان ( ئەمان) یان ناردوو ( ە) |

بەراوردی نێوان ئەو دوو سێتە نموونەیە، نهێنییە رێزمانییەكە ئاشكرا دەكات، وەك:

**یەكەم:** سێتە جێناوی ( م ، یت ، ە ، ین ، ن ، ن ) لە هەر رووبەرێكی زمانی كوردی دا بن، سادە و ساكار نین و پیكهاتەكەیان دوو رەگەزی رێزمانی تێدایە. رەگەزی یەكەمیان، ئاشكرایە كە بریتییە لە (جێناو) و رەگەزی دووەمیان نائاشكرایە و خپ كراوە لە ژێر سێبەری جێناوەكان دایە . بێگومان، لە نموونەكانی دەستەراستدا دەركەوتنی مۆرفیمی ئێستایی لە كەسی سێیەمی تاكدا، دەگەرێتەوە بۆ نادیاری لە روخساری جێناوەكەدا، بەلاَم دەركەوتنی مۆرفیمی (ە) لەگشت نموونەكانی دەستەچەپدا، دەگەرێتەوە بۆ لابردنی جێناوی لكاو لەسەر مۆرفیمی (ە). دەبا، لەئەم ئاستەدا بپرسین:

(ئەدی، كۆلكەی (ە) بۆچی بەجێما لە جێناوە لكاوەكان؟).

**دووەم:** لەبەر رووناكی خالّی پێشوو، ئاشكرابوو كەسێتە جێناوی (م ، یت ، ە ، ین ، ن ، ن) بریتییە لە رێژەی كاری (بوون)، بەلاَم ئاوێتەیە بە جێناوە وە. لە زمانی ئینگلیزیدا، سێتە رێژەی كاری (بوون)، كە بریتییە لە (am-is- are) سەربەخۆن و ئاوێتە نین بە جێناوەوە. بە هەمان شێوە، لە زمانی فەرەنسیدا سێتە رێژەی كاری



(بوون) سادەن، وەك هی زمانی ئینگلیزی.

**سێیەم:** ریزە جێناوی (م ، یت ، - ، ین ، ن ، ن) دەتوانێت مۆرفیمی ئێستایی بشارێتەوە ئەگەر هەبێت لە ریزەكەدا. كەواتە، لە گشت ئەو نموونانەدا، كە سێتە جێناوەكە دروست ببێت، ئەوا مۆرفیمی ئێستایی (ە) لە ژێر جێناوەكان ناوەكان دایە. بۆ نموونە، گشت سێتە رستەكانی نێو بابەتی (شەشەم) ئەو دیاردەیان تێدا هەیە و ئەگەر رێزمانەكە رێ بدات، ئەوا ئاشكرا دەبێت.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا، بریتییە لە نهێنییەكی گەورە و ئێمەش لە زۆر جێدا باسمان كردووە. ئێمە لە ئەو باوەڕەداین كە رێزماننووسان و خوێنەران، لە ئەم دیاردەیە دەگەن، بەلاَم ناتوانن لەسەر ئەم راستییە زەق و ئاشكرایە بیرۆچكەی تر بنیاد بنێین. دەبا جارێكی دی ، بگەرێینەوە سەر بابەتەكە و بەبێ گۆڕینی جێناوە لكاوەكان بە جێناوی جودا، بابەتەكە دووبارە بسەلمێنەوە، چونكە دەتوانین زۆر بكەین لە جێناوەكانی (م، یت، ین ، ن ، ن ) كە مۆرفیمەكە دەربخەن، وەك:

| باری یەكەم | باری دووەم |
| --- | --- |
| ئەوان ناردوویان (م) | ئەوان ناردوویان (م- / ە) |
| ئەوان ناردوویان (یت) | ئەوان ناردوویان (یت / ە) |
| ئەوان ناردوویان (-ە) | ئەوان ناردوویان ( - / ە) |
| ئەوان ناردوویان (ین) | ئەوان ناردوویان ( ین /ە) |
| ئەوان ناردوویان (ن) | ئەوان ناردوویان ( ن / ە) |
| ئەوان ناردوویان (ن) | ئەوان ناردوویان ( ن / ە) |

بە هەمان شێوە ، لە دەمكاتی رانەبردوودا ، كارتی كاری (بوون) دەتوانێت ئەو زۆر لێكردنە بچەسپێنێت ، وەك:

| باری یەکەم | | باری دووەم | |
|---|---|---|---|
| من | مامۆستا (م- / -) | من | مامۆستا (م- /ە) |
| تۆ | مامۆستا (یت/ - ) | تۆ | مامۆستا (یت/ە) |
| ئەو | مامۆستا ( / -) | ئەو | مامۆستا ( / ە) |
| ئێمە | مامۆستا (ین / -) | ئێمە | مامۆستا (ین /ە) |
| ئێوە | مامۆستا (ن / -) | ئێوە | مامۆستا (ن / ە) |
| ئەوان | مامۆستا (ن / -) | ئەوان | مامۆستا (ن / ە) |

ئەم جۆرە بەکارهێنانە ، تا ئێستا لە هەندێك ناوچەدا ماوە، بەڵاّم خۆشبەختانە نەگەیشتووە بە زمانی نووسین. بەرانبەر بە ئەو نموونانەی سەرەوە، هەندێك جار ئەو زۆر لێکردنە رستەکە دەبزڕکێنێت ، وەك:

**من هەولێری- (م) : من هەولێری- (م / ە)**

**ئێمە هەولێری- (ین) : ئێمە هەولێری- (ین / ە)**

بێگومان، ئەم بزڕکانە ئاشکرایە لەلای هەمووان، بەڵاّم کوێرەوەری لە ئەوەدایە، کە رێزماننووسان دەزانن چەواشەکاری هەیە، بەڵاّم بە رێزمان نای نازانن، چونکە پەی نابەن بە رێزمانەکەی. ئەوەش بە بیر دەخەینەوە، کە هۆی ئەو بزڕکانە لە ئەوەوە دەهێت کە رێزمانێك هەیە بە ناوی (رێزمانی کاری بوونی وەرچەرخاو)، یان (رێزمانی بوونی تێپەڕ) لە ئەو زۆر لێکردنەدا، رستەکە دەپەڕێتەوە بۆ نێو ئەو رووبەرە و ئەو رووبەرەش، بە رێزمانەکەی رەسەنایەتی زمانی کوردی هەڵدەگرێت. بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ بابەتی (١٦) و بابەتی(١٧).



## بەرەنجام

- سیتە جێناوی (م، یت، ە، ین ، ن ، ن ) بریتییە لە رێژەکانی کاری (بوونی ئێستایی)، چونکە لەجێی کەسی سێیەمی تاك، کە نادیارە، مۆرفیمی ئێستایی (ە) هەڵدەگرێت.
- ئەو شەش جێناوە بریتی نین لە جێناوی (سادە)، چونکە ئاڵوودەن بە مۆرفیمی ئێستاییەوە.
- ئەو سێتە جێناوە، لە دوو رووبەری رێزمانی کوردیدا دەردەکەون، وەك:

  **یەکەم:** لە رانەبردووی هەردوو کاری (بوون) و (هەبوون)دا.

  **دووەم:** لەرابردووی تەواودا، بەگشتی.
- لەئەو دوو رابردووەدا، ئەو سێتە جێناوە، لەرووی ئەرکەوە، بەئەم چەشنە دابەش دەبێت:

**- ئەرکی (بکەر) لە رێژەی تێنەپەڕدا، بەگشتی.**

**- ئەرکی (بەرکار) لە رێژەی تێپەڕدا، بەگشتی.**

## (٦)
# ناسینەوەی مۆرفیمی ئێستایی، یان ناسینەوەی  کاری (بوون)

### پوختە

لەکۆپلەی پێشوودا، ئەو راستییە سەلمێنرا کە سێتە جێناوی (م، یت، ە، ین ، ن ، ن) بریتییە لە رێژەی کاری (بوونی ئێستایی)، بۆ هەر شەش کەسە رێزمانییەکە. لەئەم کۆپلەیەشدا، ئەوە دەسەلمێنین کە لەهەر جێیەکدا مۆرفیمی ئێستایی (ە) دەرکەوت، ئەوا سێتە جێناوی (م، یت، ە، ین ، ن ، ن) لە ئارادایە و هەر لەبەر ئەوە، ئەو سێتە رێژەیەی کاری (بوونی ئێستایی) لەئارادایە، چی بەراستەوخۆیی و چی لە ئەرکی رۆنانی رێژەی رابردووی تەواودا.[1]

### شیکار

مۆرفیمی ئێستایی (ە) بریتییە لە رێژەی رانەبردووی کاری (بوون) و لە رێزمانی کوردیدا زۆر بە نارەوایی ناسنامەی ئەم رەگەزە رێزمانییە شێوێنراوە، بە ئەم شێوازە:

**یەکەم:** لە لایەکەوە هەر بە رواڵەت سەیری دەکەن و دەڵێن روخسارەکە بریتییە لە بزوێنی (ە). بێ گومان، ئەمە  وا نییە و روخسارە رەسەنەکەی بریتییە لە (ەت)، چونکە دەنگێکی خپ (ت) هەڵدەگرێت. لە هەر جێیەکدا، ئەگەر رێزمانەکە رێبدات سەری (بزوێن) یێك ببەخشێت لە کلکی ئەو مۆرفیمە، ئەوا بە روخساری (ەت) دەردەکەوێت و ئەو روخسارە هەرەس ناهێنێت، مەگەر زەبری بزوێنەکە لابدرێت، (بڕوانە بۆ کۆپلەی ٧).

**دووەم:** لەلایەکی دییەوە، پسوولەی ئەو مۆرفیمەیان بەخشیوە بە کەسی سێیەمی

(١) : ئەم بابەتە پەیوەندی بە کۆپلەی پێشووەوە هەیە.



تاك، کە وا نییە. لە راستیدا، ئەو مۆرفیمە رێژەی کارە و دەشێت لەگەڵ هەر شەش کەسە رێزمانییەکاندا بگونجێت. واتە، مۆرفیمی ئێستایی (کەس و ژمارەی کەس ) هەڵناگرێت، (بڕوانە بۆ کۆپلەی ٨).

**سێیەم:** لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، زۆر جار مۆرفیمی ئێستایی (ە) بە (جێناو) دەناسرێت و بە دیاریکراویش لە خانەی کەسی سێیەمی تاکدا دای دەنێن. بە داخەوە، وەك لە خاڵی پێشوودا گوترا، ئەو مۆرفیمە جێناو نییە و ناشێت لەگەڵ جێناو ریز بکرێت، چونکە بریتییە لە رێژەی (کاری بوون) و ئەو رێژەیە بە (جێناو) دادەپۆشرێت و لە هەر جێیەکدا کە جێناوەکە لابچێت، ئەوا بە روونی و بە ئاشکرایی دەردەکەوێت. لە ئەم ئاستەدا، کە بەرانبەر بە پێناسەی نارێکی ئەو رەگەزە رێزمانییە وەستاوین، دەتوانین کەرەستەیەك پێشکەش بکەین بە منداڵە چاو گەشەکان، بۆ ناسینەوەی مۆرفیمی ئێستایی (ە). ئەو کەرەستە بریتییە لە (سێتە جێناو)، سێتەکەش لە شەش کەسە رێزمانییەکە پێکهاتووە. لە سادەترین رێژەی کاری (بوون)دا، دەتوانین بە (سێتە جێناو) مۆرفیمی (ە) بدۆزینەوە: (بڕوانە کۆپلەی ٥).

**من (م) :  ئێمە (ین)**
**تۆ (یت) : ئێوە (ن)**
**ئەو (ە): ئەوان (ن)**

یان، لەکاری هەبوونی تێنەپەڕدا ، وەك:

**من هە (م) : ئێمە هە(ین)**
**تۆ هە(یت) : ئێوە هە (ن)**
**ئەو هەیـ(ە): ئەوان هە(ن)**

یان، لە کاری (بوون)دا و لەگەڵ ئاوەڵناودا، وەك:

**من جوان (م): ئێمە جوان (ین)**

**تۆ جوان (یت): ئێوە جوان (ن)**

**ئەو جوان (ە): ئەوان جوان (ن)**

تا ئێستا بابەتەکە ئاساییە، بەڵام لە ئێستا بە دواوە دەگۆڕێت. بۆ نموونە، تەنها هەر لە رووبەری رابردووی تەواودا، دەتوانین ئەو مۆرفیمە (ە) بە (سێتە جێناو) گەمارۆ بدەین، وەك:

**یەکەم:** رابردووی تەواوی تێنەپەر:

**من رۆیشتوو(م): ئێمە رۆیشتوو(ین)**

**تۆ رۆیشتوو(ت): ئێوە رۆیشتوو(ن)**

**ئەو رۆیشتوو(ە): ئەوان رۆیشتوو(ن)**

بەهەمان شێواز، لە کاری (بکەرنادیار)دا، هەمان سێتە جێناو دەهێتە کایەوە، وەك:

**من نووسراو(م): ئێمە نووسراو(ین)**

**تۆ نووسراو (یت): ئێوە نووسراو(ن)**

**ئەو نووسراو (ە): ئەوان نووسراو (ن)**

کەواتە، بە سێتە جێناوی (م ، یت ، -ە ، ین، ن ، ن) لە رووبەری رابردووشدا، مۆرفیمی ئێستایی (ە) گەمارۆ درا و ناسرایەوە.

**دووەم:** لە رابردووی تێپەردا:

**ئەوان ناردوویان (م)**

**ئەوان ناردوویان (یت)**

**ئەوان ناردوویان (ە)**



**ئەوان ناردوویان (ین)**

**ئەوان ناردوویان (ن)**

**ئەوان ناردوویان (ن)**

بە هەمان شێواز، لە کاری (ئاندن)دا، هەمان سێتە جێناو دەناسرێتەوە، وەك (سووتان : سووتاندن):

**ئەوان سووتاندوویان (م)**

**ئەوان سووتاندوویان(یت)**

**ئەوان سووتاندوویان (ە)**

**ئەوان سووتاندوویان (ین)**

**ئەوان سووتاندوویان (ن )**

**ئەوان سووتاندوویان (ن)**

کەواتە، لە رابردووی تێپەڕدا، لە ریزی سێتە جێناوی (م ، یت، ە، ین ، ن، ن) دا، مۆرفیمەکە (ە) ناسرایەوە و بەڵام ئەوەی سەر سوورهێنەرە، ئەوەیە کە لە رۆڵی بەرکاردایە. بە داخەوە، ئەوەی زەق ئاشکرایە لە ئەو سێتە جێناوەدا، هەتا ئێستا مامۆستایان و نووسەرانی رێزمانی کوردی بە ( پینە و پەڕۆ) دەیلێننەوە، بە تایبەتی لە ئاستی (دەمکاتی رابردوو)دا.[٢]

(٢) : بۆ زانیاری پتر، بڕوانە بۆ بابەتەکانی (٤،٥،٧،٨)

## بەرەنجام

- لەهەر جێیەکدا کە مۆرفیمی ئێستایی دەرکەوت، ئەوا سێتە ڕێژەی کاری بوونی ئێستایی (م، یت، -ە، ین ، ن ، ن ) لە ئارادایە.
- لەدەمکاتی ڕانەبردوودا، ئەو سێتە ڕێژەیە لە ڕێزمانی هەردوو کاری (بوون و هەبوون)دا دەردەکەوێت، بەراستەوخۆیی.
- لەدەمکاتی ڕابردووی تەواودا، ئەو سێتە ڕێژەیە لە دۆڵی (دارێژەر) دان.
- بەکورتی، هەبوونی مۆرفیمی (ە) لە ریزە جێناوی (م، یت، --، ین ، ن ، ن)دا، بریتییە لە هەبوونی ڕێژەکانی کاری (بوون و هەبوون).



## (٧)
## ڕوخساری مۆرفیمی ئێستایی (-ە) سادە نییە

### پوختە

خوێندنەوەی ئەم بابەتە، ئەوە دەخوازێت کە خوێنەر یان ڕێزمانووس هەندێك بابەتەکانی پێشتر بخوێنێتەوە، تا تێبگات کە مۆرفیمی ئێستایی (ە) تەنها هەر لە بزوێنی (ە) پێك نەهاتووە، بەڵکو لە ڕەسەندا ڕوخسارەکەی بریتییە لە (ەت). واتە، دەنگێکی کۆنسۆنتی خپ لە چەشنی (ت) بە نهێنی هەڵدەگرێت و دەری ناخات، مەگەر نووکی (بزوێن)ێك بخشێت لە کلکەکەی.[1]

### شیکار

بۆ پەی بردن بەنهێنی بابەتەکە، دەشێت چەند خاڵێك بخەینەروو، وەك:

یەکەم: لە ئەو جێیانەدا، کە مۆرفیمەکە بە ڕوخساری (ە) دیاربێت و ئەگەر ڕێزمانەکە ڕێبدات، ئەوا دەنگی (ت) بە زەبری بزوێن دەبووژێتەوە و دەژێتەوە، وەك:

**شیلان خەوتوو(ە): شیلان خەوتوو(ەت)ەوە**

**شیلان چوو(ە): شیلان چوو (ەت)ەوە**

**شیلان گەیشتوو(ە) پێی: شیلان گەیشتوو(ەت)ێ**

یان، لە ئەو نموونانەدا، کە سێتە جێناوەکەی مۆرفیمی ئێستایی (م، یت، ە، ین ،

---

(١) :بۆ زانیاری پتر بڕوانە (دەنگی خپ لە زمانی کوردیدا)، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە(١١٦)، هەولێر ١٩٩٧.

ن ، ن) لە رۆڵی بەرکاردایە، وەك:

**ئەوان (من)یان ناردوو(ە) : ئەوان (من)یان ناردوو(ەت)ەوە**

**ئەوان (تۆ)یان ناردوو(ە) : ئەوان (تۆ)یان ناردوو(ەت)ەوە**

**ئەوان (ئەم)یان ناردوو(ە) : ئەوان (ئەم)یان ناردوو(ەت)ەوە**

**ئەوان (ئێمە)یان ناردوو(ە) : ئەوان (ئێمە)یان ناردوو(ەت)ەوە**

**ئەوان (ئێوە)یان ناردوو(ە) : ئەوان (ئێوە)یان ناردوو(ەت)ەوە**

**ئەوان (ئەمان)یان ناردوو(ە) : ئەوان (ئەمان)یان ناردوو(ەت)ەوە**

کەواتە، لە هەر جێیەکدا، مۆرفیمی ئێستایی دیاربێت و ڕێزمانەکە ڕێبدات کە بزوێنی سەرەتای یەکێك لە ڕەگەزە ڕێزمانییەکان بخشێت لە کلکەکەی، ئەوا دەنگی خپی (ت) دەهێتە گۆکردن.

**دووەم:** لە ئەو جێیانەدا کە سێتە جێناوی (م ، یت ، ە ، ین ، ن ، ن) هەبێت و مۆرفیمەکە ئاشکرا نەبێت. یان لە ژێر جێناوەکانی (م ، یت ، ین، ن ، ن) دا بێت، زەبری بزوێن دەتوانێت بە هۆی دەنگە خپەکەوە مۆرفیمەکە ئاشکرا بکات. ئێستاش دەتوانین لەگەڵ ئەم نموونەیەدا بکەوینە گەمە و بەگەمەی ڕێزمانی نهێنییەکانی ئاشکرا بکەین:

**ئەوان ناردوویان (م)**

لە ئەو ڕستەیەدا، مۆرفیمی ئێستایی هەیە، چونکە جێناوی (م) بریتییە لە ئەندامێك لە سێتە جێناوی ( م ، یت ، -ە ، ین ، ن ). لەئەم ڕووەوەوە، ئەگەر بەرکارەکە (م) بکەین بە جێناوی جودا (من)، ئەوا مۆرفیمەکە لە ژێر جێناوەکەی (م) دەربازدەبێت و بەروخساری خۆی (ە) ئاشکرا دەبێت، وەك:

**ئەوان (من)یان ناردوو(ە)**



لە ئێرەدا، بەکاری (م) کراوە بە جێناوی جودای (من) و مۆرفیمەکە بەجێماوە لە جێناوی (م)و ئاشکرا بووە. لە کرۆکی ئەم بابەتەدا، گرنگ ئەوە نییە کە مۆرفیمەکە ئاشکرابووە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ڕوخسارەکەی یەکلایی بکەینەوە. بۆ نموونە، ئەگەر ئەو نموونەیە، لە ڕووی ڕێزمانەوە، بخشێنین لە ڕەگەزی دووپاتی (ەوە)، ئەوا نهێنییەکە ئاشکرا دەبێت و دەنگی (ت) دەردەکەوێت، وەك:

**ئەوان (من)یان ناردوو(-ەت)ەوە**

لە ئەم ئاستەدا، بیرەکە قوولتر دەکەینەوە، چونکە دەتوانین بە ڕاستەوخۆیی ڕەگەزی دووپاتی (ەوە) بخشێنین لە جێناوی بەرکار (م)، بەبێ ئەوەی بیگۆڕین بە جێناوی جودا (من). لە ئەم هەڵس و کەوتەشدا، جارێکی دی ڕێزمانەکە خۆی خۆی ڕاست دەکاتەوە و دەنگی (ت) دەردەکەوێتەوە، وەك:

**ئەوان ناردوویان (م/ ەت)ەوە**

یان، لە چوار کەسەکەی تردا (یت ، ین ، ن ،ن ) ، وەك:

**ئەوان ناردوویان (یت/ ەت)ەوە**

**ئەوان ناردوویان (ین/ ەت)ەوە**

**ئەوان ناردوویان (ن/ ەت)ەوە**

**ئەوان ناردوویان (ن/ ەت)ەوە**

کەواتە، چەند خاڵێکی بەرەنجامیانە دەچەسپێت، وەك:

**یەکەم:** مۆرفیمی ئێستایی ڕوخسارەکەی سادە و ساکار هەر لە بزوێنی (ە) پێك نەهاتووە، بەڵام پێکهاتەیەکی تری هەیە کە بریتییە لە دەنگی خپی(ت).

**دووەم:** ئەلبوومی دەنگی خپکرایەوە لە زمانەکەدا، دەبا زمانەکەمان بە کەم

نەزانین، ئەوا دەنگی (خپ) لە زمانەکەی ئێمەشدا هەیە.

سەرەرای ئەوەی گوترا، سێتە جێناوی (م ، یت ، ە ، ین ، ن ، ن)، لـە رابـردووی تەواوی تێنەپەڕیشدا ریز دەبـن وەك (بکـەر) و لـە ئەوێـشدا دەتـوانین، بـە پاشـگری دووپاتی (ەوە)، مۆرفیمەکە دەرباز بکـەین لـە جێناوەکـە و روخـساری مۆرفیمەکـە یەکلایی بکەینەوە، وەك:

**من کەوتوو (م) : من کەوتوو(م/ ەت)ەوە**

**تۆ کەوتوو (یت) :تۆ کەوتوو(یت/ ەت)ەوە**

**ئێمە کەوتوو (ین) : ئێمە کەوتوو(ین/ ەت)ەوە**

**ئێوە کەوتوو (ن) : ئێوە کەوتوو(ن/ ەت)ەوە**

**ئەوان کەوتوو (ن) : ئەوان کەوتوو(ن/ ەت)ەوە**

کەواتە، چەند راستییەك دەردەکەوێت، وەك:

**یەکەم:** ناتوانین دەنگی (ت) بگۆڕین بە دەنگێکی تر.

**دووەم:** ئەگەر دەنگی (ت) لاببەین رێزمانەکە دەبزرکێت.

**سێیەم:** لە دوو توێی ئەم کۆپلەیەدا، سێ رەگەزی رێزمانی بەکارهێنراو هەر سـێ رەگەزەکە هەر دەنگی (ت) یان ئاشکرا کرد.



## بەرەنجام

- مۆرفیمی ئێستایی (ە) بەروالـەت لەیـەك (بـزوێن) پێکهـاتووە، بـەڵام لـە بنیادی رەسەندا و لە نێو بیرداندا، دەنگی خپی (ت) هەڵدەگرێت، وەك (ەت).
- دەنگی (ت) بەرادەی سەت لـە سـەت خـپ (silent) بـووە و ناگەڕێتـەوە، مەگەر نووکی (بزوێن) ببەخشێت لە کلکی مۆرفیمی (ە). واتە، دەرکەوتنی دەنگی (ت) کاتییەو تەنهاو تەنها هەر بەزەبری (بزوێن) دەبووژێتەوە.
- لە رێزمـانی کوردیـدا، ئـەم راسـتییە زەق و رەوانـە بـرەوی نییـە، چـونکە بەرێزمانی زمانێکی تر لێك نەدراوەتەوە، تا بکرێـت بـە پینەیـەکی نەشـاز و بیـدەن لەکراسی ئەو رێزمانە هوردەی، کە مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە.

## (٨)
# مۆرفیمی ئێستایی (ە) جێناو نییە

**پوختە:**

لە زۆر جێدا، مۆرفیمی ئێستایی (ە) لەگەڵ جێناودا، یان لە نێو خشتەکانی جێناودا ریزدەکرێت، کە واش نییە، چونکە نەکەس و نەژمارەی کەس هەڵناگرێت، وەك جێناو. لە راستیدا، مۆرفیمی ئێستایی (ە) بریتییە لە (رێژەی رانەبردوو) لە کاری (بوون)، بەڵام بە پەیوەستی بە جێناوی لکاوەوە و بە دیایکراوی بە سێتە جێناوێکەوە لە چەشنی، (م، یت ، ە ، ین ، ن ، ن).[1]

**شیکار**

وەك لە بابەتەکانی پێشوودا باسکرا، ئەو سێتە جێناوە بە هەر شەش پێکهاتەکەوە، کە هەر شەش کەسە رێزمانییەکە دەگرنەوە، ئاوەژوون بە مۆرفیمی ئێستاییەوە، وەك:

**(م / ە ، یت/ ە ، -/ ە ، ین/ ە ، ن/ ە ، ن/ ە)**

بێگومان، ئەم ئاوێتە بوونەی نێوان (جێناوی لکاو - مۆرفیمی ئێستایی) زۆر ئەستوورو پتەوە و رێزماننووسان و مامۆستایانی رێزمان ناهەقیان نییە، لێی تێنەگەن، چونکە بابەتەکە زۆر زۆر ئاڵۆزە. ئەم ئاریشەیە تەنها بە چەند میکانیزمێك

(١) : زۆربەی رێزماننووسان مۆرفیمی شێتایی(ـە) بە جێناو دەناسن و ناسنامەی کەسی سێیەمی تاکی پێ دەبەخشن.



دادەژەنرێت و هەر دوو رەگەزە رێزمانییەکە لە یەکتری جودا دەکرێنەوە، وەك لە خوارەوە دوانیان ریزدەکەین:

**میکانیزمی یەکەم:** هەبوونی جێناوێکی نادیار لە سێتە جێناوەکەدا.

وەك لە رێزمانی کوردیدا زانراوە جێناوی کەسی سێیەمی تاك لە رووبەری رابردوودا نادیارە و ئەو جێناوە نادیارەش دەبێت بە دەربازکەری مۆرفیمەکە. هەر لەبەر ئەوە، زۆر ئاساییە کە لە ئەو سێتە جێناوەدا، تەنها هەر لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمەکە دەربکەوێت بە روخساری ئاشکرای (ە). ئەوەش بە بیر دەخەینەوە کە هەر کاتێك سێتە جێناوەکە ریزکرا، ئەوا مۆرفیمەکە ریزدەبێت. لە کۆپلەی (پێنجەم)دا ، بە وردی و بە جوانی ئەو رووبەرانە دیاریکراون کە ئەو سێتە جێناوە یان هەیە.

**میکانیزمی دووەم:** گۆڕینی جێناوی لکاوی (بەرکار) بە جێناوی جودا.

ئەم میکانیزمە رێزمانییە تەنها هەر لە ئاستی (بەرکار)دا روودەدات. وەك:
(بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ کۆپلەی ٧)

**ئەوان پێویست (یان) (م)**
**ئەوان پێویست (یان) (یت)**
**ئەوان پێویست (یان) (ە)**
**ئەوان پێویست (یان) (ین)**
**ئەوان پێویست (یان) (ن)**
**ئەوان پێویست (یان) (ن)**

لە ئەو شەش نموونەیەدا، سێتە جێناوەکە سیمای سێتایەتی پاراستووە، چونکە مۆرفیمی ئێستایی لە جێی جێناوە نادیارەکەی کەسی سێیەمی تاك دەرکەوتووە. لە ئەم هەڵوێستەوە، دەتوانین ئەو سێتە جێناوە لکاوەی کە لە ئەرکی بەرکاردایە،

بگۆڕین بە شەش جێناوە جوداکە ( من ، تۆ ، ئەو ، ئێمە ، ئێوە ، ئەوان)، وەك:

**ئەوان (من) یان پێویست (ە)**
**ئەوان (تۆ) یان پێویست (ە)**
**ئەوان (ئەم) یان پێویست (ە)**
**ئەوان (ئێمە) یان پێویست (ە)**
**ئەوان (ئێوە) یان پێویست (ە)**
**ئەوان (ئەمان) یان پێویست (ە)**

لە ئەم نموونانەدا، ئەوە گرنگە کە جێناوێك لە چەشنی (م) ببێت بە جێناوی (من) مۆرفیمەکەش ببێت بە (پاشماوە)و بە (سەرباقی)، وەك لە بابەتەکانی تردا باسکراوە و نموونە ریزکراوە. لە بەرانبەردا، لە ئەوە گرنگتر ئەوەیە، بـی سـەلمێنین کـە مـۆرفیمی ئێستایی (ە) جێناو نییە. بۆ ئەم سەلماندنە، چەند بەڵگەیەك هەیە، وەك:

**یەکەم:** جێناوی لکاو ڕێزمانی خۆی هەیە. بۆ نموونە جێنـاوی (یـن) بەرانبـەر بـە جێناوی جودای (ئێمە) دەوەستێت کە بریتییـە لـە (کەسـی یەکـەمی کـۆ). کەچـی، مۆرفیمی ئێستایی (ە)، ئەو ئاکارەی تێدا نییە و کاتێك کە شـەش جێناوەکـەی ئـەو سێتە جێناوە دەبن بە جێنـاوی جـودا، ئـەوا لـە هـەر شـەش کەسـە ڕێزمانییەکـەدا مۆرفیمی ئێستایی (ە) بەیەکسانی بە جێ دەمینێت و ئەگەر بە زۆریـش لای ببـەین، بۆهەر یەکێك لە رستەکان، ئەوا زمانەکە دەبزرکێت. کەواتە، مۆرفیمی ئێستایی (ە) سیمای (کەسی ڕێزمانی) هەڵناگرێت. ئەم دیاردەیە لە سەر ئەو شەش نموونەیە دیـارە کە لە پێشەوە ریزکران، لەبۆ هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکە (مـن، تـۆ، ئـەو، ئێمـە، ئێوە، ئەوان).



**دووەم:** لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، مۆرفیمەکە لە (تاك) و لە (کۆ) دەرکـەوتووە بە یەکسانی. بۆ نموونە، بەرانبەر بە جێناوی تاکی (تۆ) و جێناوی کۆی (ئێوە)، هـەر بە هەمان روخسار دەرکەوتووە. کەواتە، ئەو ڕەگەزە ڕێزمانییـە، وەك چـۆن بێبـەری بوو لە ( کەسی ڕێزمانی) بێ بەریشە لە (ژمارە)ی ئەو کەسە ڕێزمانییە.

**سێیەم:** دەرکەوتنی سروشتی مۆرفیمی ئێستایی (ە) بەرانبەر بە کەسی سـێیەمی تاك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە جێناوە لکاوەکەی نادیـارە، چـی لـە ڕووبـەری ڕابردوودا بە گشتی و چی لە ڕووبەری کاری (بوون)دا، بـە گـشتی. واتـە، لـە کـاری (بوون)یشدا هەر بە زگماکی، جێناوی کەسی سێیەمی تاك نادیارە و هەر لەبەر ئـەوە هەر لە پەیدابوونییەوە، مۆرفیمی ئێستایی (ە) لە جێی جێناوە نادیارەکە دانیشتووە. ئەمەش وایکردووە لە هەندێك ڕێزمانانووسان کە زێدەڕۆیی بکەن و بڵـێن لـە هـەموو ڕووبەری زمانەکەدا جێناوی کەسی سێیەمی تـاك نادیـارە. تەنانـەت، لـە ڕووبـەری ڕانەبردوودا، کە جێناوەکە بریتییە لە (ێت)، بە زۆر و بە بەڵگـەی کـرچ و کـاڵ و بـە نموونەی چرووك و کوێرەك دەست درێژی دەکەنە سەر قەوارەی ئەو جێناوە نازدارە، کـە سێتەکەی جیاوازە و بریتییە لە:

**(م ، یت ، ێت ، ین، ن ، ن)**

پارچەکانی ئەم سێتە جێناوە لە شەش جێناوی سادە پێکهاتوون و بە هیچ جۆرێك مۆرفیمی ئێستایی (ە) هەڵناگرن.(٢)

**چوارەم:** ئەگەر مۆرفیمی ئێستایی لە ئەو شەش رستەیەی پێشەوەدا، جێنـاو بـا، ئەوا ئەوەی پەسەند نەدەکرد کە بکرێت بە ( ڕابردوو). لە ئەم کردەوەیـەدا، لـە هـەر

(٢) : بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ بابەتی (٤).

شەش کەسەدا مۆرفیمی (ە) دەبێت بە (بوو) ، وەك:

ئەوان (من) یان پێویست (ە): ئەوان (من) یان پێویست (بوو)

ئەوان (تۆ) یان پێویست (ە): ئەوان (تۆ) یان پێویست (بوو)

ئەوان (ئەم) یان پێویست (ە): ئەوان (ئەم) یان پێویست (بوو)

ئەوان (ئێمە) یان پێویست (ە): ئەوان (ئێمە) یان پێویست (بوو)

ئەوان (ئێوە) یان پێویست (ە): ئەوان (ئێوە) یان پێویست (بوو)

ئەوان (ئەمان)یان پێویست (ە): ئەوان (ئەمان)یان پێویست (بوو)

کەواتە، مۆرفیمی ئێستایی (ە) جێناو نییە، بەلاَم لە ژێر سیبەری جێناوی لکاودایە. ئەو رەگەزە رێزمانییە وەك لەگەڵ هەر شەش کەسە رێزمانییەکەدا دەر کەوتووە، کەس و ژمارەی کەس هەڵناگرێت و سەرەرای ئەو راستییە، رێژەی رابردوویشی هەیە. بە واتایەکی تر، مۆرفمی ئێستایی (ە) بریتییە لە توخمی (کار)، بۆ کاری بوونی ئێستایی هەبوون، نەك توخمی(جێناو).



## بەرەنجام

- مۆرفیمی ئێستایی (ە) بریتی نییە لە (جێناو) بەلاَم ئالۆودەیە بە سێتە جێناوێکەوە لەچەشنی (م، یت، ە، ین، ن، ن).
- مۆرفیمی ئێستایی، سەرەرای کەسی سێیەمی تاك، بەهەر پێنج کەسە رێزمانییەکەی ترەوە دەردەکەوێت.
- لەرۆڵی (بەرکار)دا، کاتێك کە (جێناوی لکاو) دەگۆرێت بە (جێناوی جودا)، مۆرفیمی ئێستایی بەجێ دەمێنێت و دەرباز دەبێت لە سێبەری (جێناوی لکاو). ئەمەش بریتیە لە بەڵگەیەکی بەکار، بۆ ئەوەی پسوولەی (جێناو) وەربگرینەوە مۆرفیمی ئێستایی (ە).
- دەرکەوتنی مۆرفیمی ئێستایی (ە) لە جێی جێناوی کەسی سێیەمی تاك، دەگەرێتەوە بۆ ئەو راستییەی، کە لەهەر جێیەکدا سێتە جێناوەکە ئالۆودە بێت بە مۆرفیمی ئێستاییەوە، جێناوی کەسی سێیەمی تاك نادیارە. ئەم راستییەش وایکردووە لە رانەبردووی کاری (بوون و هەبوون) و لە (رابردووی تەواو)دا، مۆرفیمی (ە) سەت لە سەت ببێت بە (جێگرەوە)ی جێناوە نادیارەکەی کەسی سێیەمی تاك. بێگومان، سێتە جێناوی (م، یت، -ە، ین، ن، ن)، تەنهاو تەنها هەر لە ئەو دوو رووبەرە رێزمانییە دا هەیە و بەس.
- لە دەمکاتی رابردوودا، مۆرفیمی ئێستایی (ـە) رێژەی رابردووی (بوو) پیشان دەدات، چونکە لە توخمی (کار) پێك هاتووە، نەك (جێناو)، وەك: ئەو کورە برامـ (ـە): ئەو کورە برامـ (بوو).

## (٩)
# باری دوورتر و نزیك تر لە ڕێزمانی جێناوا

### پوختە

بێگومان ئامرازی نیشانە (ئاماژە)، باری دوور و نزیکی هەیە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا مۆرك نییە چونکە لە زمانانی تردا هەیە، بەڵام مۆرکایەتییەکە لە ئەوە دایە، کە باری (دوور و نزیکی) لە ڕێزمانی ئامرازی ئاماژەدا ئاکاری تایبەتی خۆی هەیە و ئەو ئاکارە جودایە دەبێت بە ئەو مۆرکەی کە جێی مەبەستە.

سەبارەت بە ناونیشانەکەی ئەم مۆرکە، جارێکی دی ڕوو دەکەینەوە لە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، بۆ ئەوەی بە بەراوردێکی ورد و دانسقە، هەبوونی مۆرکایەتی بسەلمێنین، لە ئاستی جێناوی کەسی سێیەمدا. (١)

### شیکار

لە ئاخاوتنی کوردیدا دەگوترێت:

**(ئەم) دەڵێت سیر (ئەو) دەڵێت پیاز**

**ئەم پەندە زۆر باوە و ڕەنگە زۆر کۆنیش بێت.**

یان، لە زمانی ڕۆژانەدا دەگوترێت:

**(ئەم) هات و (ئەو) ڕۆیشت**

**(ئەم) کردی و (ئەو) بردی**

(١) : بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ (گەلەیەك لەگەڵ ئامرازی ئاماژەدا)، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە(١٧) هەولێر ٢٠٠٠.



**(ئەمان) باشن بەڵام (ئەوان) وانین**

یان دەگوترێت:

**دڵی (ئەم و ئەو)م پێخۆش مەکە**

یان دەگوترێت:

**ئێمە (ئەم و ئەو) نین.**

لە ئەم ئاستەدا، دەبێت خوێنەر بیر بگوشێت و بتوانێت ڕەش و سپی لە یەکتری جودا بکاتەوە. بە واتایەکی دی، دەبێت بتوانێت تێبگات، کە ئەو وشانەی سەرەوە، کە لە نێو کەوانەدا دانراون، بە ڕاستی و بە دروستی بریتین لە (جێناو)، نەك لە(ئامرازی نیشانە). واتە، وشەکانی (ئەو ، ئەم ، ئەوان ، ئەمان ) جێناون، نەك (ئامرازی ئاماژە و نیشانە). لە ڕاستیدا، ئەو جێناوانە بریتین لە (کوانوو) بۆ ڕەگەزی ئاماژە (ە) و کاتێك کە ئەو ڕەگەزە وەردەگرن دەبن بە ئامرازی نیشانە، وەك:

| جێناو | ئامرازی نیشانە (ئاماژە) |
|---|---|
| ئەو | ئەوە |
| ئەم | ئەمە |
| ئەوان | ئەوانە |
| ئەمان | ئەمانە |

پاشان، ئەگەر ئەو ڕستانەی لە پێشتردا ڕیزکران، بگۆڕین بۆ زمانانی تر، وەك: عەرەبی و ئینگلیزی، دەبێت لە ( ڕێزمانی جێناو) دەربچین و پەنا ببەین بۆ (ڕێزمانی

ئامرازی نیشانە). هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە جێناوی کەسی سێیەم، لە زمانی کوردیدا، بەخنجی و بەقنجی باری دوور و نزیکی هەیە، بەلاَم لە ئەو زمانانەدا نیەتی. بۆ نموونە، لە زمانی عەرەبیدا، لە ڕێزمانی جێناودا نێر و مێ هەیە، وەك ( **هو، هی**)، کەچی باری (دوور و نزیکی) نییە. یان لە زمانی ئینگلیزیدا، لە ڕێزمانی جێناودا، نێر و مێ هەیە، وەك (he، she)، کەچی باری (دوور و نزیکی) نییە. لە بەرانبەردا، لە زمانی کوردیدا (کرمانجی ژێروو) باری (دوور و نزیکی) هەیە، کەچی باری (نێر و مێیی) نییە. بێگومان، ئەم دیاردەیە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە مۆرکێکی جوان و ئەو مۆرکە تواوەتەوە لە هەموو ئەو بابەتە ڕێزمانییەدا کە سەر کوانووی (جێناوی کەسی سێیەم) ڕۆنراون، وەك:

| | | جێناوی لکاو | ئامرازی نیشانە | ئامرازی گەیاندن |
|---|---|---|---|---|
| **دوور** | **تاك** | **ئەو** | **ئەوە** | **ئەوەی کە ......** |
| | **کۆ** | **ئەوان** | **ئەوانە** | **ئەوانەی کە.....** |
| **نزیك** | **تاك** | **ئەم** | **ئەمە** | **ئەمەی کە .....** |
| | **کۆ** | **ئەمان** | **ئەمانە** | **ئەمانەی کە .....** |

کەواتە، ئەو ( دوور و نزیکی)یەی کە لە زماناندا لە ئاستی (ئامرازی نیشانە و ئامرازی گەیاندن)دا هەیە، لە ڕێزمانی کوریدا ڕەگەکەی زەق و پوخت ئاشکرایە.(٢)

(٢) : بۆ زانیاری پتر، بڕوانە بۆ بابەتی(١٥).



## بەرەنجام

- لەرووی مۆرکایەتییەوە، باری دوورو نزیکی لە ڕێزمانی جێناوی کەسیدا هەیە. واتە، جێناوەکانی کەسی سێیەم (ئەو) و (ئەم) جیاوازن لە ئامرازی نیشانە (ئەوە) و (ئەمە)و هەردوو جێناوەکە بەئاشکرا باری دوورو نزیکیان پێوە ئالۆودەیە.
- لەباری (کۆ)دا، ئەو دوو جێناوە دەبن بە (ئەوان) و (ئەمان) و جیاوازن لە ئامرازی نیشانە (ئەوانە) و (ئەمانە).
- جێناوەکانی کەسی سێیەم ئاکاری دوورو نزیکی ڕاگوێز دەکەن بۆ سەر (ئامرازی نیشانە) و (ئامرازی گەیەنەر).
- بەپێی زانیاری ئێمە لە زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی،)دا، ئاکاری دوورو نزیکی لە جێناوی کەسیدا نییە و لەئامرازی نیشانەدا هەیە.
- بەکورتی و بەکوردی، هەردوو ڕوخساری خنج و قنجی جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) و (ئەم)، بریتین نین لە (جێناو) بریتی نین لە (ئامرازی نیشانە) و باری دوورو نزیکیش هەڵدەگرن.

## (١٠)
# ئامرازی ئاماژە لە ناخی بیردا خانەیەکی بۆش هەڵدەگرێت

### پوختە

لەزمانی کوردیدا، ئامرازی ئاماژە مۆرکێکی هەیە و ئەو مۆرکەش بریتییە لە هەڵگرتنی (بارگە) بە خانەی ناوەند. بۆ نموونە، ئەگەر گوترا:

**ئەوە: ئەمە**
**ئەوانە: ئەمانە**

ئەوا، ئەو ئامرازانە هەر بە روخسار و لەسەر لێو، وا بە وشەیەکی رووت و ساکار دەردەکەون. لە ناخی بیردا، هەر یەکێك لە ئەو وشانە گیرفانێکی تایبەتی وئەندازیارییانەیان هەیە و ئەو گیرفانە دەتوانێت ببێت بە (خانە) یەك و ڕێزمانی ( برگەی ناو: noun phrase) جێبکاتەوە.

### شیکار

لەشیکارێکدا بۆ ڕێزمانی (ئامرازی نیشانە) دەتوانین دوو راستی بخەینە روو:






کەواتە، منداڵە چاوگەشەکان، دەبێت بزانن کە هەر یەکێك لە چوار ئامرازەکەی ئاماژە، خانەیەکی بیرکاریانەی پتەو و نەگۆڕ و جێدار هەڵدەگرن لە ناخی بیردا، وەك:

| | جێناو | خانەی نێو بیر | نیشانەی کۆ | ڕەگەزی ئاماژە |
|---|---|---|---|---|
| تاك | ئەو | (....) | ----- | ە |
| | ئەم- | (....) | ----- | ە |
| کۆ | ئەو | (....) | ان | ە |
| | ئەم- | (....) | ان | ە |

لە ئەو خشتەیەدا، سەرەڕای خوویا بوونی مەبەستی بابەتەکە، کە بریتییە لە ئەو خانە بیرکاریانەیەی کە ئامرازی ئاماژە هەڵیدەگرێت، پێکهاتە سەرەتاییەکانی ئامرازی ئاماژە دەردەکەوێت کە بریتین لە:

**پێکهاتەی یەکەم:** جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو، ئەم).

**پێکهاتەی دووەم:** خانەیەکی بیرکاریانەی (بۆش)، کە لە کاتی پێویستدا بارگەی(ناو) هەڵدەگرێت.

**پێکهاتەی سێیەم:** خانەی نیشانەی (کۆ). ئەم خانەیە ئامرازی (ان) هەڵدەگرێت.

**پێکهاتەی چوارەم:** بریتییە لە رەگەزی ئاماژە (ە). ئەو رەگەزەی هەر سێ خانەکەی تر نازی دەکێشن و ئەگەر لە ریزەکەدا نەبێت، ئەوا قەوارەی ئامرازی ئاماژە خاپوور دەبێت.

لەگەڵ گشت ئەو زانیاریانەدا، ئەو چوار خانەیە ریزایەتی دەپارێزن و ئەگەر ریزیان تێکبچێت، ئەوا بنیادی ئامرازی ئاماژە لە ناخی بیردا تێکدەچێت. ئەوەش لە یاد نەکەین کە:

**یەکەم:** هەردوو خانەی (یەکەم و چوارەم) هەموو کاتێك هەن و بچوکترین قەوارەی ئامرازی ئاماژە پێکدەهێنن، وەك( ئەوە، ئەمە).

**دووەم:** خانەی سێیەم بۆی هەیە هەبێت، یان نەبێت. ئەگەر هەبێت، ئەوا ئامرازی کۆ (ان) هەڵدەگرێت، وەك (ئەوانە، ئەمانە).

**سێیەم:** خانەی دووەم بۆی هەیە هەبێت، یان بێ بارگە بێت. ئەگەر هەبێت، ئەوا (کۆمەڵەی ناو) هەڵدەگرێت، وەك (ئەو کچە، ئەم کچە)، یان (ئەو کچانە، ئەم کچانە).

**چوارەم:** لە رووی مۆرکایەتییەوە، نموونەکانی خاڵی پێشوو بە (گیرفان) یان بە (خانەیەکی ناوەندی) بارگەی (کچ) یان. هەڵیگرتووە، وەك:






کەواتە، سیمای مۆرکایەتی لە ئەوە دایە کە قەوارەی ئامرازی ئاماژە دوو کەرت بووە و هەر دوو کەرتەکە پاش و پێشی بارگەکەیان گرتووە و بە (باوەش) هەڵیانگرتووە. بۆ نموونە. لە رێنووسدا، بە هیچ جۆرێك (کەلێن) ناخرێتە نێوان هەردوو کەرتەکە و بارگەکە، چونکە نانووسرێت:

**ئەو --- کچ --- ـە**

**ئەم --- کچ --- ـە**

لە بەرانبەردا، لە زمانانی تردا، ئەگەر (کەلێن ) نەخرێتە نێوان ئامرازی ئاماژە و بارگەکەی، ئەوا رێنووسەکە دەشێوێت. بۆ نموونە لە عەرەبیدا، وشەی (هذا) نالکێت بە وشەی (الرجل) و دەبێت لە کاتی چاپکردندا بە کەلێن (space) لەسەر کیبۆردەکە جودایان بکەینەوە. بە هەمان شێوە، ناتوانین لە ئینگلیزیدا، وشەی (This) بلکێنین

به وشەی (man) ەوە.

لە راستیدا، زمانی کوردی وەك ئەو زمانانە نییە و دانانی (کەلێن) دەبێت بە ناڕێزمان. بۆ نموونە، ئەگەر کەلێنێك خرایە نێوان کەرتی یەکەم (ئەو) و وشەی (کچ)...، وەك:

**ئەو -- کچە**

ئەوا، واتاکە دەبزرکێت و چەواشە دەبێت بە دیوی کاری (بوون)دا، چونکە وشەی (ئەو) دەگەڕێتەوە بۆ سەر باری (جێناو)، وەك:

**ئەو --- کچە و ئەم -- کوڕە**

لە ئێرەدا، دەردەکەوێت کە رێزمانەکەمان و چەند جیاوازە لە هی زمانانی تر. کەواتە، هەڵگرتنی (بارگە) بە باوەشی ئامرازی نیشانە بریتییە لە مۆرك و ئەو مۆرکەش لە زمانەکەدا رەگی هەیە و لە ناخی بیری هەمووماندا بنیادی هەیە و ئەو بنیادە پتەوە و نەگۆڕە و خۆی خۆی راست دەکاتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر خوێنەرێك بە سفتی ئەم بابەتەی خوێندەوە، دەتوانیت بە سەرنجێکی ورد و زرنگ و ژیرانە تێبگات کە نووسینی دەستەواژەی (ئەم کچە) هەڵەیە لە رووی رێنووسەوە و دەبێت بنووسرێت (ئەمکچە). ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئاکارەکانی پیتی (م) کە بۆی هەیە لە کلکەوە بلکێت بە پیتی ترەوە، بەڵام لە ئەوێدا بەخشراوە، چونکە لە دەستەواژەی (ئەو کچە)دا، پیتی (واو) ناتوانێت، لە کلکەوە لکان پەیدابکات. هەر لەبەر ئەوە، پیتی (م) نالکێنین بە پیتی (ك)ەوە، چونکە لە دەستەواژەی (ئەو کچە)دا ناتوانین پیتی(واو) بلکێنین بە پیتی (ك)ەوە. واتە، رێنووسی دەستەواژەی (ئەم کچە) بە پێوانەی رێنووسی (ئەو کچە) دانراوە. کەواتە، ئەگەر لەسەر کیبۆردیش کەلێن



(space) دابنێین بۆ ئەوەی پیتی (م) نەلکێت بە پیتی (ك)ەوە، ئەوا هەڵەیەك دەخەینە سەر بنیادی دەستەواژەکە، چونکە لە دەستەواژەی (ئەو کچە)دا پێویستیمان بە ئەو کەلێنە نییە و پیتی (و) هەر خۆی لە بنچینەوە، لە کلکەوە (لکان) پەسەند ناکات.

## بەرەنجام

- ئامرازی نیشانە لە دوو کەرتی سەرەکی پێکهاتووە. کەرتی یەکەم بریتییە لە جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) و (ئەم) و کەرتی دووەم بریتییە لە رەگەزی نیشانە (ە)، وەك (ئەوە) و (ئەمە).
- لەنێوان هەردوو کەرتەکەدا، ئامرازی نیشانەی خانەیەکی بۆش هەڵدەگرێت بۆ بارگەی (ناو). ئەو خانەیە، هەندێك جار لەسەر زار لادەچێت بەڵام لە ناخی بیردا هەر دەمێنێت.
- لەباری کۆدا، ئامرازی کۆ (ان) دەچێتە سەر رەگەزی ئاماژە (ە) و دەی کات بە (انە)، وەك (ئەوانە) و (ئەمانە).

## (١١)

# له ئامرازی ئاماژەدا، نیشانەی کۆ (ان) تایبەتمەندی خۆی هەیە

### پوختە

وەك لە زمانانی تردا ئامرازی (کۆ) ئاشکرایە و دەچێتە سەر (ناو)ی تاك و دەی کات بە (کۆ)، لە زمانەکەی ئێمەدا تەم و مژ هەیە، چونکە وا بەئاسانی ناچێتە سەر (ناو)، بەس دەچێتە سەر (ئاوەڵناوی کەسان). لە زمانی کوردیدا، ئامرازی کۆ (ان) بەرەهایی دەچێتە سەر ئامرازی (ەکە) و (ئامرازی نیشانە) و (ئامرازی گەیەنەر) و لەرێگای ئەوانەوە، دەچێتە سەر (ناو). هەر لەبەر ئەوە، ناشێت بگوترێت (دیواران)، بەس دەشێت بگوترێت (دیوارەکان)، یان (ئەو دیوارانە)، یان (ئەو دیوارانەی کە .....). کەواتە، ئامرازی کۆ (ان) باری تایبەتی خۆی هەیەو ڕێزمانی زمانانی تر[1] دادی نادات.

### شیکار

لە زمانی کوردیدا، نیشانەی کۆ (ان)، برەوی زۆرە بەڵام برەوەکەی زۆر بەرتەسکە لە ئاستی (ناو)دا. بۆ نموونە دەگوترێت:

نووسەران، کوردان، ئافرەتان ، ژنان، منداڵان، لاوان، قوتابیان، ئەندازیاران، پارێزگاران، پارێزەران، ....هتد

(١) : بڕوانە بۆ، تایبەتمەندی لە رەفتاری ئامرازی کۆ(ان)دا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە(١٩٩)، هەولێر ٢٠٠٥.



لە ئەم نموونانەدا، باری کۆ پەسندە و ڕێزمانییە و دەشێت نیشانەی ناساندن (ەکە) وەربگرێت، وەك:

**نووسەرەکان، کوردەکان، ئافرەتەکان، ژنەکان، منداڵەکان، لاوەکان، قوتابییەکان، ئەندازیارەکان، پارێزگاکان، پارێزەرەکان، ..... هتد**

بەرانبەر بە ئەم نموونانە، دەبینین نموونەی تر هەیە، کە نیشانەی کۆ (ان) بە رووتی پەسەند ناکەن، کەچی، لەگەڵ نیشانەی ناساندندا پەسەندی دەکەن. بۆ نموونە ناگوترێت:

**بەردان، خانووان، دیواران، کورسییان، مێزان، پەنجەران، دارستانان، ..... هتد کەچی دەگوترێت:**

**بەردەکان، خانووەکان، دیوارەکان، کورسییەکان، مێزەکان، پەنجەرەکان، دارستانەکان ...... هتد**

یان لەگەڵ ئامرازی نیشانەدا پەسندی دەکەن وەك:

**ئەو بەردانە، ئەو خانووانە، ئەو دیوارانە، ئەو مێزانە، ئەو پەنجەرانە، ئەو دارستانانە....**

بەهەمان شێوە لە ئامرازی گەیەنەردا، هەر پەسەندی دەکەن، وەك ( ئەو بەردانەی کە ....).

لە راستیدا، ئەم دیاردەیە ختووکەیەك دەهێنێت بە دڵدا و وامان لێ دەکات کە بڵێین، هەندێك لە بابەتە ڕێزمانییەکان ئامرازی کۆ (ان)ی تایبەتییان هەیە، وەك:

**یەکەم:** جێناوی کەسی سێیەمی تاک:

**ئەو ← ئەو(ان)**

**ئەم ← ئەم (ان)**

**دووەم:** ئامرازی ناساندن (ەکە):

**خانووەکە ← خانووەك(ان)**

**بەردەکە ← بەردەك (ان)**

**سێیەم:** ئامرازی نیشانە:

**ئەوە ← ئەو(ان) ە**

**ئەمە ← ئەم (ان) ە**

**چوارەم:** ئامرازی گەیاندن:

**ئەوەی کە هات : ئەو(ان)ەی کە هاتن**

**ئەمەی کە دانیشت: ئەم(ان)ەی کە دانیشتن**

لە ئەم ئاستەدا، دەتوانین چەند خاڵێك بخەینە روو، وەك:

**یەکەم:** وەك جێناوی کەسی سێیەم نیشانەی کۆ(ان)ی وەرگرتووە، هەر بابەتێکی ڕێزمانی لەسەر کوانووی جێناوی کەسی سێیەم ڕۆنرابێت، ئەوا نیشانەی کۆ (ان) وەردەگرێت. بۆ نموونە، ئامرازی نیشانە و ئامرازی گەیاندن، دەبێت ئەو ئامرازە وەربگرن، چونکە لە بنیادەوە (جێناوی کەسی سێیەم)یان وەرگرتووە.

**دووەم:** وەك ئامرازی نیشانە و ئامرازی گەیاندن لە ڕێگای جێناوی کەسی سێیەمەوە، ئامرازی کۆ (ان)یان وەرگرتووە، هەر بارگەیەك کە ئەو ئامرازانە پەسەند بکەن، دەبێت نیشانەی کۆ (ان) پەسەند بکەن. بۆ نموونە (خانوو) نابێت بە (خانووان)، بەڵام لەگەڵ ئامرازی نیشانەدا بە ناچاری پەسەندی دەکات، وەك( ئەو خانووانە).



**سێیەم:** ئامرازی ناساندن (ەکە) هەر لە بنجەوە نیشانەی کۆ (ان)ی وەرگرتووە و بووە بە (ەکان).

**چوارەم:** وەك ئامرازی ناساندن(ەکە) نیشانەی کۆی وەرگرتووە، دەبێت هەر بارگەیەك کە ئامرازی (ەکە) پەسەند بکات، نیشانەی کۆش پەسەند بکات. بۆ نموونە، وشەی (خانوو) ناکرێت بە (خانووان) بەلاّم، وەك دەبێت بە (خانووەکە)، دەبێت ئامرازەکەش پەسەند بکات و ببێت بە (خانووەکان).

**پێنجەم:** وشەی (خانوو)، لە خاڵی دووەمدا لە ڕێگای ئامرازی نیشانەوە و لە خاڵی چوارەمدا لە ڕێگای ئامرازی (ەکە)وە نیشانەی کۆی وەرگرتووە. ئەگەرنا، وشەی (خانوو) بەراستەوخۆیی ناتوانێت نیشانەی کۆ (ان) وەربگرێت.

بەپێی ئەم خاڵانەی سەرەوە، لە نموونەی ( خانووەکان) و ( ئەو خانووانە)دا، پێدەچێت کە نیشانەی کۆ (ان) بریتی نەبێت لە ئەو نیشانەیەی کە وشەی (پارێزەران)دا هەیە، بەلاّم بریتییە لە ئەو نیشانەیەی کە لە بنیادی ئامرازی ناساندن (ەکە) و ئامرازی نیشانە ( ئەوە ، ئەمە)دا هەیە. هەر لەبەر ئەوە، هەر یەکێك لە ئەو ئامرازانە بوون بە ( دووان)، یەکێك بۆ (تاك) و یەکێك بۆ (کۆ)، وەك (ەکە: ەکان) یان (ئەوە ، ئەمە) و (ئەوانە ، ئەمانە).

کەواتە، بەرتەسکی نیشانەی کۆ (ان) لە ئەوەدایە کە (ناو) پەسەند ناکات، بەلاّم ئەم بابەتانە پەسەند دەکات:

**١- ئاوەڵناو، وەك:**

**جوان: جوانان**

**مامۆستا: مامۆستایان**

**ئیشکەر: ئیشکەران**

**نۆکەر : نۆکەران**

٢- ئامرازی ناساندن (ەکە)، وەك :

پیاوەکە : پیاوەکان

ژنەکە : ژنەکان

٣- جێناوی کەسی سێیەم، وەك:

ئەو : ئەوان

ئەم : ئەمان

٤- جێناوی لکاو، وەك:

م : مان

ن : تان

ی : یان

٥- ئامرازی نیشانە، وەك :

ئەوە : ئەوانە

ئەمە : ئەمانە

٦- ئامرازی گەیاندن، وەك:

ئەوەی کە .... : ئەوانەی کە.....

ئەمەی کە .... : ئەمانەی کە ....



## بەرەنجام

- هەر کاتێك کە نیشانەی (کۆ) بە (ناو)ەوە بینرا، ئەوا راستەوخۆ نییە و بە بۆنەی کەرەستەیەکی ترەوە وەریگرتووە و ئەو کەرەستانەش لە سەرەوە ریزکراون.
- بەواتایەکی دی، ئەگەر ویستمان (ناو)ێك بکەین بە (کۆ) دەبێت لە دەرگای یەکێك لە ئەم کەرەستانە بدەین: ئامرازی ناساندن (ەکە)، یان ئامرازی نیشانە، یان ئامرازی گەیاندن.
- پێ دەچێت کە (ئاوەڵناو) ئامرازی کۆ (ان) بەراستەوخۆیی وەربگرێت.
- لەبەر رووناکی ئەو خاڵانەی سەرەوە، دەشێت بە چاوی (مۆرکایەتی)یەوە سەیری نیشانەی کۆ (ان) بکەین و رێزمانەکەی بەجۆرێك گەڵاڵە بکەین، کە جودابێت لە هی زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی).

## (١٢)
# ئامرازی ئاماژە باری نزیکتری هەیە نەك دوورتر

**پوختە**

لە ئەو زمانانەدا کە ئێمە نەختێکی لێ دەزانین ، ئامرازی ئاماژە باری دوور و نزیکی هەیە. بۆ نموونە لە عەرەبی دا (هذا و هذه) هەیە بۆ باری نزیك و (ذلك و تلك) هەیە بۆ باری دوورتر. بە هەمان شێوە ئەم دیاردەیە، وەك بۆ (تاك) دەرکەوتووە، بۆ (کۆ)ش دەردەکەوێت. لە زمانی ئینگلیزیدا، هەمان دیاردە دووبارە دەبێتەوە، وەك چۆن (This) و(These) هەیە بۆ باری نزیك، ئامرازی (That) و (Those)هەیە بۆ باری دوورتر. لە زمانی کوردیدا، ئامرازی ئاماژە (ئامرازی نیشانە) بە هەمان شێوە ئەو دابەش بوونەی هەیە. لەرووی مۆرکایەتییەوە، وەك جیاوازییەك لەگەڵ زمانانی تر، ئامرازەکانی (ئەوە و ئەوانە)، کە باری دوورتر دیاریدەکەن، گشتین لە بەکارهێناندا و ئامرازەکانی (ئەمە و ئەمان)، کە باری نزیکتر دیاریدەکەن، گشتی نین. ئەم دیاردەیە دژئاراستە دەوەستێت لەگەڵ زمانانی تردا.

**شیکار**

لەسەرەتادا، هەرچوار ئامرازەکەی نیشانە دەخەینە روو، وەك:

| | باری نزیك | باری دوور |
|---|---|---|
| تاك | ئەمە | ئەوە |
| کۆ | ئەمانە | ئەوانە |



وەك جیاوازیی لەگەڵ عەرەبی و ئینگلیزیدا، لە زمانی کوردیدا، ئامرازی (ئەوە و ئەوانە )باری گشتی دەنوێننن و برەویان زۆرە لە بەکارهێناندا. بەڵام ئامرازی (ئەمە و ئەمانە) باری تایبەتی دەنوێنن بۆ (نزیك) و برەویان زۆر نییە لە گفت و گۆدا. بە واتایەکی تر، ئامرازەکانی زمانی عەرەبی (ذلك و تلك) و ئامرازەکانی زمانی ئینگلیزی (Those That)، باری تایبەتی دەنوێنن و بۆ (دوورتر) بەکاردەهێنرێن. کەچی، ئامرازە تایبەتییەکانی زمانەکەی ئێمە، وەك (ئەمە و ئەمانە) بۆ (نزیکتر) بەکاردەهێنرێن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا شەبەنگی مۆرکایەتی هەڵدەگرێت و زمانەکە جودا دەکاتەوە لە زمانانی تر.

**شیکار**

بۆ نموونە، ئەگەر لە کوردیدا رستەیەك بەکار هات، وەك:

**ئەو پیاوە**

ئەوا، لە عەرەبیدا دەگوترێت:

**هذا الرجل**

لە ئینگلیزیدا دەگوترێت:

**This man**

ئەو سێ بەکارهێنانە (ئەوە، هذا، This) باری گشتی دەنوێنن و برەویان زۆرە لە بەکارهێناندا. ئێستاش، ئەگەر پیاوێکی (دوورتر) دیاریبکەین، لە عەرەبی دەڵێین:

**ذلك الرجل**

لە ئینگلیزیدا، دەگوترێت:

**That man**

کەچی لە زمانی کوردیدا، ناتوانین باری (دوورتر) دیاریبکەین چونکە ئامرازی (ئەوە)، کە باری گشتی دەنوێنێت، خۆی دەبێت بە دوورتر، مەگەر پیاوێکی (نزیکتر) دیاریبکەین، وەك:

**ئەم پیاوە**

کەواتە، ئامرازە تایبەتییەکانی زمانی عەرەبی (ذلك) و زمانی ئینگلیزی (That) باری (دوورتر) دیاریدەکەن، بەڵام ئامرازە تایبەتییەکەی زمانی کوردی (ئەمە)، باری (نزیکتر) دیاری دەکات. ئەوەش بە بیر دەخەینەوە، کە ئامرازی نیشانە (ئەوە ، ئەوانە) باری گشتی دەنوێنن و ئاماژەی (دوور و نزیك دیاری ناکەن)، مەگەر ئامرازی تایبەتی (ئەمە، ئەمانە) بهێنە ئاراوە و باری ( نزیکتر) دیاریبکەن و ئامرازەکانی (ئەوە، ئەوانە) ناچار بکەن کە واز بهێنن لە باری گشتی (بۆ دوور و بۆ نزیك ) و باری (دوورتر) دیاریبکەن. بۆ نموونە ئەگەر گوترا:

ئەو پیاوە: ئەو پیاوانە

مەرج نییە باری (دوور و نزیك) دیاریکرا بێت، بەڵام ئەگەر گوترا:

**ئەم پیاوە و ئەو پیاوە**

**ئەم پیاوانە و ئەو پیاوانە**



ئەوا، باری (دوور و نزیك) بە جوانی دابەشدەکرێت و هەردوو جۆرە ئامرازەکە دەچنە ژێر رکێفی باری تایبەتییەوە و (ئەمە و ئەمانە) دەبن بەهی (نزیکتر) و (ئەوە و ئەوانە) دەبن بە هی (دوورتر).

**بەرەنجام**

- سەبارەت بە مۆرکایەتی، لەزمانانی تردا باری (نزیك) بەربڵاوە لە بەکارهێناندا بەرادەی باری (دوور)، کەچی لەزمانی کوردیدا باری (دوور) بەربڵاوە گشتییە، بەرادەی باری (نزیکتر).
- بەپێی خاڵی پێشوو، لە زمانی کوردیدا ئامرازی (ئەوە) برەوی زۆرترە و گشتییە، کەچی لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا، باری نزیك (هذا) و (This) بەریزە، برەویان زۆرترە.

## (١٣)
# بزاڤی تەرخان کردن لە قەوارەی ئاوەڵناودا

**پوختە:**

لە کرۆکی قەوارەی ئاوەڵناودا خانەیەك هەیە بۆ تەرخانکردنی ئاوەڵناوەکە. ئـەم خانەیە ناوێك هەڵدەگرێت، وەك:

**بالاّ جوان**
**چاو جوان**
**ئیش جوان**
**جل جوان** ← **(ـــــ جوان)**
**پرچ جوان**
**دەست جوان**
..........

دەروازەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوە تایبەتییە والاّیە و کراوەیە بۆ پەیداکردنی چـەندین ئاوەڵناو بۆ رەنگین کردنی زمانی نووسین. ئەم ئاوەڵناوانە بە ئەم میکانیزمە تایبەتییە کوردییە دروستدەبن و رووبەری فەرهەنگی زمانەکە بەرین دەکەنەوە.[1]

(١) : بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ (چەند وێستگەیەك لە رێزمانی ئاوڵناودا)، گۆڤاری (کاروان)،ژمارە (٢٠٥)، هەولێر ٢٠٠٦.



**شیکار**

ئاوەڵنـاوی (جـوان) واتایـەکی گـشتی و بـێ لایـەنی هەیـە، بـەلاّم ئاوەڵنـاوە تایبەتییەکانی واتایەکی تەسك و لایەنداریان هەیە. بۆ نموونە، ئاوەڵناوی (چاو جـوان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە چاوی جوانە و ئاوەڵناوی (ئیش جوان) دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەو کەسـەی کـە ئیـشی جوانـە. سـەرەڕای ئـەو ئاوەڵنـاوە سـادەیەی سـەرەوە، ئاوەڵناوەکانی تریش دەتوانن بزاڤـی تـەرخانکردن بنـوێنن. بۆنموونـە، ئاوەڵناوەکـانی (بەهێز: بێهێز) دەشێت تەرخانبکرێن، وەك:

- **بەهێز: دڵ بە هێز**
- **بێهێز: دڵ بێهێز**

بەهەمان شێوە، هەندێك ئاوەڵناوی تر کـە لـە کـارەوە وەرگـیراون، دەتـوانن خـۆ تەرخانبکەن وەك:

- **سووتاو: دەست سووتاو**
- **کوژراو: باوك کوژراو**
- **سووتێنراو: دەست سووتێنراو**

ئەوەی سەیرە لە ئەو ئاوەڵناوانەدا، ئەوەیە کە یەك قەوارەیان هەیە و هەر یەکجار دەتوانن ئامرازی ناسراوی (ەکە)، یان ئامرازی نیشانە وەربگرن، وەك:

**پیاوە جل جوانەکە**
**پیاوە دڵ بەهێزەکە**
**پیاوە دڵ بێهێزەکە**
**پیاوە دەست سووتاوەکە**

ئێستاش، دەتوانین نیگارێگ بکێشین بۆ ئەو میکانیزمەی کە لە قەوارەی ئاوەڵناوەوە، قەوارەی ئاوەڵناوی تەرخانکراو، چێدەکات.




لە ئەو میکانیزمەدا، وشەی (پرچ) بەرێکەوت بەرانبەر بە ئاوەڵناوی جوان وەستێنراوە و ئاوەڵناوی تەرخانکراوی (پرچ جوان) چێبووە. ئەو ئاوەڵناوەش بە ئەم چەشنە وەردەسوورێت لەگەڵ ئامرازی ناساندن (ەکە)دا.






**بێگومان، ئەگەر لە جیاتی:**

**پرچ جوانەکە**

**بەهەڵە بڵێین:**

**پرچە جوانەکە**

ئەوا، لە میکانیزمی تەرخانکردن دەردەچین، چونکە هەر دوو نموونەکە بە ئەم چەشنە دەگەرێنەوە بۆ سەر رەسەنی خۆیان:

پرچ جوانەکە: کچە پرچ جوانەکە: کچی پرچ جوان

پرچە جوانەکە: پرچی جوان

کەواتە، دەرکەوتنی ئامرازی (ە) دەبێت بە هۆی بزرکانی واتای ئاوەڵناوی تەرخانکراو. لە نموونەی یەکەمدا ئاوەڵناوی (پرچ جوان) دەگەڕێتەوە بۆ (کچێك)و ئاوەڵناوی (جوان) دەگەڕێتەوە بۆ (پرچ)ی ئەو کچە. کەچی، لە نموونەی دووەمدا هەر ئاوەڵناوی (جوان) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (پرچ).

## بەرەنجام

- لەزمانی کوردیدا، هەر لەبنیادەوە (ئاوەڵناو) خانەیەك هەڵدەگرێت بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی (تەرخانکراو)، وەك (چاو جوان، بالا بەرز، دڵشاد، .......).
- دەرگای ئەو خانەیە والایە لە بۆ هەر (ناو)ێکی بەجێ کە بتوانێت پڕی بکاتەوە.
- هەر وشەیەکی زمانی کوردی کە (توخمی ئاوەڵناو) هەڵبگرێت، دەتوانێت ئەو خانە بۆشە بخاتە گەڕ بۆ (تەرخانکردن).
- بارگەی خانەی تەرخانکردن بریتییە لە(ناو)ێکی رووت و بێ لایەن لە ناسراوی.



## (١٤)
## ئامرازی بەستن دوو روخساری هەیە بۆ ئاوەڵناو

### پوختە

یەکێك لە ئاکارەکانی ئاوەڵناو بریتییە لە وەرچەرخاندنی روخساری ئامرازی بەستن (ی) بۆ روخساری (ە)، بە مەرجێك کە دەستەواژەکە ببێت بە بارگەی ئامرازی ناسراوی (ەکە)، یان ئامرازێك لە ئامرازەکانی نیشانە (ئەو - ە ، ئەم-ە، ئەو - وانە، ئەم - انە). ئەو دیاردەیە تەنها لە دەستەواژەی ( ئاوەڵناو)دا روو دەدات و لە دەستەواژەی (ناو)دا روونادات.

### شیکار

بۆ روون کردنەوەی ئەم بابەتە دەتوانین، چەند هەنگاوێك بگرینەبەر، وەك:

**یەکەم** - دەستەواژەی (ناو + ی + ئاوەڵناو)

**شەو (ی) تاریك**

**رۆژ (ی) رووناك**

**دووەم** - دەستەواژەی ( ناو + ی+ ناو)

**شەو(ی) زستان**

**رۆژ(ی) هاوین**

بۆ جوداكردنەوەی هەردوو ئاوەڵناوی ( تاریك، ڕووناك)  لە هەردوو ناوی (زستان، هاوین)، دەتوانین هەر چوار نموونەكە بار بكەین لە ئامرازی ناسراوی (ەكە) و لە ئامرازی نیشانە (ئەو -- ە) بۆ گۆڕینی ئامرازی بەستن(ی) بۆ (ە) وەك:

**شەو(ی) تاریك: شەو (ە) تاریكەكە**

**: ئەو شەو(ە) تاریكە**

**ڕۆژ(ی) ڕووناك: ڕۆژ(ە) ڕووناكەكە**

**: ئەو ڕۆژ(ە) ڕووناكە**

كەواتە، دەتوانین ڕوخسار گۆڕینی ئامرازی بەستن (ی) بكەین بە پێوەر و ئەندازە بۆ ناسینەوەی ئەو ئاوەڵناوانەی كە دەكەونە پاش ئامرازی بەستن (ی). بۆ نموونە ناگوترێت:

**شەو (ە) زستانەكە (*)**

**ڕۆژ (ە) هاوینەكە (*)**

چونكە واتای (ناو)ی (زستان) یان (هاوین) بە زۆرلێكردن دەگۆڕێت بۆ واتای (ئاوەڵناو). ئەو جۆرە دەستەواژانە بۆیان هەیە ببن بە:

**شەوەكەی زستان**

**ڕۆژەكەی هاوین**



یان،

**شەوی زستانەكە**

**ڕۆژی هاوینەكە**

یان،

**شەوەكەی زستانەكە**

**ڕۆژەكەی هاوینەكە**

بەرانبەر بە ئەم نموونانەی ( ناو + ی + ناو)، دەستەواژەی (ناو+ ی+ ئاوەڵناو) ئامرازی (ەكە) تەنها هەر بەیەك شێوە پەسەند دەكات، كە بریتییە لە (شەوە تاریكەكە، ڕۆژە ڕووناكەكە).

سەرەڕای ئەوەی گوترا، لەگشت دەستەواژەیەكدا كە ئاوەڵناوی تێدا بێت، ڕیزبەندی (ناو+ی+ئاوەڵناو) دەپارێزێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ویسترا میكانیزمی بەستنەكە بگۆڕدرێت بۆ بەستن بە ئامرازی (ە) لە جێی ئامرازی (ی )، ئەوا ئاوەڵناوەكە دەچێتە جێی ناوەكە لە بەراییدا و ناوەكەش دەچێتە جێی ئاوەڵناوەكە، وەك:

**سێو(ی) ترش : ترش(-ە) سێو**

**گوڵ(ی) سوور : سوور (ە) گوڵ**

**موو(ی) گەند : گەند(ە) موو**

**شەو(ی) تاریك : تارك(ە) شەو**

**پیاو(ی)بۆر : بۆر(ە) پیاو**

بەرانبەر بە ئەم دیاردەیە، لە دەستەواژەی (ناو + ی + ناو)دا، ئەگەر ئامرازی (ی) بگۆڕین بە (ە) پێویست بە ئەوە ناكات كەجێی ناوەكان ئاڵو گۆڕ بكەین، وەك:

دەرد(ی)سەر : دەرد(ە) سەر

ژان(ی)سك : ژان(ە) سك

دار(ی) توو : دار(ە) توو

چاو(ی) ماسی : چاو(ە) ماسی

## بەرەنجام

- ئامرازی بەستن (ی) ئەگەر بکەوێتە پێش (ناو)، جیاوازە لە ئەوەی کە بکەوێتە پێش (ئاوەڵناو).
- ئەگەر ئامرازی (ی) بکەوێتە پێش (ئاوەڵناو) دەشێت دوو روخساری هەبێت، وەك (ی) و (ە).
- روخساری ئامرازی بەستن (ە) کاتێك دەردەکەوێت کە دەستەواژەکە بووبێت بە (بارگە)ی چەند بابەتێکی ڕێزمانی وەك ئامرازی ناساندن (ەکە)، ئامرازی نیشانە (ئەو------ ە) و ئامرازی گەیەنەر (ئەو ------ ەیکە....). بەنموونەش، وەك (کچە جوانەکە، ئەو کچە جوانە، ئەو کچە جوانەی کە.........).



## (١٥)
## جێناوی کەسی سێیەم بریتییە لە بنەواشە بۆ چەند بابەتێکی تر

### پوختە

لەڕێزمانی کوردیدا، بەئاشکرا دیارە کە جێناوی کەسی سێیەم، (ئەو) بۆ باری گشتی و (ئەم) بۆ باری نزیك، بریتییە لە باتلۆیەك بۆ داڕشتنی ئامرازی نیشانە وەك (ئەوە) بۆ باری گشتی و (ئەمە) بۆ باری نزیك. لەهەمان کاتدا، ئامرازەکانی نیشانە بریتین لە کوانوو بۆ داڕشتنی ئامرازی گەیەنەر، وەك (ئەوەی کە.....) بۆ باری گشتی و (ئەمەی کە....) بۆ باری نزیکتر. لە ئەم داڕشتنەدا، چی باری (دوور و نزیك) و چی نیشانەی کۆ (ان) لە جێناوی کەسی سێیەمەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئامرازی نیشانەو ئامرازی گەیەنەر.

### شیکار

لە پێش ئەوەدا کە دەستبکەین بە باسکردنی ئەو بابەتانەی کە لە سەر کوانووی جێناوی کەسی سێیەمی تاك رۆنراون، بە باشی دەزانین کە هەندێك لە ئاکارەتایبەتییەکانی ئەو کەسە ڕێزمانییە بخەینە بەرچاو:

□ جێناوی کەسی سێیەمی (تاك) بریتییە لە (ئەو) و هی (کۆ) بریتییە لە (ئەوان).

□ وەك مۆرکۆکەیەکی تایبەتی، بە ڕاستەوخۆیی لە جێناوی کەسی سێیەمدا باری (نزیکتر) هەیە، وەك:[1]

(١) :بڕوانە بۆ بابەتی (٩).

| باری نزیکتر | باری گشتی | ژمارەی کەس |
| --- | --- | --- |
| ئەم | ئەو | تاك |
| ئەمان | ئەوان | کۆ |

□ بە پێی خاڵی پێشوو، هەردوو جێناوی (ئەو ) و (ئەوان) بە شێوەیەکی گشتی لە بەکارهێناندان، بەڵام دوو جێناوەکەی دیکە کاتێك پەیدا دەبن کە بەراوردی ئاماژەیی هەبێت لە نێوان دوو بەرەدا.

□ بە تەنها لە کەسی سێیەمدا، بە جوانی و بە ئاشکرایی دەبینرێت کە جێناوی (کۆ) ، بە ئەم چەشنە ڕۆنراوە:

| | |
| --- | --- |
| ئەو + ئامرازی کۆ (ان) ← | ئەوان |
| ئەم + ئامرازی کۆ (ان) ← | ئەمان |

□ لە کەلەپووری زمانەوانیدا، چەند نموونەیەك هەیە کە تێیدا هەردوو بارەکەی جێناوی کەسی سێیەم بەکارهێنراون، وەك:

(ئەم) دەڵێت سیر (ئەو) دەڵێت پیاز

یان،

با (ئەم و ئەو ) نەزانن

یان،

لە (ئەم) بێت و لە (ئەو) بێت ....

یان،

(ئەم) و (ئەو ) ی پێ ناوێت ....



لە نموونەی یەکەم و سێیەمدا، هەردوو کەسەکە کراون بە دوو لایەن لە گەمە سنتاکسییەکەدا. لە نموونەی دووەمدا، هەردوو جێناوەکە کراون بە دەستەواژەیەك بۆ بەخشینی واتایەك لە چەشنی (الغرباء). واتە، ئەو کەسانەی کە نە لە ئێمەن (جێناوی کەسی یەکەم) و نە لە ئێوەن (جێناوی کەسی دووەم). یان، ئەو کەسانەی کە جێناوەکانی کەسی سێیەم دایان دەپۆشێت. لە خشتەی داهاتوودا، ریزێك لە ئەو بابەتە رێزمانیانە دەخەینە روو، کە ماك و مۆرکی کەسی سێیەمی تاك زۆر بە روونی دیارە پێیانەوە.

| بابەت | باری گشتی | بارە نزیکتر (تایبەتی) |
| --- | --- | --- |
| جێناوی کەسی | ئەو | ئەم |
| ئامرازی ئاماژە | ئەوە | ئەمە |
| ئامرازی گەیێنەر | ئەوەی کە... | ئەمەی کە... |
| ئامرازی (تا) | ئەوەتا | ئەمەتا |
| ئامرازی (جێ) | ئەوێ | ئەمێ (ئێرە) |
| ئامرازی (کات) | ئەوسا | ئەمسا (ئێستا) |
| ئامرازی (جار) | ئەوجا | ئەمجا |
| ئامرازی (هەند) | ئەوەندە (ئەوهەندە) | ئەمەندە (ئەم هەندە) |

لە بەشی داهاتوودا، رووددەکەین لە ئامرازی ئاماژە و ئامرازی گەیەنەر، تا بتوانین بە وردی و بە جوانی بابەتەکە لێکبدەینەوە:

**جۆری یەکەم: ئامرازی ئاماژە**

**یەکەم:** ئامرازی سادە، واتە ئامرازی رووتی بێبارگە، وەك:

| کەس | گشتی | نزیکتر |
|---|---|---|
| تاك | ئەوە | ئەمە |
| کۆ | ئەوانە | ئەمانە |

**دووەم:** ئامرازی لێکدراو لەگەڵ (برگەی ناو)، واتە ئامرازی بارکراو بە بارگەی (کۆمەڵەی ناو)، وەك:

| کەس | باری گشتی | باری نزیکتر |
|---|---|---|
| تاك | ئەو (....) ە | ئەم- (...) ە |
| کۆ | ئەو (...) انە | ئەم- (...) انە |

دەربارەی ئامرازی ئاماژە چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

١- ئامرازی ئاماژە (ئەوە) گشتییە و دیوێکی تری هەیە لە چەشنی (ئەمە) بۆ ئاماژەکردن بۆ نزیکتر.

٢- هەر دوو ئامرازەکە (ئەوە ، ئەمە) دیوی (کۆ)یان هەیە لە چەشنی (ئەوانە، ئەمانە).

٣- دەتوانرێت هەر چوار ئامرازەکە وەك جێناوی جودای کەسی سێیەم بەکاربهێنرێت بۆ (ئامرۆڤ و بێ گیان).

٤- ئامرازی ئاماژە لە باری لێکدراودا باوەش دەکاتەوە بۆ (کۆمەڵەی ناو) و لە ئەو لێکدانەدا دەستەواژەکە دابەشدەبێت بۆ دوو کەرت وەك:



| ئامرازی سادە | ئامرازی لێکدراو | | |
|---|---|---|---|
| | کەرتی یەکەم | بارگەی ناوەند | کەرتی دووەم |
| ئەوە | ئەو | (کۆمەڵەی ناو) | ە |
| ئەمە | ئەم | (کۆمەڵەی ناو) | ە |
| ئەوانە | ئەو | (کۆمەڵەی ناو) | - انە |
| ئەمانە | ئەم | (کۆمەڵەی ناو) | -انە |

٥- لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، کەرتی یەکەم بریتییە لە جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو، ئەم) و کەرتی دووەم بریتییە لە پاشپرتی ئاماژە (ە) و یان لە نیشانەی کۆ (ان) و پاشپرتی ئاماژە (ە)، لە چەشنی (انە).

٦- ئەو بارگەیەی کە ئامرازی ئاماژە هەڵیدەگرێت بە ناوەندی هەردوو کەرتەکەی مل کەچە بۆ رێزمانی (کۆمەڵەی ناو)، بەلاّم لە ئەو بارگەیەدا کە خۆی (ناسێنەر)ێکی زۆر چالاکە، هەندێك هەل و مەرجی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە، لە بارگەی ئامرازی ئاماژەدا، ئامرازی ناساندن (ەکە)، یان ئامرازی بار و سەربار (ی)، یان ئامرازی نەناسراوی (ێك) پەسەند نین.

□ پێکهاتەکانی ئامرازی ئاماژە:



لە ئەو پێکهاتانەدا ، تەنها پاشپرتی ئاماژە (ە) خۆییە و ئەوانی دیکە خـوازراون لە دەرەوەی بابەتی( ڕێزمانی ئامرازی ئاماژە). کەواتە، پاشـپرتی (ە) خـۆی بـەردی بناغەیە، چونکە:

- لابردنی دەبێت بە هۆی وێران بوونی بنیادەکە.
- بە یەکسانی لە هەر چوار ئامرازەکەدا هەیە.
- لە هەر چوار ئامرازەکەدا روخسار ناگۆڕێت و لە هەر چـوار ئامرازەکـەدا یـەك جێگای هەیە کە بریتییە لە دواخانە.

**جۆری دووەم: ئامرازی گەیێنەر:**

لە زمانەکەدا چوار ئامرازی گەیێنەر هەیـە و هـەر چواریان لەسـەر هـەر چـوار ئامرازەکەی ئاماژە ڕۆنراون، وەك:

| ئامرازی گەیێنەر | پێك هاتەکان | | |
|---|---|---|---|
| | ئامرازی ئاماژە | ئامرازی(ی) | ئامرازی (کە) |
| ئەوەی کە... | ئەوە | ی | کە... |
| ئەمەی کە... | ئەمە | ی | کە.... |
| ئەوانەی کە.... | ئەوانە | ی | کە... |
| ئەمانەی کە | ئەمانە | ی | کە... |

بە پێی خـاڵی پێـشوو هـەر ئـامرازێکی گەیەنـەر بـە سـادەیی لـە سـێ کـەرت پێکهاتووە، وەك لەسەر ئەم خشتەیە بە ستوونی نیگار کراوە:



| پێکهاتەکان | ئامرازی تاك | | ئامرازی کۆ | |
|---|---|---|---|---|
| ئامرازی ئاماژە | ئەوە | ئەمە | ئەوانە | ئەمانە |
| ئامرازی بەستن | ی | ی | ی | ی |
| ئامرازی (کە) | کە... | کە.. | کە... | کە.... |

وەك ڕەگەزی یەکەم لە ئامرازی گەیێنەردا بریتییە لە ئـامرازی ئامـاژە، هەرچـی زانیارییەك کە بۆ ئامرازی ئاماژە تۆمارکراوە ، لە ئامرازی گەیێنەردا دەیخوات، بەبێ زۆر و بەبێ کەم.

لە گەڵ ئەوەشدا، ئامرازی گەیێنەر سەربەخۆ نییە و بەستراوە بە (تەواوکـەر)ەوە. ئەو تەواوکەرەیش بریتییە لە (گرێی کار). واتە بریتییە لە ڕستەیەك، وەك:

| ئامرازی ئاماژە | تەواوکەر( کۆمەڵەی کار) |
|---|---|
| ئەوەی کە ...... | ڕۆیشت |
| ئەمەی کە ...... | ڕۆیشت |
| ئەوانەی کە ..... | ڕۆیشتن |
| ئەمانەی کە ..... | ڕۆیشتن |

پاشان، بارگەی ئامرازی گەیێنەر، هەر چەند بە زەبری ئامرازەی (کە) گرێیـەکی کاری تێدا چێنرابێت، هەر بریتییە لە (برگەی ناو) ئەو برگەیە بـۆی هەیـە ببێـت بـە (بکەر)، وەك:

| بکەر(گرێی ناو) | گرێی کار |
|---|---|
| ئەوەی کە هات | ڕۆیشتەوە |

یان، دەتوانێت بێت بە (بەرکار):

| بەرکار(گرێی ناو) | گرێی کار |
|---|---|
| ئەوەی کە هات | گەراندمەوە |

یان، دەاتوانێت ببێت بە (بەرکاری ناراستەوخۆ)،وەك:

| گرێی کار | بەرکاری ناراستەخۆ (گرێی ناو) |
|---|---|
| من نامەکەم دا بە | ئەوەی کە هات |

لە زمانی نووسیندا، نەنووسینی ئامرازەی گەیاندن (کە) بووە بە هەڵەیەکی باو، وەك:

**ئەوەی (....) هات.**

لە ئاستی ئەم ئاریشەیەدا، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە نووسینی ئامرازی گەیاندن (کە)، لە رستەی (ئەوەی هات)، نابێت بە هۆی نارێکی رێزمانی، وەك:

**ئەوەی (کە) هات**

لە بەرانبەردا، دەبێت بە هۆی ئارایشتکارییەکی رێزمانی. کەواتە، لە زمانی نووسیندا، ئامرازی (کە) دەبێت تۆمار بکرێت، تا جەستەی رێزمانیانەی ئامرازی گەیێنەر کلۆر نەبێت.



## بەرەنجام

- جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) و (ئەم) رەگەزی ئاماژەو نیشانە (-ە) وەردەگرن و دەبن بە ئامرازی نیشانە، وەك (ئەوە) و (ئەمە).
- ئامرازی نیشانە (ئەوە) و (ئەمە)، پاشپرتی (ی کە....) وەردەگرن و دەبن بە ئامرازی گەیەنەر، وەك (ئەوەی کە....) و (ئەمەی کە....).
- نیشانەی کۆ (ان) دەچێتە سەر هەردوو جێناوی کەسی سێیەمی تاك و دەیان کات بە (ئەوان) و (ئەمان). پاشان هەردوو ئامرازی نیشانە دەکات بە (ئەوانە) و (ئەمانە). لەپاشتردا دەچێتە سەر هەردوو ئامرازی گەیەنەر و دەیان کات بە (ئەوانەی کە....) و (ئەمانەی کە....).
- سیمای دوورو نزیکی، وەك (ئەو) بۆ باری گشتی و (ئەم) بۆ باری نزیکتر، بەهەمان ریچکەی کەسی سێیەمدا دەگوێزرێتەوە بۆ (ئامرازی نیشانە) و (ئامرازی گەیەنەر).

## (١٦)

# تایبەتمەندی لەوەرچەرخانی کاری (بوونی ئێستایی)دا

### پوختە

وەرچەرخانی کاری (بوونی ئێستایی) لە رووی هێزی تێپەرینەوە، بریتییە یەکێك لە ئاکارە تایبەتییەکانی رێزمانی کوردی. لە ئەو وەرچەرخانەدا، رێژە تێنەپەڕەکانی کاری (بوون) دادەگۆڕدرێن بۆ یەکێك لە جۆرەکانی کاری (تێپەڕ). بەئەم میکانیزمە، کاری (بوون) کەلێنێکی واتایی پردەکاتەوە، لە بۆ هەستکردنی مرۆڤ بەدەورو بەرو بە نەخۆشی و ساردو گەرمی، وەك (تۆ سەرماتە) و (من گەرمامە).[١]

### شیکار

ئەم دیاردەیە تەنها هەر (بوونی ئێستایی) ناگرێتەوە، لە هەمان کاتدا کاری (هەبوون) و (بوونی بوونایەتی)یش دەگرێتەوە، بەلاّم هەر یەکێکیان بۆ مەبەستێکی واتایی و تایبەتی، بە ئەم چەشنەی خوارەوە:

**یەکەم:** کاری (بوونی ئێستایی) کاتێك کە وەردەچەرخێت بۆ (تێپەڕ) واتای (هەست دانەوە و هەست کردن)ی لەش دەبەخشێت، وەك:

| رێژەی وەرنەچەرخاو | رێژەی وەرچەرخاو |
|---|---|
| **سەرمای(ە)<br>یـ (ـە)** | **من سەرما(م)ە<br>تۆ سەرما(ت)ە<br>ئەو سەرمای(ەت)ی<br>ئێمە سەرما(مان)ە<br>ئێوە سەرما(تان)ە<br>ئەوان سەرما(یان)ە** |

(١) : لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە نوێیە و دژوارە، دەشێت خوێنەری ئازیز هەرسێ بابەتی (١٦، ١٧، ١٨)بەیەکەوە بخوێنێتەوە.



**دووەم:** کاری (هەبوون) کاتێك کە وەردەچەرخێت بۆ (تێپەڕ)، واتای خاوەنداری و خاوەنێتی دەبەخشێت. واتە، ئەو رێژە تێپەڕانە دەچنە بەرانبەر کاری (to have) و (avoir) لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا، وەك:

| رێژەی ئاسایی | رێژەی وەرچەرخاو |
|---|---|
| **هەیە** | **من هە(م)ە<br>تۆ هە(ت)ە<br>ئەو هەیـ (ەت)ی<br>ئێمە هە(مان)ە<br>ئێوە هە(تان)ە<br>ئەوان هە(یان)ە** |

**سێیەم:** کاری (بوونی بوونایەتی) کاتێك کە وەردەچەرخێت واتای لە (دایك بوون) دەبەخشێت، وەك:[٢]

(٢) : سنووری ئەم کارە وەرچەرخاوە ئاژەڵیش دەگرێتەوە وەك (بەچکە بوون). لە رستەیەکدا وەك (کەروێشکەکە بەچکەی بووە).

| ڕێژەی ئاسایی | ڕێژەی وەرچەرخاو |
| --- | --- |
| **منداڵەکە بوو** | **شیلان منداڵ-(ی) بوو** |
| | **شیلان و شلێر منداڵ(یان) بوو** |
| | **ئەوان منداڵ(یان) بوو** |
| | **ئێمە منداڵ(مان) بوو** |
| | **شیلان تۆ، منداڵ(ت) بوو** |
| | **بەڵێ، من منداڵ(م) بوو** |

ئەم جۆرە وەرچەرخانانە لە کتێبی (میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، ڕێزمانی بوون و هەبوون) بلاوکراونەتەوە، بەلام لێرەدا باسی ئەو بارە تایبەتییانە دەکەین کە وەرچەرخانەکەیان داهێناوە. لە ئەم کۆپلەیەدا، تەنها هەر وەرچەرخانی کاری (بوونی ئێستایی) باس دەکەین، و لە کۆپلەکانی (١٧ و١٨)دا، دەچینە سەر کاری (هەبوون) و کاری (بوونی بوونایەتی).

لە کاری (بوونی ئێستایی)دا، دیاردەی وەرچەرخان کاتێک دەچەسپێت کە (هەستکردن) لە ئارادا بێت، وەك:

**یەکەم: هەست کردن بە (سەرما) و بە (گەرما) وەك:**
**ئێمە گەرما(مان)ە، کەچی ئێوە سەرما(تان)ە**

**دووەم: هەستکردن بە (نەخۆشی)، وەك:**
**ئێمە هەلامەت(مان)ە، ئێوە لەرزوتا(تان)ە**

**سێیەم: هەستکردنی دەروونی، وەك: (خەمخۆری، پەلە پەل کردن ...هتد).**
**ئێمە خەمی ئێوە(مان)ە، کەچی ئێوە پەلەپەل(تان) ە بۆ ڕۆیشتن**



لە ڕاستیدا، ڕەنگە نموونەی تریش هەبێت، لە ئێرەدا، مەبەستی ئێمە هەر دیاریکردنە و دەرگایش کراوەیە بۆ کەسانی تر کەلەسەر باری ئاسۆیی بۆ نموونە و بۆ جۆری تر بگەڕێن.

**تەم و مژ و ئەندازەکاری:**

لە ئەو نموونەدا، کە لە پێشەوە باسکران، ڕیزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) هاتنە کایەوە (لە دیوە وەرچەرخاوەکەدا) و بوون بە (بکەر) لە ڕستەکاندا. بەرانبەر بە ئەم دیاردەیە، تەم و مژ پەیدا دەبێت چونکە ئەو ڕیزە جێناوە بۆیان هەیە کە بێن بە تەواوکەر بۆ مەبەستی (خاوەنێتی) و بۆ بارگەی ئامرازی پەیوەندی، وەك:

**یەکەم: جێناوی خاوەنێتی:**

**برا(مان)ـە : برا(تان)ـە : برا(یان)ـە**

**لەسەر کێش و ئاوازی:**

سەرما(مان)ـە : سەرما(تان)ـە : سەرما(یان)ـە

لە جۆرە گەمەی ئاوادا، مەگەر ڕێزمانووسێکی شلك بەرچاوی لێل ببێت، ئەگەرنا لەلای ئێمە زۆر ئاشکرایە و زۆریش بە ڕوونی دەی بینین. هەر بۆ ئەندازەکاری، دەتوانین (بکەری جودا)ی ڕستەکان لە (کرتاندن) دەرباز بکەین، وەك:

**(ئەو) برامان(ـە):　　(ئەو) براتان(ـە):　　(ئەو) برایان(ـە)**

**یان،**

**ئێمە سەرما(مان)ـە:　　ئێوە سەرما(تان)ـە:　　ئەوان سەرما(یان)ـە**

بە ئاشكرا دیارە، لە نموونەكانی دەستەی یەكەمدا جێناوی خاوەنێتی دانراوە و هەر جێناوی (ئەو) بكەرە بۆ هەر سێ رستەكە، كەچی لە نموونەكانی تردا، جێناوەكانی بكەر(ئێمە، ئێوە، ئەوان) لەگەڵ جێناوە لكاوەكانی بكەر (مان، تان، یان) ڕێك كەوتوون. كەواتە، ئەو رستانەی دەستەی یەكەم ئاسایی و وەرنەچەرخاون و ئەوانەی دەستەی دووەم وەرچەرخاو و تێپەڕن. لە راستیدا، زمانەكەی ئێمە لە ئاستی ئەم جۆرە گەمە زرنگەو لە ئاستی ئەم حەشارگە نوتەكانە زۆر زۆر بە سامانە. لە ڕێزمانی كوردیدا، ئەم جۆرە شلۆڤە بنچینەییانە (دیزە بە دەرخۆنە) كراون، چونكە، ڕێزمانەكەیان هێشتا رووناكی نەبینیوە و بە بزاڤی زمانی شیری لێك دەدرێتەوە، نەك بە (ڕێزمان).

**دووەم:** لە كاتی نووسینەوەی ئەم تۆژینەوەیەدا گەیشتین بە (حەشارگە)یەكی تر لە ڕێزمانی كوردیدا. [٣]

لە ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندیدا، دەتوانین ئەم شەش نموونەیە ریز بكەین بە (جێناوی جوودا)، وەك:

**بۆ (من) ە : بۆ (ئێمە)یە**
**بۆ (تۆ)ی ە : بۆ (ئێوە)یە**
**بۆ (ئەو)ە : بۆ (ئەوان)یە**

(٣) : بڕوانە بۆ بابەتی (١٩)



ئەوەی سەیرە، ئەوەیە ناتوانرێت ئەو جێناوانە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بكرێن بە جێناوی لكاو (م، ت، ی، مان، تان، یان)، چونكە لە بزاڤی سنتاكسیدان لەگەڵ ڕێژەی (بوونی ئێستایی). بێگومان، ئێمە بە تەمانەبووین كە ئاوها بێت، كە چی سەری حەشارگەیەكی هەڵدایەوە، بەرانبەر بە ئەو راستییە ڕێزمانییەی كە هەرجێناوێكی جودا بۆی هەیە ببێت بەجێناوی لكاو.

لە راستیدا، نموونە زۆرە و حەشارگە زۆرن، بەڵام جوانترین و بە كارترین ئەندازە و پێوانە بۆ ناسینەوەی ڕێژە وەرچەرخاوە تێپەڕەكانی (بوونی ئێستایی)، ئەوەیە كە بیان دەین لە مەكینەی ئەم شەش پرسیارەی خوارەوە و لە هەمان كاتدا، بۆ ئەوەی بیانكەین بە وەڵامی ساخ بۆ پرسیارەكان، وەك:

**من (چی)مە؟ : ئێمە (چی)مانە؟**
**تۆ (چی)تە؟ : ئێوە (چی)تانە؟**
**ئەو (چی)یەتی؟ : ئەوان (چی)یانە؟**

لە ئەم گەمەیەدا، شەش جێناوەكەی بكەر (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) شەش جێناوە لكاوەكەی خۆیان (م، ت، ی، مان، تان، یان) بە وردی دەدۆزنەوە، چونكە پرسیارەكان بەكاری (بوونی وەرچەرخاو) ڕۆنراون.

## بەرەنجام

- وەك دیاردەیەکی ڕێزمانی و وەك تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی کوردی، کاری (بوونی ئێستایی) وەردەچەرخێت بەسەر (بەرکار)دا و دەبێت بە جۆرێك لە (ڕێژەی تێپەڕ). بۆ نموونە، ڕێژەی (سەرمایە) وەردەچەرخێت بۆ (من سەرمامە و تۆ سەرماتە و ئەو سەرمایەتی..........).
- وەرچەرخانی کاری (بوونی ئێستایی) بێ مەلامەت نییە و لەبەر ئەوە وەردەچەرخێت کە کەلێنی (کار)ێکی تێپەڕ پڕ بکاتەوە.
- کاری (بوونی ئێستایی) لە گشت جێیەکدا وەرناچەرخێت، تەنها لەئەو جێیەدا کە هەست کردنی لەش و دەروون لە ئارادابێت، وەك (ئێمە گەرمامانە، ئێمە نالەنالمانە، ئێمە هەلامەتمانە، ئێمە خۆشیمانە،.........هتد).
- لە نموونەکەیدا وەك (بۆ ئێمەیە)، ناتوانین جێناوی جودای (ئێمە) بکەین بەجێنناوی لکاو (مان)، وەك ( بۆمانە). ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتییە لە حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی.



## (١٧)
# تایبەتمەندی لەوەرچەرخانی کاری (هەبوون)دا

## پوختە

لەزمانی کوردیدا، کاری(هەبوون) لە باری ئاساییدا وەرنە چەرخاوە و بە (تێنەپەڕی) دەگەڕێت، بەلام لەباری نائاساییدا وەرچەرخاوەو بە (تێپەڕی) دەگەڕێت. لە ئاخاوتنی کوردیدا، دیوە ئاساییە تێ نەپەڕەکەی کاری (هەبوون) وەك (من هەم) و (ئێمە هەین) زۆر سستە لە بەکارهێناندا، کەچی دیوە نائاساییە تێپەڕەکەی، وەك (من هەمە) و (ئێمە هەمانە) زۆر زۆر چالاکە و بەربلاوە لەبەکارهێناندا. لە ئەم دیوە تێپەڕە چالاکەدا، کاری (هەبوون) بۆ ئەو مەبەستە وەرچەرخاوە کە واتای کاری ( to have) ببەخشێت، بە واتای هەبوونی (بەرکار) لە ئاستی (بکەر)دا، وەك (تۆ پارەت هەیە). لەئەم نموونەیەدا، وشەی (پارە) بریتییە لە (بەرکار) لە ئاستی (بکەر)، کە بریتییە لە جێناوی (تۆ).

## شیکار

وەك چۆن (بوونی ئێستایی) وەرچەرخێت، هەر ئاوهاش کاری (هەبوون) وەرچەرخێت. کاری (هەبوون) لە دیوی ئاسایی وەرنە چەرخاودا، تەنها شەش ڕێژەی سادە و ساکاری هەیە، وەك:

**من هە (م) : ئێمە هە (ین)**
**تۆ هە (یت) : ئێوە هە (ن)**
**ئەو هەیـ (ە) : ئەوان هە (ن)**

له کتێبی (میکانیزمه بنەڕەتیەکانی رستەسازی، رێزمانی بوون و هەبوون)دا، ئەم دیاردەیە بەوردی بە زێدەرۆییەوە باسکراوە، بەلاّم لە ئەم نووسینەدا دەمانەوێت باری تایبەتمەندیەتی دەر بخەین، لەئاستی رێژە وەرچەرخاوە تێپەڕەکانی کاری (هەبوون)دا، لە ئەم کارەدا، چەند ئاکارێك هەیە، وەك:

یەکەم: رستەکەی کەسی سێیەمی تاك (پارەهەیە) وەرچەرخێت بۆئەوەی (بکەرەکە)ی بکات بە (بەرکار) بۆ شەش رستەی وەرچەرخاوی تێپەڕ، وەك:

پارە هەیە -

من (پارە) (م) هەیە
تۆ (پارە) (ت) هەیە
ئەو (پارە) (ی) هەیە
ئێمە (پارە) (مان) هەیە
ئێوە (پارە) (تان) هەیە
ئەوان (پارە) (یان) هەیە

دووەم: ئەم وەچەرخانە، کە جۆرێك لەرستەی تێپەڕ دەهێنێتە کایەوە، لەکەسی سێیەمی تاکدا زۆر زۆر بلیمەت و چالاکە، بەلاّم لە ئاستی کەسەکانی تردا زۆر سستە، مەگەر بەزۆر لێ کردن. ئێمە لە زۆرجێدا ئەو زۆر لێکردنەمان ئەنجامداوە، بەلاّم بۆ مەبەستی تۆژینەوەی رێزمانی بووە.[1]

سێ یەم: ئەو شەش رستەیەی، کە لە سەرەتاوە ریزکران (من هەم، تۆ هەیت، ئەو هەیە، ئێمە هەین، ئێوە هەن، ئەوان هەن)، زۆر دەگمەن دیارن، چونکە بەراورد کردنیان لە گەڵ زمانانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی)، زۆر دژوارە و زۆر ناشازە. ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەو رستانە زۆر جیاوازن (بەواتا) لە شەش رستەکەی کاری (بوونی ئێستایی)، وەك:

(١) : بڕوانە بۆ (نەخشەی رۆنانی رێژەی کار)، هەولێر ١٩٩٩.



| کاری بوونی ئێستایی | کاری هەبوون |
|---|---|
| من (-----) م | من (هە) م |
| تۆ (-----) یت | تۆ (هە) یت |
| ئەو (-----) ە | ئەو (هە) یە |
| ئێمە (-----) ین | ئێمە (هە) ین |
| ئێوە (-----) ن | ئێوە (هە) ن |
| ئەوان (-----) ن | ئەوان (هە) ن |

ئێمە هەستدەکەین کە ئەو شەش رستەیە سیمای مورکایەتی هەڵدەگرن. ئەو رێزماننووسانەیش کەبە کەرەستەی (هە) ی فارسی چەکووشکاری لە رێزمانی (بوونی ئێستایی)دا دەکەن، خۆیان دەخەڵەتێنن، چونکە واتای هەردوو کارەکە بەوردی لەیەکتری جودا دەبنەوە، لەئەو خشتەیەی سەرەوەدا.[2]

**چوارەم:** رێژە وەرچەرخاوەکانی کاری (هەبوون) کە بە سادەیی بریتین لە:

**من هەمە : ئێمە هەمانە**
**تۆ هەتە : ئێوە هەتانە**
**ئەو هەیەتی : ئەوان هەیانە**

(٢) : لە رێزمانە کوردیدا وەك چۆن رستەی (ئێمەین) هەیە هەر ئاوهایش رستەی (ئێمەهەین) هەیە و ئەم دوو رێژەیە بە ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ دوو واتای جیاواز و سەربە خۆ(بڕوانە بۆ نموونەکانی نێو خشتەکە).

واتای خاوەنیەتی دەگەیەنن و بە بەرانبەر بەکاری (to have) و کاری (avoir) دەوەستن لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا. بێگومان، ئەو جۆرە ڕێژەیە هەبوونی (بەرکار) لە ئاستی (بکەر)دا دیاریدەکەن، وەك:

| بکەری جودا | بەرکار | بکەری لکاو | هەبوون |
|---|---|---|---|
| من | پارە | م | هەیە |
| تۆ | پارە | ت | هەیە |
| ئەو | پارە | ی | هەیە |
| ئێمە | پارە | مان | هەیە |
| ئێوە | پارە | تان | هەیە |
| ئەوان | پارە | یان | هەیە |

ئەمەو ڕێزمانی کوردی ڕێ دەدات بەئەم سێ بارە شیاوەی خوارەوە، وەك:

**باری یەکەم:** دەشێت (بکەری جودا) لابدرێت و (بکەری لکاو) بمێنێتەوە، وەك:

| بکەری جودا | بەرکار | بکەری لکاو | هەبوون |
|---|---|---|---|
| ------ | پارە | م | هەیە |
| ------ | پارە | ت | هەیە |
| ------ | پارە | ی | هەیە |
| ------ | پارە | مان | هەیە |
| ------ | پارە | تان | هەیە |
| ------ | پارە | یان | هەیە |



**باری دووەم:** دەشێت بەرکاری جودا (پارە) لابدرێت و بەرکارێکی نادیار بەجێ بمێنێت لەریزەکەدا. لە ئەم بارەدا وشەی (پارە) کە بریتییە لە (بەرکار) لادەچێت و جێناوەکانی (بکەری لکاو) ناچاردەبن بە پێوانەی (باز) یێك بگەڕێنەوە دواوە و لەسەر کەرەستەی (هە) جێگربن، وەك:

| بکەری جودا | بەرکار | هە | بکەری لکاو | بوون ( ە) |
|---|---|---|---|---|
| من | ----- | هە | م | ە |
| تۆ | ----- | هە | ت | ە |
| ئەو | ----- | هە | ← | ( ەت)ی |
| ئێمە | ----- | هە | مان | ە |
| ئێوە | ----- | هە | تان | ە |
| ئەوان | ----- | هە | یان | ە |

لە ئەم نەخشەیەدا، جێناوی (ی) کردەوەیەکی نارێکی نوواندووە و بازیداوەتە سەر مۆرفیمی ئێستایی (ە). ئەم نارێکییە لە دەیان جێدا، لە نووسینەکانی ئێمەدا باسکراوە.

**باری سێیەم:** دەشێت ناوەڕۆکی خاڵی یەکەم (لابردنی بکەری جودا) و ناوەڕۆکی خاڵی دووەم (لابردنی بەرکاری جودا) بەیەکەوە بچەسپێن، وەك:

| بکەری جودا | بەرکار | هە | بکەری لکاو | مۆرفیمی (ە) |
|---|---|---|---|---|
| ----- | ----- | هە | م | ە |
| ----- | ----- | هە | ت | ە |
| ----- | ----- | هە | ← | (ەت)ی |
| ----- | ----- | هە | مان | ە |
| ----- | ----- | هە | تان | ە |
| ----- | ----- | هە | یان | ە |

**پێنجەم:** لە زمانی کوردیدا، ڕێـژەی وەرچـەرخاوی هـەبوون (هەیـە) و ئەوشـەش ڕێژەیەی کە وەرچەرخاون، بە تێپەڕی، بەسەر (هەیـە)دا، (هەمـە، هەتـە، هەیـەتی، هەمانە، هەتانە، هەیانـە)، ڕووبـەری زمانەکـە دادەپۆشـن بـە چـالاکی سنتاکـسی. لەدیوی (نەرێ)دا، ئەم شەش ڕێژەیە بە ئەم چەشنە دەردەکەون:

| | ئەرێ | نەرێ |
|---|---|---|
| باری ئاسایی (تێنەپەڕ) | هەیە | نییە |
| باری وەرچەرخاو (تێپەڕ) | هەمە | نیمە |
| | هەتە | نیتە |
| | هەیەتی | نییەتی |
| | هەمانە | نیمانە |
| | هەتانە | نیتانە |
| | هەیانە | نییانە |



بێگومان، ڕێژەی (نییە) بۆ کاری (بوونی ئێستایی) ش بەکار دەهێنرێت، وەك:[٣]

| | ئەرێ | نەرێ |
|---|---|---|
| هەبوون | پارە هەیە | پارە (نییە) |
| بوونی ئێستایی | جوان (ە) | جوان (نییە) |

ئەم دیاردەیە، بەرچاوی زۆر لە ڕێزماننووسانی لێڵ کردووە، چونکە بەزمانی دایك دەیزانن و بەرێزمان نای زانن.

**شەشەم:** ئەگەر دیاردەی وەرچەرخان نەبا، ئەوا زمانەکەمان بـێ بـەری دەبـوو لـە کارێك، کە بەرانبەر بە (to have) بوەستێت.

(٣) : لە دیوی (نەرێ)دا، بۆهەردوو ڕستەی (ئێمەین) و (ئێمەهەین) یەك ڕستە هەیە (ئێمە نین).

## بەرەنجام

- وەك كاری بوونی ئێستایی، كاری تێنەپەڕ (هەبوون) وەردەچەرخێت بە دیوی تێپەڕدا، لەبۆ بەرجەستەكردنی راستییەك لەچەشنی هەبوونی (بەركار) لە ئاستی (بكەر)دا.
- بەپێی ئەو رامانەی كە لەخاڵی پێشەوەدا هەیە، بكەری رستە دەبێت بە (خاوەن) لەئاستی (بەركاری رستە). ئەم دیاردەیە خۆی خۆیدا بریتییە لەئەو مەبەستەی كە كاری تێنەپەڕی (هەبوون) لەپێناویدا وەرچەرخاوە بۆ (تێپەڕ).
- ئەم وەرچەرخانە، یان میكانیزمی ئەم وەرچەرخانە، سیمای دەگمەنایەتی و مۆركایەتی پێوە دیارە، ئەگەر بەراورد بكرێت لەگەڵ زمانانی تردا، چونكە كەلێنی كارێكی پڕكردووەتەوە لەچەشنی (to have).
- لەزمانی كوردیدا، كەم و زۆر هەردوو دیوەكەی كاری (هەبوون)، دیوی تێنەپەڕەكەی وەك (تۆ هەیت) و (ئێوە هەن) و دیوە تێپەڕەكەی وەك (تۆ هەتە) و (ئێوە هەتانە) بەكار دەهێنرێن. ئەمەش وا دەكات كە سیمای مۆركایەتی بەرێزمانی كاری (هەبوون)ەوە دیاربێت، ئەگەر بەراورد بكرێت بەزمانانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی).
- رێژەی تێنەپەڕی كاری هەبوون وەك (من هەم تۆ هەیت، ئەو هەیە ...) زۆر بەرتەسكن لە بە كارهێناندا، ئەگەر بەراورد بكرێن بە رێژەی تێپەڕی هەبوون، وەك (من هەمە، تۆ هەتە، ئەو هەیەتی،...)



(١٨)

## تایبەتمەندی لە وەرچەرخانی كاری (بوونی بوونایەتی)دا

### پوختە

كاری (بوونی بوونایەتی) بریتییە لە ئەو (بوون)ەی كە رووداوی تێدا هەیە و لە دەمكاتی رانەبردوودا بە رێژەی (دەبێت) دەردەكەوێت و لە هەمان كاتدا لەجیاتی ئەوەی نیشانەی نەرێ (نی) وەربگرێت نیشانەی نەرێ (نا) وەردەگرێت، وەك (نابێت). ئەم كارە دانسقەیە لە رووبەرێكی بچووكدا كە واتای (لە دایك بوون) ببەخشێت، دەشێت وەربچەرخێت بەسەر (بەركار)دا، وەك (منداڵ بوون). بێگومان، ئەم وەرچەرخانە كەلێنی كارێكی تێپەڕ پڕدەكاتەوە، وەك (منداڵەكە بوو) كە دەبێت بە (شیلان منداڵەكەی بوو).

### شیكار

لە گەڵ وەرچەرخانی جۆرەكانی بوون و هەبووندا، ئەم بابەتە باسكرا و لە ئێرەیشدا، لەبەر گرنگی، بە درێژی دووبارەی دەكەینەوە. لە سەرەتادا، ئێمە (بوونی بوونایەتی) بە ئەو بوونە دەناسین كە رووداوی هەیە، وەك:[1]

**چراكە هەڵدەبێت**
**چراكە هەڵبوو**

لە ئەم جۆرە بوونەدا، كاری (بوون) واتای (وقوع الحدث) یان (الحدوث) دەبەخشێت. لە دەرگایەكی تریشەوە، واتای (لە دایكبوون) دەبەخشێت، یان بە(بوون)

---

(١) : بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆ هەردوو بابەتی (١٦) و (١٧).

دەناسرێتەوە. لەئەم واتایەی دواییدا، کە کاری (بوون) واتای (لە دایك بوون) دەبەخشێت، وەردەچەرخێت و دەبێت بە (تێپەڕ) و ئەو منداڵەی کە لە دایك دەبێت دەیکات بە (بەرکار)، بۆ بکەری هەر شەش کەسیە ڕێزمانییەکە، کە بریتییە لە (دایکان ). بۆ نموونە: دەگوترێت:

**ئومڕۆ منداڵەکە دەبێت**

ئەم رستەیە بە ئەم چەشنە وەردەچەرخێت بە سەر بکەری (دایك)دا، وەك:

| تێنەپەر | تێپەر |
| --- | --- |
| **ئومڕۆ منداڵەکە دەبێت** | **ئومڕۆ من منداڵەکە(م) دەبێت**<br>**ئومڕۆ تۆ منداڵەکە(ت) دەبێت**<br>**ئومڕۆ ئەو منداڵەکە(ی) دەبێت**<br>**ئومڕۆ ئێمە منداڵەکە(مان) دەبێت**<br>**ئومڕۆ ئێوە منداڵەکە(تان) دەبێت**<br>**ئومڕۆ ئەوان منداڵەکە(یان) دەبێت** |

**لە ئەم جۆرە رستانەدا، سێ باری شیاو هەیە، وەك:**

**یەکەم:** فڕێ دانی (بکەری جودا)، وەك:

**.... منداڵەکە(م) دەبێت**

**.... منداڵەکە(ت) دەبێت**

**.... منداڵەکە(ی) دەبێت**

**.... منداڵەکە(مان) دەبێت**

**.... منداڵەکە(تان) دەبێت**

**.... منداڵەکە(یان) دەبێت**



**دووەم:** فڕێدانی (بەرکار)، وەك:

**من ------ دە(م) بێت**

**تۆ ------ دە (ت)بێت**

**ئەو ------ دە(ی) بێت**

**ئێمە ------- دە(مان) بێت**

**ئێوە ------- دە(تان)بێت**

**ئەوان ------ دە(یان) بێت**

**سێیەم:** فڕێدانی بکەری جودا و (بەرکار) پێکەوە، وەك:

**--- ------ دە(م) بێت**

**--- ------ دە (ت) بێت**

**--- ------ دە ( ی) بێت**

**--- ------ دە (مان) بێت**

**--- ------ دە (تان) بێت**

**--- ------ دە (یان) بێت**

بەرانبەر بە ئەم رستانەی دوایی، لە رابردوودا دەگوترێت:

**.... .... بوو (م)**

**.... .... بوو (ت)**

**.... .... بوو(ی)**

**.... .... بوو(مان)**

**.... .... بوو(تان)**

**.... .... بوو(یان)**

به داخەوە، ڕێزمانی ئەو جۆرە ڕستەیە هێشتا نەنووسراوەتەوە و ڕەنگە بـە هەڵـە لێکیان بدەنەوە و بڵێن لە زمانی کوردیدا نموونەی ئاوها نییە. لـە زمـانی ڕۆژانـەدا، دەتوانین نموونەی ئەو جۆرە ڕستە وەرچەرخاوانە بە ئەم چەشنە بدۆزینەوە و بناسینەوە:

**پرسیار:** ئەریّ ئێوە منداڵتان بوو؟

**وەلام:** بەڵێ، ئێمە بوومان، وا بزانم ئێوە هێشتا نە (تان) بووە.

کەواتە، کـاری (بـوونی بوونایـەتی) تـەنها بـۆ واتـای تێپـەڕی (لـە دایکبـوون) وەردەچەرخێت. بە کوردییەکەی، بوونی بوونایەتی بە تێنەپەڕی واتای (لە دایکبـوون) دەبەخشێت و بە تێپەڕی واتای (منداڵبوون) دەبەخشێت.

لە ئەو بەکاهێنانـەدا، (منداڵەکـە) دەبێـت بـە (بـەرکار) و ئـەو بەرەیـەی کـە دایکەکەی تێدایە دەبێت بە (بکەر)، وەك:[٢]

| هێزی تێپەڕین | بکەر | بەرکار | ڕێژەی کار | چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕ | منداڵەکە | | بوو | بوون (تێنەپەڕ) |
| | منداڵەکە | | لە دایك بوو | لـە دایـك بـوون (تێنەپەڕ) |
| تێپەڕ | دایکەکە | منداڵەکە (ی) | بوو | بوون (تێپەڕ) منداڵبوون |

(٢) : بڕوانە لە ڕستەی سێیەمدا، چۆن بکەر(منداڵەکە) خانەی گۆڕیوە بۆ (بەرکار).



## بەرەنجام

- لەرووی مۆرکایەتییەوە، کاری (بوونی بوونایەتی) وەردەچەرخێت بۆ جۆرێك لە (ڕێژەی تێپەڕ). هەر لەبەر ئەوە، ئەم کارە بە (تێنەپەڕ) و بە (تێپەڕی) دەکەوێتـە بزاڤی ڕستە سازی.
- کاری (بوونی بوونایـەتی) تـەنها لەپـەرێزی واتایەکـدا وەردەچـەرخێت کـە بەرانبەر بەکاری (لە دایك بوون) دەوەستێت. لەئەو واتایە بترازێـت، ئـەو کـارە هـیچ چالاکیەکی (تێپەڕیانە)ی نییە.

## (١٩)
# جێناوی (جودا) جێناوی لکاوی خۆی پەسند ناکات

### پوختە

گشت جێناوە جوداکان، وەك (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بۆیان هەیە بچنەسەر ئامرازەکانی پەیوەندی و لەسەر هەمان ئامراز ببن جێناوی لکاو، وەك(م، ت، ی، مان، تان، یان). ئەم دیاردەیە، ڕێزمانییەو گشتییە و هەردوو بارەکەی (بۆمن، بۆم) لە ئارادا هەیە. کەچی لەهەندێك هەل و مەرجدا، ناتوانین روخساری (لکاو) بەکاربهێنین، چونکە ڕێزمانەکە دەبزڕکێت.

### شیکار

لەڕێزمانی کوردیدا، جێناوی جودا بۆی هەیە بەسێتی. بچێتە سەر ئامرازەکانی پەیوەندی، وەك:

**شیلان ناردی بۆ (من)**
**شیلان ناردی بۆ (تۆ)**
**شیلان ناردی بۆ (ئەو)**
**شیلان ناردی بۆ (ئێمە)**
**شیلان ناردی بۆ (ئێوە)**
**شیلان ناردی بۆ (ئەوان)**



ئێستا، دەتوانین سێتە جیناوی (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بگۆڕین بەسێتە لکاوەکەی (م، ت، ی، مان، تان، یان)، وەك:

**شیلان ناردی بۆ (م)**
**شیلان ناردی بۆ (ت)**
**شیلان ناردی بۆ (ی)**
**شیلان ناردی بۆ (مان)**
**شیلان ناردی بۆ (تان)**
**شیلان ناردی بۆ (یان)**

ئەم دیاردەیە، رووبەری ڕێزمانی کوردی دەگرێتەوە و لە هەرجێیەك کە (جێناوی جودا) ببێت بە بارگەی ئامرازی پەیوەندی، دەشێت بیگۆڕین بە (جێناوی لکاو)، یان بە پێچەوانەوە. کەواتە، دووفاقییەك هەیە لە ئەو بەکار هێنانەدا و لە ئاخاوتنی کوردەواریدا، هەردوو فاقەکەی بەرجەستەیە.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە، لەهەندێك کەلێنی زۆر زۆر بەرتەسکدا، جێناوی جودا پەسەند دەبێت، بەڵام (جێناوی لکاو) نەفرینی لێ دەکرێت. هەر بۆ نموونە، لە کاری بوونی ئێستاییدا، دەشێت جێناوی جودا بەکار بهێنین، بەڵام ناشێت جێناوی لکاو بەکار بهێنین، وەك:

**ئەو پارەیە بۆ (من) ە : ئەو پارەیە بۆ (م) ە (*)**
**ئەو پارەیە بۆ (تۆ) یە : ئەو پارەیە بۆ (ت) ە (*)**
**ئەو پارەیە بۆ (ئەم) ە : ئەو پارەیە بۆ (--) یەتی (*)**
**ئەو پارەیە بۆ (ئێمە) یە : ئەو پارەیە بۆ (مان) ە (*)**
**ئەو پارەیە بۆ (ئێوە) یە : ئەو پارەیە بۆ (تان) ە (*)**

ئەو پارەیە بۆ (ئەمان) ە : ئەو پارەیە بۆ (یان) ە (*)

بە سەرنجێکی هوردوو ژیرانە، دەردەکەوێت، کە نموونەکانی دەستە چەپ، لە رووی رێزمانەوە، بزرکاو و هەڵەن(*). بەرانبەر بە ئەم دیاردە سەیرە، دەشێت بارگەی ئامرازەکە بگۆڕین بە (ناو + جێناو)، ئەوسا بارەکە رووەدەکاتەوە لە دوو فاقی، وەك:

**ئەو پارەیە بۆ (برای من) ە : ئەو پارە بۆ (برام)ـە**
**ئەو پارەیە بۆ (برای تۆ) یە : ئەو پارە بۆ (برات)ـە**
**ئەو پارەیە بۆ (برای ئەو) ە : ئەو پارە بۆ برا (یەتی)**
**ئەو پارەیە بۆ (برای ئێمە) یە : ئەو پارە بۆ (برامان)ـە**
**ئەو پارەیە بۆ (برای ئێوە) یە : ئەو پارە بۆ (براتان)ـە**
**ئەو پارەیە بۆ (برای ئەوان) ە : ئەو پارە بۆ (برایان)ـە**

کەواتە، کاتێك جێناوی لکاو پەسند نابێت کە جێناوی جودا بە راستەوخۆیی بووبێت بە بارگەی ئامرازی پەیوەندی. بە تەریبی لەگەڵ ئەم بابەتەدا، کاری (بریتی بوون لە ...) نەفرین دەکات لە (جێناوی لکاو)، وەك دەگوترێت (بریتییە لە من ) بەس ناگوترێت (بریتییە لێم).[1]

(١) : ئەم یاسا بەزاندنە، لە ئاستی ئامرازی (کوا؟)دا هەیە بەڵام بە جۆرێکی تر، بڕوانە بۆ بابەتی (٢٣).



## بەرەنجام

* لە رێزمانی کوردیدا، رەنگە کەس باوەڕ نەکات کە لەهەندێك پەناو پاساردا، ناشێت و نابێت (جێناوی جودا) بگۆڕین بە (جێناوی لکاو). لەراستیدا. ئەم دیاردەیە هەیەو بەرجەستەیە، لەرێزمانی کاری (بوونی ئێستایی)داو لە ئەو پاسارەدا کە جێناوی جودا (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بەراستەوخۆیی بووبێت بەبارگەی ئەو ئامرازە پەیوەندییەی کە واتای رستەی بوونی ئێستایی تەواودەکات.

* بە هەمان شێواز، ئامرازی (لە...) لە کاری (بریتی بوون لە ...)دا جێناوی جودا پەسند دەکات، کەچی جێناوی لکاو پەسند ناکات.

## (٢٠)
## ئامرازی پەیوەندی هەم جێناوی (جودا) و هەم جێناوی لکاو سەودا دەکات

### پوختە

لە زمانەکەی ئێمەدا، جێناوی جودا هەیە و هەر جێناوێکی جودا لەبۆی هەیە کە(جێناوی لکاو)ی هەبێت. هەر بۆ نموونە، جێناوە لکاوی (م)بریتییەلە دیوە لکاوەکەی جێناوی جودا(من). بە هەمان شێواز، لە ئاستی ئەو دوو دیوە جێناوەدا، هەردوو ئامرازی پەیوەندی جودا(بە) و (لە) دیوی لکاو پەیدا دەکەن، وەك (پێ) و (لێ). کەواتە لەگەڵ جێناوی جودا (من)دا، دەگوترێت(بە من) یان (لە من)، بەڵام لەگەڵ جێناوی لکاو (م)دا، دەگوترێت(پێم) یان (لێم). بێگومان، ئەم تایبەتمەندییە شەبەنگی (مۆرکایەتی) دەردەخات و نەختێك زمانەکە جودا دەکاتەوە لە هەندێك زمانی تر.

### شیکار

لە رێزمانی کوردیدا، وەك جێناوی جودا هەیە، جێناوی لکاویش هەیە. بۆ نموونە، (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بریتین لە سێتە جێناوی جودا و (م، ت، ی، مان، تان، یان) بریتین لە سێتە جێناوی لکاو. بێگومان، ئەو دوو سێتە جێناوە بۆ یان هەیە بن بە (بارگە) لە تەواوکەری ئامرازی پەیوەندیدا، وەك:[1]

(١) : بابەتی (٢٠) و بابەتی (٢١) هەمان واتا دەگەیەنن و بە ئاسانی لەیەکتری جودا ناکرێنەوە، چونکە(جێناوی لکاو) (ئامرازی پەیوەندی لکاو) دروست دەکات.



**لە (من) : لە (تۆ) : لە (ئەو)**
**لە (ئێمە) : لە (ئێوە) : لە (ئەوان)**

یان، بە نموونە، وەك:

**لە (من) مە پرسە**
**لە (تۆ) دە پرسم**
**لە (ئەو) دە پرسین**
**لە (ئێمە) بپرسن**
**لە (ئێوە) دەپرسن**
**لە (ئەوان) بپرسە**

لە ئەم رێزە نموونەیەدا، ئەگەر جێناوەکان بکرێن بە جێناوی لکاو، ئامرازی (لە)یش روخسارێکی لکاو پەیدا دەکات، لە چەشنی ( لێ ):

**لە (من) مە پرسە : لێ (م) مە پرسە**
**لە (تۆ) دە پرسم : لێ (ت) دە پرسم**
**لە (ئەو) دە پرسین : لێ (ی) دە پرسین**
**لە (ئێمە) بپرسن : لێ (مان) بپرسن**
**لە (ئێوە) دەپرسن : لێ (تان) دەپرسن**
**لە (ئەوان) بپرسە : لێ (یان) بپرسە**

بە هەمان شێواز، ئامرازی پەیوەندی (بە) بە زەبری جێناوی (لکاو) روخسارێکی (لکاو) پەیدا دەکات لە چەشنی (پێ)، وەك:

(به من) مەڵێ : (پێم) مەڵێ

(به تۆ) دەڵێم : (پێت) دەڵێم

(به ئەو) بڵێ : (پێی) بڵێ

(به ئێمه) مەڵێ : (پێمان) مەڵێ

(به ئێوه) دەڵێم : (پێتان) دەڵێم

(به ئەوان) بڵێ : (پێیان) بڵێ

کەواتە، دیاردەیەك هەیە لە ئاراداو لە ئەو دیاردەیەدا، هەریەك لە ئامرازی (لە) و (به) روخسار دەگۆڕن و دەبنە (لکاو) وەك (لێ) و (پێ) بەریزە. ئەمەو ئەگەر بە سەرنجێکی هورد لە نموونەکان بڕوانین، دەبینین کە:

**یەکەم:** لەگەڵ جێناوی جودا (من، تۆ، ئەو، ئێمه، ئێوه، ئەوان) روخساری جودای ئامرازەکان، واتە (لە) و (بە) بەکار هێنراوە.

**دووەم:** لە گەڵ جێناوە لکاوەکان (م، ت، ی، مان، تان، یان) ئامرازەکان (روخساری لکاو) یان پەیدا کردووە، وەك (لێ، پێ).

**سێیەم:** لەکۆی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین، ئامرازی پەیوەندی (لە، بە) بە زەبری (جێناوی لکاو) دەبن بە (ئامرازی لکاو)، وەك (لێ، پێ). بە واتایەکی تر، جێناوی لکاو بۆی هەیە داوای روخساری لکاوی ئامرازەکانی (لە) و (بە) بکات.

**چوارەم:** بەکۆی هەرسێ خاڵەکە، دەتوانین بڵێین، لە رێزمانی کوردیدا (ئامرازی پەیوەندی لکاو) هەیە.

**پێنجەم:** ئامرازی (لە) لە ئەو جێیەدا کە واتای ئاوەڵکاری (لەناو) بچەسپێت روخسارێکی لکاو پەیدا دەکات لە چەشنی (تێ)، وەك:

**تێم کرد : تێت کرد : تێی کرد**

**تێمان کرد : تێتان کرد : تێیان کرد**



**شەشەم:** لەبەر روناکی خاڵی چوارەم، لەزمانی (عەرەبی، ئینگلیزی) ئامرازی پەیوەندی تەنها و تەنها هەر دەچێتە سەر (جێناوی لکاو)، نەك (جێناوی جودا)، کەچی لە زمانەکەی ئێمەدا، ئامرازی پەیوەندی بۆی هەیە بە (جێناوی جودا) و بە (جێناوی لکاو) بەکار بهێنرێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بریتییە لە خلێڵی جیاوازی.

حەوتەم: ئامرازی (لە) و ئامرازی (بە) بۆ یان هەیە دوو پاشپرت وەر بگرن، وەك:

**لە من دا : لە من ەوە**

**بە من دا : بە من ەوە**

کە لە گەڵ جێناوی لکاودا دەبن بە:

**لێم : لێمدا : لێمەوە**

**پێم : پێمدا : پێمەوە**

هەشتەم: ئامرازی لکاوی (لێ ___ دا) لە هەر جێیەکدا هەبێت دەگۆڕێت بۆ (تێ ___ دا)، چونکە واتای (لە ناو) هەڵدەگرێت.

### بەرەنجام

- لە زمانی کوردیدا، ئامرازی پەیوەندی بۆی هەیە لەگەڵ (جێناوی جودا) و (جێناوی لکاو)وەربسووڕێت.
- سەودا کردنی (جێناوی جودا) و (جێناوی لکاو) لەگەڵ ئامرازی پەیوەندا، خۆی لە خۆیدا سیمای مۆرکایەتی دەبەخشێت بە زمانی کوردی.
- جیّناوی (لکاو) دەتوانێت روخساری (لکاو) لە ئامرازی پەیوەندی پەیدا بکات.

## (٢١)
## ئامرازەکانی پەیوەندی (لە) و (بە) دیوی لکاویان هەیە

### پوختە

لە زمانەکەی ئێمەدا، ئامرازاەکانی پەیوەندی (لە) و (بە) روخساری (لکاو)یان هەیە، وەك (لێ) و (پێ) بەریزە. بەڵام لە ئاستی ئامرازی پەیوەندی (بۆ)دا، روخساری (لکاو)و روخساری (جودا) یەکسانن. ئەم دیاردەیە کاتێك بەرپا دەبێت کە بارگەی ئامرازی (لە) یان (بە)، لە جێناوی جوداوە بگۆڕدرێت بۆ (جێناوی لکاو). بە بەراورد لەگەڵ زمانانی تردا، وەك عەرەبی و ئینگلیزی، سیمایەکی بەراوردیانە پەیدادەبێت، لە رێزمانی ئامرازی پەیوەندیدا. هەر لەبەر ئەوە، دەشێت بە مۆرکێکی تایبەتی لێك بدرێتەوە و بە رێزمانێکی پەتی شلۆڤە بکرێت.[1]

### شیکار

پوختەی ناوەڕۆکی ئەم مۆرکە رێزمانییە لە بابەتی پێشوودا باس کرا، بەڵام لە ئێرەدا دوو بارەی دەکەینەوە، ئەویش لە پێناوی ئەوەدا کە بتوانین بە شێوازێکی رەوانترو روونتر کرۆکی بابەتەکە بخەینە بەر دیدی خوێنەرانی ئازیز. لە ئەوێدا گوترا، کە ئامرازی پەیوەندی دەتوانێت هەم (جێناوی جودا) و هەم (جێناوی لکاو) وەر سووڕێنێت لە لەگەڵ خۆیدا، وەك:

(١) : بابەتی (٢٠) و بابەتی (٢١) پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، چونکە ئامرازی (لکاو) لەگەڵ جێناوی (لکاو)سەودا دەکرێت و هەردوویان پەیوەست و پابەندن بە یەکترییەوە



**تۆ گەیشتیت (بە من) : تۆ گەیشتیت (پێم)**

**تۆ نا ترسیت (لە من) : تۆ نا ترسیت (لێم)**

**تۆ ناردت (بۆ من) : تۆ ناردت (بۆم)**

لە نموونەکانی دەستە راستدا (جێناوی جودا) ی (من) بووە بە بارگە بۆ ئامرازەکانی پەیوەندی (بە، لە، بۆ)، بەڵام لە نموونەکانی دەستە چەپدا، جێناوی جودای (من) کراوە بە جێناوی لکاوی (م) و ئەمجا کراوە بە بارگە بۆ ئامرازەکانی (پێ، لێ، بۆ). ئێستا، ئەگەر بە سەرنجێکی وردو زرنگ بڕوانین لە نموونەکان ، دەبینین کە هەندێك سەرنجی دانسقە هەیە، وەك:

**یەکەم:** کە جێناوی جودای (من) گۆڕاوە بۆ جێناوی لکاوی (م)، روخساری ئامرازی (بە) گۆراوە بۆ (پێ) و هی ئامرازی (لە) گۆراوە بۆ (لێ)، بەڵام ئامرازی (بۆ) هەمان روخساری خۆی پاراستووە.

**دووەم:** بەپێی ناوەڕۆکی خاڵی پێشوو، دەشێت بگوترێت کە (جێناوی لکاو) و (ئامرازی لکاو) ی دەوێت. واتە، ئامرازەکانی (پێ) و (لێ) بەزەبری (جێناوی لکاو) گۆڕاون بۆ ئەو روخسارە لکاوە.

**سێیەم:** ئامرازی (بۆ) لەگەڵ جێناوی لکاویش هەر هەمان روخساری پاراستووە. هەر لەبەر ئەوە، دەشێت بگوترێت کە لە ئامرازی (بۆ)دا روخساری جودا و روخساری لکاوی یەکسانن.

**چوارەم:** لە رووی مۆرکایەتییەوە، دەشێت بگوترێت کە چۆن (جێناوی جودا) و (جێناوی لکاو)ی هەیە، هەر ئەو هاش (ئامرازی پەیوەندی جودا) و (ئامرازی پەیوەندی لکاو) هەیە. یان دەتوانین بڵێین:

ئامرازی پەیوەندی (بە) و (لە) روخساری لکاویان هەیە لەچەشنی (پێ) و (لێ)

**پێنجەم:** لە زمانی ئینگلیزیدا، بەرانبەر بە دەستەواژەی (بە من) و (لە من) هیچ دەستەواژەیەك نییە کە جێناوی جودا هەڵبگرێت، بەڵام جێناوی لکاوی (me)

هەڵدەگرن و جێناوی جودای (I) بەکار ناهێت. [٢]بە هەمان شێوە لە عەرەبیدا، (بە من) و (پێم)، یان (لە من) و (لێم) هەر یەکەیان بەرانبەر بەیەك دەستەواژە دەوەستن، کەچی لە کوردیدا دوانن.

**شەشەم:** وەك لە پێشەوە باسکرا، (جێناوی لکاو) بۆی هەیە کە ئامرازی جودا بکات بە (ئامرازی لکاو) وەك (پێ، لێ). لە ئەم رووەوە، زۆر جاریش ئەم روخسارە لکاوانە دەبینرێت بە چەند وشەیەکەوە، کە جێناوی لکاویان پێوە نییە، وەك:

(پێ نووس، پێ نووسین، پێ گر، پێناسە، لێ چوون، لێ کەوتن، لێ کەوتوو، پێ زان، .....هتد)

لە راستیدا، ئەو روخسارە لکاوانەی (پێ) و (لێ) هەرهەموویان لە پەرێزی رستەوە پەیدا کراون و هەر هەموویان بە (جێناوی لکاو) ئەو روخسارەیان وەرگرتووە، بەلاَم رێزمانەکە رێی داون، کە بەبێ (جێناوی لکاو) بپەڕنەوە بۆ پەرێزی (وشەسازی).

**حەوتەم:** هەندێك جار، روخسارە لکاوەکان (لێ، پێ) بە ئالۆزی لەریزدا دەردەکەون ، چونکە دەشێت بە (میکانزمی جێگۆرکێ) جێناوی لکاوەکەیان باز بدات بۆ سەر (بەرکار)، وەك:

**نامەکە (لێم) وەربگرە (*) : نامەکە (م لێ) وەربگرە**

**پارەکە (پێم) بدە (*) : پارەکە (م پێ) بدە**

کەواتە، ئامرازی لکاوی (پێ، لێ) هەرچەندە مۆرکیش بێت بەلاَم کێشە و ئالۆزی دروست دەکات و ئەو جێناوە لکاوەی کە هەڵیدەگرێت، بە جێ گۆرکێ بەجێی دەهێڵێت و ئەو جێیەی کە لە پلیکانەی کاردا هەیەتی، رێی دەدات کە تەنها باز

(٢) : بڕوانە بۆ (پۆلین کردنی تەرزسازییانەی زمانی کوردی)، گۆڤاری (ئەکادیمی) ژمارە(٥) هەولێر ٢٠٠٧.



بدات بۆ سەر (بەرکار) و بەس. لە ئەم رووەوە، ئەگەر بەرکارەکە لابەین، ئەوا جێناوە کە باز نادات و لە جێی رەسەنی خۆی دادەساکێت، وەك:[٣]

**نامەکەم (لێ) وەرگرە : ____ (لێم) وەرگرە**

**پارەکەم (پێ) بدە : ____ (پێم) بدە**

کەواتە، رێزمانی (ئامرازی لکاو) و رێزمانی (جێناوی لکاو) یەك دەگرن و رێزمانێکی سفت و سۆڵ دروستدەکەن، کە زۆر بە دژواری دەخرێتە سەر پەڕەی نووسین. بەلاَم، ئەو رێزمانە بریتییە لە گەمەیەکی بیرکاریانەی بێگەرد و بێ ناڕێکی.

## بەرەنجام

- هەردوو ئامرازی پەیوەندی (لە) و (بە) روخساری لکاویان هەیە، وەك (لێ) و (پێ) بەریزە.
- وا پێ دەچێت کە بڕشتی جێناوی (لکاو) بوو بێت بە هۆی پەیدا بوونی (روخساری لکاو)ی ئامرازی پەیوەندی و کردبێێتی بە سیمایەك لە مۆرکایەتی و بە خاڵێکی بەراورد لەگەڵ هەندێك لە زمانانی تر.
- لەهەر جێیەکدا کە روخساری لکاوی ئامرازەکانی پەیوەندی (لێ) و (پێ) دەرکەوت، ئەوا بزاڤی جێناوی لکاو لە ئارادایە، هەر چەند رێزمانەکە رێی دابێت کە جێناوە لکاوەکە لابچێت.
- ئامرازی پەیوەندی (بۆ) روخساری خۆی دەپارێزێت، چی لەگەڵ جێناوی (جودا) و چی لەگەڵ جێناوی (لکاو).

(٣) : ئەوەش لە یادنەکەین کە روخساری لکاوی ئامرازەکان لە چاوگدا، هەردەم دەکەوێتە پێش وەك (پێنووسین، لێ کەوتن، تێگەیشتن، ....).

## (٢٢)
## ئامرازی (ە) رووداوی کار راگوێزدەکات بۆ سەر (ئاوەڵکار)

### پوختە

لە زمانی کوردیدا، ئامرازێکی پەیوەندی هەیە لە چەشنی (ە). ئەم ئامرازە زۆر بەر بلاوە و ڕێزمانێکی سفت و وردی هەیە، بەلاّم زۆرجاریش بەشێوەیەکی هەرەمەکی بەکار دەهێنرێت و دەخرێتە جێی ئامرازێکی تر. ئەرکی ئامرازی (ە) زۆر هورد و دانسقەیە، چونکە دەچێتە نێو قەوارەی (کار) و رووداوەکەی راگوێز دەکات بۆ سەر (ئاوەڵکار) وەك (سەر، دەر، بەر، ژێر.....)، یان دەکەوێتە نێو دوو کارەوە، کە یەکەمیان دەبێت (کاری یاریدەدەر) بۆ رووداوی کاری دووەم.

### شیکار

لە ئەم نموونەیەی خوارەوەدا، ئامرازی (ە) بە نارێزمان خراوەتە جێی ئامرازی (بە) وەك:

- ئامرازی (بە) :

**شیلان پارەکە نادات (بە) من**

- ئامرازی (ە) :

**شیلان پارەکە نادات (ە) من**

لەزمانی نووسینی ئەمڕۆدا، پاشا گەردانێیەکی بەربلاّو هەیە و نووسەران هەردوو جۆرەکەی سەرەوە بە تێکەڵ و پێکەڵی دەخەنە بەر نووسین.



سەبارەت بە مۆرکایەتی و ئاکارە سەیرەکانی ئامرازی (ە)، چەند خاڵێك هەیە، وەك:

**یەکەم:** ئامرازی (ە) تەنهاو تەنها هەر لە قەوارەی کاردا هەیەو بەیاریدەی (ئاوەڵکار) (کۆمەڵەی ناو) دەچێنێت لە (قەوارەی کار)دا، وەك:[١]

**منداڵەکە چوو (ە) سەر پەیژەکە**

**دووەم:** ئامرازی (ە) باڵێکی تایبەتی لەکاری (چوون) پەیدا کردووە و رووداوی کاری (چوون) ی راگوێز کردووە بۆسەر ئاوەڵکارێکی شوێن و کارەکەی کردووە بە (چوونە سەر ...) لە جیاتی کاری (چوون).

**سێیەم:** ئامرازی (ە) بۆی هەیە بچێتە نێوان دوو کارەوە و کاری یەکەمیان بکات بە (یاریدەدەر) بۆ کاری دووەم، وەك:

**کاتژمێرە شکاوەکە کەوت (ە) ئیشکردن**

لە ئێرەدا، کاری (کەوتن) بە یاریدەی ئامرازی (ە) بووە بە (کاری یاریدەدەر) بۆ کاری (ئیش کردن) و سەرەتا و دەستپێکی رووداوی (ئیش کردن) ی دیاریکردووە.

**چوارەم:** بە پێی ئەوەی گوترا، ئامرازی (ە) بۆی هەیە دوو ئەرك ببینێت. یەکەمیان ئەوەیە کە رووداوی کارێك (راگوێز) بکات بۆ سەر (ئاوەڵکار) یك (خاڵی یەکەم). دووەمیان ئەوەیە کە رووداوی کارێکی یاریدەدەر (راگوێز) بکات لە بۆ دەسپێکی رووداوی کارێکی تر، وەك ئەوەی لە خاڵی سێیەمدا باسکرا.

---

(١) : ئێمە چەندین نووسینمان بلاّوکردوەتەوە لەسەر ئەم بابەتە و لە ئایندەدا دەیانکەین بە (کتێب).

**پێنجەم:** لە خاڵی سێیەمدا، گوترا کە ئامرازی (ە) بۆی هەیە کارێك بکات بە (کاری یاریدەدەر) بۆ کارێکی تر. لە ئەم گۆشە نیگایەوە، هەردوو کاری (کەوتن) و (هاتن) سەر مەشقن بۆ ئەوەی ببن بە (کاری یاریدەدەر) بۆ گشت کارەکانی تر، وەك:

**شیلان کەوت- (-ە) پەلەپەل کردن**

**نامەکە هات- (-ە) ئامادەکردن.**

**شەشەم:** لە دیوی تێپەڕدا، ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە بە هەردوو کاری (خستن) و (هێنان) سەودا دەکرێن، وەك:

**من شیلان (م) خست (ە) پەلە پەل کردن**

**من نامەکە(م) هێنای (ە) ئامادەکردن.**

**حەوتەم:** وەك کاری یاریدەدەر (کەوتن) دەسپێکی رووداوی کارێك دیاری دەکات، کاری یاریدەدەری (هاتن)، باری (بکەر نادیار) دیاری دەکات. لەزاری کرمانجی ژووروودا، کاری (هاتن) بە شێوەیەکی بەربلاو و گشتگر بەکار دەهێنرێت بۆ ڕێژەکانی (بکەر نادیار).

**هەشتەم:** وەك مۆرکێکی جوان، ئامرازی (ـە) دەتوانێت بزاڤی (راگوێزی) بخاتە گەڕ لە رووداوێکی هەندێك کاردا، کە ئامرازی تر وەرناگرن، وەك:

**نامەکە دەنووسمـ(ـە) سەر پەڕە زەردەکە**

بەواتای نووسینی نامەکە (راگوێز) دەکەم بە (داگرتن) بۆ سەر (پەڕەزەردەکە).
یان، لەکاری (گرتن)دا، دەشێت هەمان بزاڤ بخەینە گەڕ، وەك:

**ئێمە ئیشەکەی خۆمان بە جوانی گرتۆتووەتـ(ـە) بەر**



بێگومان، ئەم ئامرازە رۆڵێکی زۆر هورد و دانسقەی هەیە و بۆی هەیە پەی ببات بە چینەکانی ژێرەوەی زمانەکەمان. هەر لەبەر ئەوەوە، دەشێت و دەبێت بەوردی سەودای بکەین و لە ژێر میکرۆسکۆپی لێکۆڵینەوەدا گەماڕۆی بدەن. ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ئەم ئامرازە لە (قەوارەی کار) دایەو (رووداوی کار) بەرینتر دەکاتەوە. لە رێزمانی نووسراویشدا، ئامرازی (ە) هەر رووکەشەکەی دەرەوەی بینراوە، مەگەر مامۆستا مەسعود محەمەد توانیبێتی توێژاڵە دەرەکییەکەی بشکێنێت.[٢]

## بەرەنجام

- ئامرازی (ە) تەنها لە قەوارەی (کار)دا هەیە.
- لەقەوارەی (کار)دا، ئامرازی (ە) لەبۆی کە دوو ئەرکی رێزمانی هەبێت، وەك

- ئەرکی یەکەم: بریتییە لە راگوێزکردنی رووداوی (کار) بۆ سەر (ئاوەڵکار).
- ئەرکی دووەم: بریتییە لە چێکردنی (کاری یاریدەدەر) بۆ ئەوەی کاریگەری (یاریدەدان) بخاتە سەر رووداوی کارێکی تر.

- لە زمانی نووسینی ئومرۆدا، زۆر بە (نا رێزمانی) و بە (پەرپووتی) ئامرازی (ە) بەکار دەهێنرێت، بەڵام ئێمە تەنهاو تەنها هەر ئەو دوو ئەرکەی کە دیاریکران، بەرەسەن دەناسین.
- وەك رێزمانی ئامرازی (ە) سیمای مۆرکایەتی و ئاکارێکی دەگمەن دەبەخشێت بە زمانەکە، بەڵام زۆر بە هەڕەمەکی دەکەوێتە نێو زمانی نووسینەوە، چونکە رێزمانەکەی نەزانراوە

(٢) : رێزماننووسان لەسەر باری ئاسۆیی زۆریان نووسیوە بەڵام بە هەر هەموویان نەیان توانیوە بە ئەندازەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەست داگرن لەسەر باری ستوونی.

## (٢٣)
## تێ ڕامانێك له ڕێزمانی ئامرازی (كوا؟)

### پوختە

لە ئامرازی (کوا)دا، دوو توخمی ڕێزمانی بەیەکتریدا تواونەتەوە و جودا ناکرێنەوە، مەگەربە (پساندن)، یان بە (هەرەس پێ هێنان). توخمی یەکەم لە ئەو کەرەستەیەدا بریتییە لە (نیشانەی پرسیار) و توخمی دووەم بریتییە لە (مۆرفیمی ئێستایی). لە رووی رێزمانەوە، ئاوێتە بوونی ئەم دوو توخمە بریتی نییە لە (پێوە نووسی)، بەڵکو بریتییە لە (ئاوێتە بوون) و لە ئەو ئاوێتە بوونەدا، روخسارێکی سێیەم پەیدابووە، لەچەشنی (کوا). ئەم روخسارە تازەیە، خۆی لۆك کردووە لەسەر رستەیەك لە دەمکاتی (رانەبردوو)دا و لەباری (ئەرێ)دا و ناشێت بکرێت بە (نەرێ).

### شیکار

**لە سێتە نموونەکەیدا، وەك:**

**من کوام؟ : ئێمە کواین؟**

**تۆ کوایت؟ : ئێوە کوان؟**

**ئەو کوا؟ : ئەوان کوان؟**

پرسیارێك رووی کردووە لە هەر شەش کەسە رێزمانییەکە و شەش رستە دروستبوون بۆ کاری (بوونی ئێستایی). لە ئەم بانێژەیەوە، دەشێت بەرانبەر بە ئەو نموونانە ئامرازێکی تری (پرسیار) بەکار بهێنین، وەك (کێ).



**من کوام؟ : من (کێ) م ؟**

**تۆ کوایت؟ : تۆ (کێ) یت ؟**

**ئەو کوا --؟ : ئەو (کێ) یە ؟**

**ئێمە کواین؟ : ئێمە (کێ) ین ؟**

**ئێوە کوان؟ : ئێوە (کێ) ن ؟**

**ئەوان کوان؟ : ئەوان (کێ) ن ؟**

بە سەرنجێکی ورد لە چینی سێیەم، دەبینین کە مۆرفیمی ئێستایی (ە) لە گەڵ ئامرازی پرسیار (کێ)دا دەرکەوتووە و لەگەڵ ئامراز (کوا) دەرنەکەوتووە و لە بنیادی ئامرازی (کوا)دا تواوەتەوە. هەر بۆ نموونە، لەهەر شەش نموونەکەدا، واتای رێژەکانی کاری (بوونی ئێستایی) بەرجەستەیە و سێتە نموونەکەی دەستە راست سێتە جێناوێکیان وەرگرتووە لە چەشنی (م، یت، ---، ین، ن، ن)، بەلاّم سێتە نموونەکەی دەستە چەپ سێتە جێناوێکیان وەرگرتووە لەچەشنی (م، یت، ە، ین، ن، ن). لە ئەم گەمە وردەدا، کە بەسەر کاری (بوونی ئێستایی)دا چەسپاوە، ئامرازی (کوا) لە بنیادەوە مۆرفیمێکی ئێستایی هەڵگرتووە و تەنانەت ئەگەر هەر بە (کوا؟) گۆبکرێت، ئاکارەکانی رستەیەك هەڵدەگرێت نەك (ئامراز)ێك لە ئامرازەکانی پرسیار. ئێستاش، دەتوانین چەند خاڵێك بخەینە روو لە بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنین کە مۆرفیمی ئێستایی (ە) لە بنیادی ئامرازی (کوا)دا تواوەتەوە و ئاوێتە بووە و دەرهێنانی بووە بە کارێکی مەحاڵ و نەشیاو، وەك:

**یەکەم:** لە ئامرازی (کوا)، دەمکاتی رستەکە لۆك بووە لەسەر (رانەبردوو)، هەر لەبەر ئەوە، ناتوانین رستەی (رابردوو) دروستبکەین، وەك:

**ئەو کوا ؟ : ئەو کوا بوو ؟ (*)**

بەرانبەر بە ئەم نموونە ناوێزەیە، ئامرازەکانی تر دەمکاتی (رابردوو) پەسند دەکەن، وەك:

**ئەو کێ یە؟ : ئەو کێ بوو؟**

**ئەو چۆنە؟ : ئەو چۆن بوو؟**

**دووەم:** لە ئامرازی (کوا)دا، ڕێژەکە لۆك بووە بەسەر ڕێژەی (ئەرێ)دا و ناشێت و ناتوانین ڕێژەکە بکەین بە (نەرێ)، وەك:

**کوا؟ : ئەو کوا (نی)یە (*)**

بەرانبەر بە ئەم دیاردەیە، ئامرازەکانی تر باری (نەرێ) پەسند دەکەن، وەك:

**ئەو کێ یە؟ : ئەو کێ (نی)یە؟**

**ئەو چۆنە؟ : ئەو چۆن (نی)یە؟**

**سێیەم:** کێشەکە هەر لە ئاستی کەسی سێیەمدا نییە، بەڵکو لە ئاستی هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکەدایە و لە ئاستی هەر شەش ڕێژەکەی کەرەستەی (کوا)، دەمکاتی (ڕابردوو) دروست نابێت، وەك:

**من کوام؟ : من کوا بووم؟ (*)**

**تۆ کوایت؟ : تۆ کوا بوویت؟ (*)**

**ئەو کوا --؟ : ئەو کوا بوو؟ (*)**

**ئێمە کواین؟ : ئێمە کوا بووین؟ (*)**

**ئێوە کوان؟ : ئێوە کوا بوون؟ (*)**

**ئەوان کوان؟ : ئەوان کوا بوون؟ (*)**



**چوارەم:** بەهەمان شێواز، ڕێژەکانی کەرەستەی (کوا) لە بۆیان نییە بێن بە (نەرێ) و هەر شەش کەسەکە لۆك کراون لەسەر باری (ئەرێ).

**من کوام؟ : من کوا نیم؟ (*)**

**تۆ کوایت؟ : تۆ کوا نیت؟ (*)**

**ئەو کوا --؟ : ئەو کوا نیە؟ (*)**

**ئێمە کواین؟ : ئێمە کوا نین؟ (*)**

**ئێوە کوان؟ : ئێوە کوا نین؟ (*)**

**ئەوان کوان؟ : ئەوان کوا نین؟ (*)**

**پێنجەم:** کەرەستەی (کوا) لە هەندێك جێدا بە ڕوخساری (کوانێ) بەکار دەهێنرێت و لە ئەم بارەیەشدا، هەر هەمان دیاردە دووبارە دەبێتەوە، چونکە کەرستەی (کوانێ)ش، نە دەمکاتی (رابردوو) پەسند دەکات و نە باری (نەرێ).

**شەشەم:** لە ئامرازەکانی تردا، کە بە ئامرازی (پرسیار) ناسراون ئەم مۆرکە ڕێزمانییە، چی لە ئاستی کەسی سێیەمدا و چی لە ئاستی کەسەکانی تردا، لەئارادا نییە. هەر بۆ پراوە، کەسی یەکەمی کۆ، لەگەڵ ئامرازی (چون) و ئامرازی (کێ) و ئامرازەکانی پرسیاردا بۆی هەیە ڕستەی (نەرێ) و دەمکاتی (رابردوو) دروستبکات، وەك:

**ئێمە چۆنین؟ : ئێمە چۆ ننین؟ : ئێمە چۆن بووین؟**

**ئێمە کێ ین؟ : ئێمە کێ نین؟ : ئێمە کێ بووین؟**

## بەرەنجام

لەرووی رێزمانەوە، ناشێت باری (نەرێ) نەبێت بۆ رێژەیەکی (ئەرێ). یان، دەمکاتی (رابردوو) نەبێت بۆ دەمکاتی (رانەبردوو). کەواتە، دیاردەیەکی رێزمانی زۆر دەگمەن و سەیرە، کە لە رووبەرێکی زۆر زۆر بەر تەسکدا خۆی دەکات بە (ماك و مۆرك)، بە توانەوەی دوو توخمی رێزمانی لەیەك روخساردا، بە بێ ئەوەی بتوانرێت لەیەکتری دابڕەنرێن بە رێزمان.



## (٢٤)
## کۆلکەی (بەرکار) دەچێتە سەر چاوگ و دەچێتە سەر (ناوی بکەر)

### پوختە

بە بەراورد لەگەڵ زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی)، لە زمانی کوردیدا، رێزمانی (کار) پەیوەستە بە (بەرکار)ەوە و بەشێوەیەکی روونترو رەوانتر (واتا)ی خۆی دەردەخات. لە ئاستی وشە سازیدا، کۆلکەی (بەرکار) لەبۆی هەیە کە ڕامانی کارەکە لەسەر گلێنەیەکی واتایی ببەستێتەوە ولە هەمان کاتدا بۆی هەیە کە ژمارەی گلێنەکانی واتادانەوە زۆر بکات. ئەم دیاردەیەش تایبەتمەندییەکی هورد و دانسقە دەنوێنێت، چونکە خانەی (بەرکار) لە پلیکانەی (کار)ەوە دەگوێزرێتەوە سەر روخساری ئەو وشەو زاراوانەی کە لە (کار)ەوە دادەرێژرێن، بەهەمان (رێزمانی کار)، نەك بە (رێزمانی ناو).[1]

### شیکار

لەزمانی کوردیدا، بزاڤی زاراوە سازی حەز لە دیاردەی (بەرکار گری) دەکات. واتە، ئەو وشانەی کە لە کارەوە رۆدەنرێن، حەز دەکەن (بەرکار) ێکی رستە سازیانە لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن. هەر بۆ نموونە، دەگوترێت:

---

(١) : بۆ زانیاری پتر، بڕوانە بۆ(دیوە تیوزییەکانی (بەرکاری راستەو خۆ)، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژمارە (٦)، هەولێر ٢٠٠٧.

**من دەنووسم**

**تۆ دەنووسیت**

**ئەو دەنووسێت**

**ئێمە دەنووسین**

**ئێوە دەنووسن**

**ئەوان دەنووسن**

بەرانبەر بەئەم سێتە رێزمانییە شەش کەسییە، دەتوانین چاوگی (نووسین) بەکار بهێنین، چونکە ئەو رستانەی سەرەوە بریتین لە نموونە گەردانکراوەکانی کاری (نووسین).

ئێستاش، ئەگەر (بەرکار) بەکاربهێنین لە گەڵ کاری (نووسین)دا، ئەوا سێتێکی تر پەیدا دەبێت، وەك:

**من (نامە) دەنووسم**

**تۆ (نامە) دەنووسیت**

**ئەو (نامە) دەنووسێت**

**ئێمە (نامە) دەنووسین**

**ئێوە (نامە) دەنووسن**

**ئەوان (نامە) دەنووسن**

بەرانبەر بەئەم سێتە رستەیە، دەتوانین چاوگی (نامە نووسین) دابنێین. کەواتە، (بەرکار) ی رستە، وەك بۆی هەیە بچێتە سەر (رستە) هەر ئاوهاش بۆی هەیە بچێتە سەر ئەو چاوگەی کە دەبێت بە نوێنەریان لە فەرهەنگی زماندا. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر چاوگی (نامە نووسین) بەراورد بکەین بە زمانانی تر، دەبینین کەتایبەتمەندی



هەیە لە رێزمانی ئەم وشەیەدا، چونکە دەشێت بە دوو جۆر بنووسرێت:

**نامە نووسین : نووسینی نامە**

لە زمانی عەرەبیدا، ئەم دوو زاراوەیە هەر بەجۆری (نووسینی نامە) بەکار دەهێنرێت، بەلاّم لە زمانی کوردیدا هەردوو جۆرەکەی هەیە، وەك:

**یەکەم:** لە جۆری یەکەمدا، چاوگی تێپەڕی (نووسین) خانەی بەرکاری پڕ کردووەتەوە و بووە بە (نامە نووسین). کەواتە، چاوگی (نامە نووسین) هەرچەندە کە (ناو) بێت، بەلاّم لە رێزمانی کار دایە. واتە، قەوارەکە بریتییە لە قەوارەی کاری (نووسین) و لە ئەو قەوارەیەدا خانەیەکی (بۆش) هەیە کە تەرخانکراوە بۆ (کۆمەڵەی ناو) بۆ ئەوەی ببێت بە (بەرکار)ی کارەکە.[٢]

**دووەم:** لە نموونەی دووەمدا، چاوگی (نووسین) خانەی (بەرکار)ی پڕ نەکردۆتەوە و بووە بە (ناوی چاوگ) و بووە بە قەوارەیەکی سەر بەخۆ. پاشان، ئەو قەوارەیە سەربەخۆیە بە ئامرازی بەستن (ی) بارکراوە لە قەوارەیەکی تری سەربەخۆ لە چەشنی (نامە) و بووە بە (نووسینی نامە).

**سێیەم:** ئەگەر بە نیگار لە هەردوو دەستەواژەکە بدوێین، دەبینین کە بەئەم چەشنە خانە رێژ دەبن:

(٢) :داوا لە خوێنەری ئازیز دەکەین کە بە رێزمانی کوردی بیر بکاتەوە و واتێ نەگات کە لەزمانانی تر دا هەر وایە . ئەم مژارە ئاکاری جوان و سیمای مۆرکایەتی دەگرێتە خۆ.




بەهەمان شێوە، دەشێت کۆڵکەی (بەرکار) بپەڕێتەوە بۆ ناوی بکەر، وەك:

**(نامە) نووس : ناوی بکەر (رانەبردوو)**

**(نامە) نووسیو : ناوی بکەر (رابردوو)**

بە تەریبی لەگەڵ ئەم دوو نموونەیەدا، کۆڵکەی (بەرکار) بۆی هەیە بچێتە سەر ئەو ناوانەی کە پرۆسەی رووداوی کارێك دەردەخەن، وەك:

**(جێ) گۆڕین : (جێ) گۆڕکێ**

**(هەناسە) بڕان : (هەناسە) بڕکێ**

**(چاو) شاردن (ەوە) : (چاو) شارکێ**

**(پێش) بڕین : (پێش) بڕکێ**



سەرەرای ئەمانە، کۆڵکەی (بەرکار) بۆی هەیە بچێتە سەر نـاوی ئـەو مەکینـە و ئامێرانەی کە رووداوی (کار) ێك ئەنجامدەدەن، وەك:[٣]

**(مین) لابردن : (مین) لابەرە**

**(ماسی) گرتن : (ماسی) گرە**

**(دڵ) خۆش کردن : (دڵ) خۆش کەرە**

**(بەرد) شکاندن : (بەرد) شکێنەرە**

**(موو) لابردن : (موو) لابەرە**

**(دیوار) رووخاندن : (دیوار) رووخێنەر**

**(بار) هەڵ گرتن : (بار) هەڵگرە**

بێگومان، ئەم دیاردە دەگمەنە، کە تێیدا (چاوگی کـار) بـۆی هەیـە (بـەرکار) ی رستە سازیانە هەڵبگرێت و بیگەیـەنێت بـە ئـەو وشـانەی کـە لێیـەوە دادەڕێـژرێن، بریتییە لە سیمایەکی سفت و کاریگەر، چونکە دەرگای زاراوە سـازی دەکاتـەوە. بـۆ نموونە، لە چاوگی (لابردن) ەوە، دەتوانین دەرگای زاراوەسازی بکەینەوە، وەك:

(مین لابەرە، تووك لابەرە، موو لابەرە، شێ لابەرە، ئازار لابەرە، بەرد لابەرە، خەوش لابەرە، لەکە لابەرە، پەڵە لابەرە، رەنگ لابەرە، بۆن لابەرە).

یان، لەکاری (راخستن)ەوە، وەك:

(قیر راخەرە، چەو راخەرە، بەرد راخەرە، جێ راخەرە، پیت راخەرە، رەنگ راخەرە، . . . . . هتد).

(٣) : بۆ زانیاری پتر، بڕوانە بۆ(رێساکانی وشە رۆنان لە بنجی کارەوە)، گۆڤاری (ئایندە)، ژمارە (٧٨)، سلێمانی ٢٠٠٨.

لەراستیدا، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان بزاڤی (زاراوە سازی) برەو پەیدا بكات، دەشێت هەنگاوی دروست لە دەرگای (بەركار) ەوە دەست پێبكات و بچێتە نێو پەرێزی (كار).

## بەرەنجام

لە زمانەكەی ئێمەدا، رێزمانی كار كۆلكەی (بەركاری رستە سازیانە) لەگەڵ خۆیدا پەیوەست دەكات. واتە، وەك چۆن لە (رستە)دا كۆلكەی (بەركار) دەگوزەرێت لە (كاری رستە)دا، هەر ئاوهاش، هەمان كۆلكەی (بەركار) بۆی هەیە خۆی بگوزەرێنێت لەگەڵ ئەو وشانەدا كە لە هەمان (كار)ەوە رۆ دەنرێن. بێ گومان، ئەم بزاڤە كاریگەرو تایبەتیە وا دەكات كە هەر (كار)ێك بكەوێتە زاوزێ و بە كۆلكەی (بەركار) ژمارەی وشەكانی زمانی كوردی پتر بكات.



## سەرچاوە

- د. شێركۆ بابان، كەڵك وەرگیراوەی لە زۆربەی كتێب و بڵاوكراوەكانی خۆمان.
- مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەكی رێزمانی كوردی، كۆڕی زانیاری بەغدا ١٩٨٦.
- مەسعوود محەمەد ،زاراوەسازی پێوانە، بەغدا ١٩٨٨
- د. ئەوەڕحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو بەغدا ١٩٩٢.
- لێژنەی زمان لە كۆڕی زانیاری عێراق،دەستەی كورد، چەمكێكی دی لەڕێزمانی كوردی، بەغدا ٢٠٠٠.
- د. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەكی تر لەزمانەوانی، ئامرازەكانی بەستن، لاپەڕە(١٤٢ – ١٥١)، هەولێر ٢٠٠٤.
- سەرچاوەی پێشوو، جێناوی (یت)ی شێوێنەر، ل (٣٦٨-٣٧٣).
- سەرچاوەی پێشوو، پاشبەندەكان، ل (٣٨-٤٥).
- دكتۆر ئەوەرەحمان حاجی مارف، بەشی یەكەم، جێناو، بەغدا ١٩٨٧.
- مەحموود فەتحوڵلا، كارنەواوكردن لە كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٨.

،Ccollection Bescherelle،-G. Quenelle and 6000 verbes arglais
Paris 1992.،HATIER
dictiomaire de (12000) ، lart de Conjuguer،- Le Besherelk 1
Paris 1980.، HATER،Uerbes

## لیستی توێژینەوەکان

١- جێ گۆرکیی جێناوی لکاو، رۆلی بکەر و بەرکار، گۆڤاری کاروان ژمارە (٢)، ١٩٩٢.

٢- بلاّوکردنەوەی پوختەی پرۆژەکە :

Programmable grammar of the Kurdish langnage

لە بلاّوکراوەکانی زانکۆی ئەمستردام، پەیمانگای مەنتیق و زمان و کۆمپیوتەر، ژمارە (Lp-95-02)

٣- دەنگی کپ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١١٦)، هەولێر ١٩٩٧.

٤- رێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٢٠)، هەولێر ١٩٩٨.

٥- برشتی خانە رێزمانییە بۆشەکان لە نێو بیردا،گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (٩)، هەولێر ١٩٩٨.

٦- رەگەزە رێزمانییە ستوونییەکان، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١١٨)، هەولێر ١٩٩٨.

٧- لێکدانەوەی رستە بە ژمارە، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٨.

٨- پێنج پێشنیار بۆ زمانی رۆژنامەگەری، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٠)، هەولێر ١٩٩٨.

٩- چێوەی برگەی دەنگسازی، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (٧٦)، دهۆك ١٩٩٨.

١٠- جێناوی نادیار، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣)، هەولێر ١٩٩٨.

١١- کۆلکە رێزمانییە دوو رەگەزەکان، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٠)، هەولێر ١٩٩٨

١٢-کێشەی کاری (هاویشتن) لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (٧٨)، دهۆك ١٩٩٨.

١٣- ئامرازی پەیوەندی (ە) ، لە زمانی نووسیندا،گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٢٢)، هەولێر ١٩٩٨.

١٤- خشتەی لێکدانی بزوێن ،گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٤)، هەولێر ١٩٩٨.



١٥- شێوەزاری گەرمیان بەبەراورد ، گۆڤاری (هاواری کەرکووك)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٨.

١٦- پانۆرامای مۆرفیمی ئێستایی (ـە)،گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١١)، هەولێر ١٩٩٨.

١٧- کێشەی روخساری جێناو، گۆڤاری (رواندز)، ژمارە (٢)، هەولێر ١٩٩٨.

١٨- بەرەو زمانی نووسین: مەکینەی وشە رۆنان، گۆڤاری (رامان) ، ژمارە (٢٨)، هەولێر ١٩٩٨.

١٩- میکانیزمی وەرچەرخان، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٨١)، دهۆك ١٩٩٨.

٢٠- میکانیزم لە بزاڤی جیگۆڕکیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٧)، هەولێر ١٩٩٨.

٢١- چەند نهێنییەك لە رێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)دا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٦)، هەولێر ١٩٩٨.

٢٢- کێشەی جێناوی کەسی دووەمی تاك لە زمانی نووسیندا،گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٨٣)، دهۆك ١٩٩٨.

٢٣- رێزمانی پاشکۆی (یەتی)، گۆڤاری (پەیڤ) ، ژمارە (٩)، دهۆك ١٩٩٨.

٢٤- کێشە و کەڵك لە رێزمانی کەسی سییەمی تاکدا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٢)، هەولێر ١٩٩٨، ژمارە (١٣)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٥- برگەی دووبارە لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٨٧)، دهۆك ١٩٩٩.

٢٦- رێزمانەکە خۆی خۆی راست دەکاتەوە، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٩)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٧- نەخشەی دابەشبوون لە رێزمانی بوون و هەبووندا، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٨- میکانیزمی زەبری بزوێن، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٣٢)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٩- دوو ڕەگەزی ڕێزمانی بە بەراورد، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژمارە (٢)، هەولێر ١٩٩٩.
٣٠- ڕێژەی فەرمان، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٤)، هەولێر ١٩٩٩.
٣١- پاشگری دووپات کردنەوە (ەوە) لە شیتەڵکاریدا، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٩٠)، دهۆك ١٩٩٩.
٣٢- گەمەیەك لە گەڵ ئامرازی (ی)دا، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٤٠)، هەولێر ١٩٩٩/٨/٢٠.
٣٣- دەنگی کپ و دەنگی نیمچە کپ لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (١٠)، هەولێر ١٩٩٩.
٣٤- گەشتێك لە گەڵ جێناوی کەسی سێیەمدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٣٦)، هەولێر ١٩٩٩.
٣٥- جێناوی لکاو بە بەراورد، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٣٩)، هەولێر ١٩٩٩.
٣٦- تایبەتمەندێتی لە ڕێزمانی بوون و هەبووندا، گۆڤاری (بیاڤ)، ژمارە (٢)، هەولێر ١٩٩٩.
٣٧- ئامرازی بار و سەربار " ی"، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٥)، هەولێر ١٩٩٩.
٣٨- لە ئەلبوومی نیمچەبزوێندا، گۆڤاری (پەیڤ) ، ژمارە (١٢)، دهۆك ١٩٩٩.
٣٩- جەبر و ڕێزمانی کوردی، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٤٨)، هەولێر ١٩٩٩/١٠/١٥
٤٠- واتاسازی لە پاشگری ( ەوە)دا، گۆڤاری ( رۆشنبیری کوردستانی)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٩.
٤١- لە پەراوێزی مۆرفیمی ئێستاییدا، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژمارە (٣)، هەولێر ١٩٩٩.
٤٢- گریی دەنگسازی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٣٩)، هەولێر ١٩٩٩



٤٣- ڕێزمانی ئامرازی گەیێنەر، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە ( ١٥٧ )، هەولێر ١٩٩٩.
٤٤- ئامرازی ئاماژە ئامرازیگەیێنەر، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٩٥)، دهۆك ١٩٩٩.
٤٥- ئامرازی ناساندن (ەکە)، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (١٦)، هەولێر ٢٠٠٠.
٤٦- پلەی پۆلە جێناوەکان، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٤٢)، هەولێر ٢٠٠٠.
٤٧- گەشتێك بە ناو واتای کاری سووتاندا، گۆڤاری ( رۆشنبیری کوردستانی)، ژمارە (٢)، هەولێر ٢٠٠٠.
٤٨- گەمەیەك لەناو ئامرازەکانی ناساندندا، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٧٣)، هەولێر ٢٠٠٠.
٤٩- روخسارەکانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) ، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (١٣)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٠- گەمەیەك لە گەڵ مۆرفیمی بۆشدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٤٤)، هەولێر ٢٠٠٠
٥١- بنجایەتی لە هێزی تیپەڕین دا، ڕێزمانی بنەڕەت، گۆڤاری (رامان) ژمارە ( ٤٧)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٢- گەمەیەك لەگەڵ ئامرازی ئاماژەدا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (١٧)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٣- دۆخەکانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (١٠١)، دهۆك٢٠٠٠.
٥٤- جێناوی سادە و جێناوی نادسادە، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٠)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٥- تایبەتمەندی لە جێناوی کەسی سێیەم دا، ڕۆژنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٩٠)، هەولێر ٢٠٠٠/٨/١٨.

٥٦- ڕێژەی نائاشکرا لە نیازداری و گومانداری دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٤٨)، هەولێر ٢٠٠٠.

٥٧- نموونەیەك لە چاكسازی لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (١٨)، هەولێر ٢٠٠٠.

٥٨- بەرەو ڕێزمانی بڕگە ، گۆڤاری ( ڕۆشتبیری كوردستانی)، ژمارە (٣)، هەولێر ٢٠٠٠.

٥٩- دەنگی (ت) لە ڕوخساری جێناودا بە بەڵگە، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٢)، هەولێر ٢٠٠٠.

٦٠- چەند نهێنییەك لە ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی(ـە)دا، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٥٢)، هەولێر ٢٠٠٠.

٦١- ڕێژەی بكەر نادیار و چەند سەرنجێك، گۆڤاری(رامان)، ژمارە(٥٥)، هەولێر ٢٠٠٠.

٦٢- ئامرازی پەیوەندی(بۆ) لە چەند سەرنجێك دا، ڕۆژنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٢١٦)، هەولێر ٢٠٠١.

٦٣- ڕامانێك لەئاستی ناوی واتایی لە زمانی نووسین دا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٧)،، هەولێر ٢٠٠١.

٦٤- سێ میكانیزم بۆ دەركەوتنی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (١٠٩)، دهۆك ٢٠٠١.

٦٥- گەمەیەك لەنێو بڕگەی دەنگسازی دا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (٢٠)، هەولێر ٢٠٠١.

٦٦- گەشتێك لە ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی دا، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٥٥)، هەولێر ٢٠٠١.

٦٧- ڕێزمانی كەرەستەی (هەر) بەلێكدراوی، گۆڤاری (یەكبوون)، ژمارە (١٧)، هەولێر ٢٠٠١.



٦٨- كەرەستەی (هەر) لە شرۆڤەكاری ڕێزمانی دا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٩)، هەولێر ٢٠٠١.

٦٩- ئامرازی پەیوەندی لە ئاوەڵگوزارەدا، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٥٧) ، هەولێر ٢٠٠١.

٧٠- ڕامانێك لە ئاستی خوێندنی ڕێزمان لە قوتابخانەكاندا، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٧)، هەولێر ٢٠٠١.

٧١- نابووت كردنی ئامرازی پەیوەندی لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا، گۆڤاری (ڕۆژنامەوانی)، ژمارە (٥)، هەولێر ٢٠٠١.

٧٢- ئامرازی پەیوەندی (لە)، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٦٠)، هەولێر ٢٠٠١.

٧٣- گەشتێك لە نێو ڕێزمانی ئاوەڵناودا گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٦٣-٦٤)، هەولێر ٢٠٠١.

٧٤- كەڵكی ئامرازی پەیوەندی (ـە) لە وانەی ڕێزماندا، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (١٠)، هەولێر ٢٠٠١.

٧٥- واتای گشتی، واتای تایبەتی، واتای خوازراو، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (١٨)، هەولێر ٢٠٠١.

٧٦- ئامرازی پەیوەندی (بۆ) لەشرۆڤەكاری ڕێزمانیدا، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٦٢)، هەولێر ٢٠٠٢.

٧٧- زمانی ڕۆژنامەگەری و هەڵسووڕاندنی هەواڵ، گۆڤاری (ررۆژنامەگەری)، ژمارە (٩)، هەولێر ٢٠٠٢.

٧٨- ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی (بە) ، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (١٢٦)، دهۆك ٢٠٠٢.

٧٩- كێشەی ڕێنووسی واوی درێژ، گۆڤاری ( رامان)، ژمارە (٧٩)، هەولێر ٢٠٠٣ .

٨٠- مۆرفیمی ئێستایی لە ژێر جێناودا، بە بەركاری لكاوڵگە، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٨١)، هەولێر ٢٠٠٣.

٨١- روخساری مۆرفیمی ئێستایی به بەڵگە، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٢١)، هەولێر ٢٠٠٤.

٨٢- ئامرازی بەستن (ی) له چەند گەمەیەکی شرۆڤەکاریدا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٨٦\٨٧)، هەولێر ٢٠٠٤.

٨٣- چەند ئەندازەیەك بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣٢)، هەولێر ٢٠٠٤.

٨٤- پانۆرامایەك بۆریزمانی ئامرازی پەیوەندی ، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژمارە (٢)، دهۆك ٢٠٠٤

٨٥- ئاوەڵناو وەك کوانوویەك بۆ ناوی واتایی، گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە (٣١)، دهۆك ٢٠٠٤

٨٦- بەڵگەسازی و ئەندازەکاری له ئاکارەکانی ئاوەڵناودا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٩٢)، هەولێر ٢٠٠٥

٨٧- کاری (کردن) بریتییه له دیوە تێپەڕەکەی (بوونی رووداودار)، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٩٣)، هەولێر ٢٠٠٥

٨٨- گەشتێك به نێو ریزمانی کاری (هەبوون)دا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٩٥)، هەولێر ٢٠٠٥.

٨٩- له ئاکارە رەنگینەکانی ریزمانی کوردی، گۆڤاری (مێرگ)، ژمارە (٣)، هەولێر ٢٠٠٥.

٩٠- بوونی بی رووداو بوونی رووداوداربه بەراورد، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژمارە (٣)، هەولێر ٢٠٠٥

٩١- حەشارگەی دەمکاتی ئاینده له ریزمانی بوون و هەبووندا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٩٧)، هەولێر ٢٠٠٥.



٩٢- ریزمانی کاری (کردن) بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٥٨)، هەولێر ٢٠٠٥.

٩٣- جۆرەکانی (بوون) له ژێر میکرۆسکۆپی لێکۆڵینەوەدا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (١٠٢)، هەولێر ٢٠٠٥.

٩٤- تایبەتمەندی له رەفتاری ئامرازی کۆ (ان)دا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٩٩)، هەولێر ٢٠٠٥.

٩٥- بزوێنی بزرۆکە (!) به بەرجەستەیی له رێنووسدا، گۆڤاری (هزرین)، ژمارە (٢)، هەولێر ٢٠٠٥.

٩٦- پەندی (رەگ به رەگێشە و گلێخە به بنە تۆو ) له تەرازووی زماندا، گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە (١٦)، هەولێر ٢٠٠٦.

٩٧- رێچکەکانی رستەسازی له کاری بوونی ئێستایی دا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٠٢)، هەولێر ٢٠٠٦.

٩٨- وشە رۆنان به بی ئامرازی ریزمانی ، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣١)، هەولێر ٢٠٠٦.

٩٩- گەمەیەکی هورد و ئاڵۆز له ریزمانی بوون و هەبووندا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (١٠٧)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٠- چەند سەرنجێك دەربارەی کاری بێهێز و کاری ناتەواو، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٦٤)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠١- گەشتێك به ناو ریزمانی ئامرازی (نەری)دا ، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣٢)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٢- گەشتێك به نێو ریزمانی چاوگی (ئاندن)دا ، گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە (٣٧)،دهۆك ٢٠٠٦.

١٠٣- واتادانەوەی کاری (شکان) له ئاخاوتنی کوردەواریدا، گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە (١٨)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٤- چەبد وێستگەیەك لە ڕێزمانی ئاوەڵناودا ، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (٢٠٥)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٥- گەشتێك بە نێو ڕێزمانیكاری (دان)دا ، گۆڤاری (ئەكادیمی)، ژمارە (٤)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٦- بوونی ئێستایی و مۆرفیمی ئێستایی بریتین لە كار بە بەڵگە و بە شرۆڤە، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٠٧)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٧- سێتی ڕێزمانی وەك كەرەستەیەك بۆ فێركردن لە وانەی ڕێزماندا ، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٦٧)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٨- پاشگری ناوی بكەر (ـەر) لە شرۆڤەكاریدا ، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (٢٠٨)، هەولێر ٢٠٠٦.

١٠٩- گرنگی وشەی (خۆ) لە ڕێزماندا، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٦٩)، هەولێر ٢٠٠٦.

١١٠- مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە سێتی ڕێزمانیدا ، گۆڤاری ( نووسەری نوی)، ژمارە (٣٢)، هەولێر ٢٠٠٦.

١١١- ئەرك و ریزی ئامرازی (ـە) لە ڕێزمانی كاردا ، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٧٢)، هەولێر ٢٠٠٦.

١١٢- ئامرازی (ـە) لە ڕێزمانی كاری (هاتن)دا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣٥)، هەولێر ٢٠٠٦.

١١٣- ئامرازی (ـە) لە ڕێزمانی كاری (كەوتن)دا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (٣٠)، هەولێر ٢٠٠٦.

١١٤- گرنگی (بەركار) لە ئاستی ڕێزمانی كار و ڕێزمانی چاوگدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١١٦)، هەولێر ٢٠٠٦.

١١٥- پۆلین كردنی تەرزسازییانەی زمانی كوردی، گۆڤاری (ئەكادیمی)، ژمارە (٥)، هەولێر ٢٠٠٧.



١١٦- ئامرازی (ـە) وەك ئامرازێكی پتەو لە ڕێزماندا ، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (٢١٣)، هەولێر ٢٠٠٧.

١١٧- ڕێزمانی پاشگری (ـەر) بە نموونە و بە شرۆڤە، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٧٥\٧٦)، هەولێر ٢٠٠٧.

١١٨- ئامرازی (بۆ) و ئامرازی (لەبۆ) بە شرۆڤە و بە بەراورد، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (٢١٦)، هەولێر ٢٠٠٧.

١١٩- دیوە تیۆرییەكانی ڕێزمانی بەركاری ڕاستەوخۆ ، گۆڤاری (ئەكادیمی)، ژمارە (٦)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٠- ماكەكانی شێوەزاری گەرمیان لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (نەوشەفەق)، ژمارە (٤٣)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢١- كێشە دەنگسازییەكانی ئامرازی (ـە) لە ڕێزمانی كاردا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣٧)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٢- ئامرازی نیشانە لە چەند ئاڵۆزییەكی ڕێزمانیدا ، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (٣١)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٣- پاشگری ناوی بكەر (ـەر) پاشگری ناوی بەركار (ڕاو) بە شرۆڤەو بە بەراورد، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (٢١٨)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٤- لە سیما جوانەكانی شێوەزاری گەرمیان، گۆڤاری (نەوشەفەق)، ژمارە (٤٦)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٥- كەرەستەی (هی) و كەرەستەی (هین) تە شرۆڤەكاری ڕێزمانیدا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣٨)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٦- كاری ( بریتی بوون لە.......) لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٢٥)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٧- كەرەستەی (تر) لە ڕوانگەی زمانی نووسینەوە، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (٢٢٠)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٨- چەند سەرنجێکی زاراوەسازییانە، گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە (٣٠)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٢٩- سۆراخێك بە دوای مۆرفیمی ئێستاییدا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٣٩)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٣٠- ئاخاوتنی ئزە-وزە لە شرۆڤەکاری زانستیدا ، گۆڤاری (ئاۆی فۆلکلۆر)، ژمارە (٣١)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٣١- هەبدێك تایبەتمەندی دەنگسازییانە لە نیشانەکانی رابردوو "د" و "ت"دا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٢٣)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٣٢- وشەی ریزمانی و وشەی لێکسیکی، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٧٨)، هەولێر ٢٠٠٧.

١٣٣- نیشانەکانی رابردوو و نیشانەکانی جۆری رابردوو، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٤٠)، هەولێر ٢٠٠٨

١٣٤- گولبژێرێك لە وشە تایبەتییەکانی شێوەزاری هەولێر، گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە (٣٣)، هەولێر ٢٠٠٨.

١٣٥- هەندێك لە لە جۆرەکانی تێپەڕ لە شرۆڤەکاریدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٢٦)، هەولێر ٢٠٠٨.

١٣٦- رێساکانی وشەرۆنان لە بنجی کارەوە، گۆڤاری (ئاینده)، ژمارە (٧٨)، سلێمانی ٢٠٠٨.

١٣٧- رێزمانی ناو و لارێزمانی ئاوەلناو لە تەرازووی بەراورددا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٤١)، هەولێر ٢٠٠٨.

١٣٨- ئامرازی پەیوەندی "بە" لە چەندین بەکارهێناندا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٢٩)، هەولێر ٢٠٠٨.

١٣٩- کاری ئاراستەدار و کاری ئامرازدار لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (نەوشەفەق)، ژمارە (٥٧)، هەولێر ٢٠٠٨.



١٤٠- ئەلبوومێك بۆ نیشانەی کۆ "ان" لە ئاخاوتنی کوردیدا، گۆڤاری (پەروەردە و فێرکردن)، ژمارە (١)، هەولێر ٢٠٠٨.

١٤١- کارەکانی دەنگی سروشتی لە ئاخاوتنی کوردیدا، گۆڤاری (نووسەری نوی)، ژمارە (٤٢)، هەولێر ٢٠٠٨.

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر لە بواری زمانەوانیدا

١- کتێبی یەکەم (رستە سازی و شیتەڵکاری زانستی) هەولێر ١٩٩٦.

٢-کتێبی دووەم (میکانیزمە بنەڕەتییەکانی رستەسازی) هەولێر ١٩٩٧.

٣- کتێبی سییەم (دینامیزمی جێناوی لکاو لە رستەسازیدا). هەولێر ١٩٩٧.

٤- کتێبی چوارەم (نەخشەی رۆنانی رێژەی کار). دەزگای ئاراس، هەولێر ١٩٩٩.

٥- کتێبی پێنجەم ( لە مۆرکە رەسەتەکانی رێزمانی کوردی )، هەولێر ٢٠٠٠.

٦- کتێبی شەشەم ( بەرەو رێزمانیکوردی : بەرەو زمانی نووسین ) ، هەولێر ٢٠٠٠.

٧- کتێبی حەوتەم (شرۆڤەکاری رێزمانی لە زمانی نووسین دا)، هەولێر ٢٠٠٠.

٨- کتێبی هەشتەم ( رێزمانی پاشگری دووپاتی ەوە )، هەولێر ٢٠٠١.

٩- کتێبی نۆیەم ( رێزمانی کەسی سێیەمی تاك)، هەولێر ٢٠٠٤.

١٠- کتێبی دەیەم (دەنگسازی و برگەسازی)، هەولێر ٢٠٠٥.

١١- کتێبی یازدەیەم (مۆرفیمی ئێستایی ـە )، هەولێر ٢٠٠٦.

١٢- کتێبی دوازدەیەم ( زمانی نووسنی رێزماندار )، هەولێر ٢٠٠٨.